ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٥٥ ■ سێشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٨ _ ٦ی ئاگوستی ٢٠١٩
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا

| | | |
|---|---|---|
| قانوونی ئەساسیی ئێران و پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ | ب. ئارا | ل ٢ |
| کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتی | ڕەحمان سەلیمی | ل ٣ |
| پەلەقاژەی مانەوە لە متمانەی «نەبوو»دا | عەلی بداغی | ل ٤ |
| ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو! | عەلی لەیلاخ | ل ٧ |
| دێموکراسی و فێدرالیزم | کوردستان باوەجانی | ل ٨ |
| پشکی شێری ڕێژیم لە تیرۆریزمی دەوڵەتیدا | یادگار مەحموودی | ل ٩ |

# ئەم گەلاوێژەی حەفتاوچوار ساڵە چرای ڕێمانە




حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەم مانگەدا ٧٤ ساڵەی یادی دامەزرانی دەکاتە جێژن.

مێژووی ٧٤ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پڕە لە هەوراز و نشێوی سیاسی و تەشکیلاتی و، سەرکەوتن و شکان. بەڵام وەک لە فەرهەنگی سیاسیی ئەم حیزبەدا بووەتە نەریت، ئەم حیزبە قەت بە سەرکەوتنەکان لەخۆبایی نەبووە و هیچ کاتێکیش بە شکانەکان لە مەیدان نەچۆتە دەرێ. شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرن: لە دامەزرانی «کۆماری کوردستان» بە «ئاڵای کوردستان»، «سروودی نەتەوەیی»، «پێشمەرگە» و هەموو ئەو بەها و بایەخە نیشتمانی و نەتەوەییانەی ئێستا بە هێمای کورد و کوردایەتی دادەنرێن؛ هەتا ٣٣ ساڵ خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی و ٤١ ساڵ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەم حیزبە لەپێناو شەکاندنەوەی ئاڵای ڕزگاریی کورد و خەبات لە دژی بندەستی و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قوربانیی زۆری داوە، زیاتر لە ٥ هەزار شەهیدی سەنگەری هەیە، زیاتر لە ٤٠٠ کادر و پێشمەرگەی بە دەستی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە و تەنانەت بە مووشەکی بالستیک لێی دراوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای پاشخانێکی دەوڵەمەند لە خەبات و قوربانیدان لە ئێستادا پتر لە هەموو کاتێک بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە ئاسۆی خەباتی گەلی کورد و ئامادەتر لە هەموو کاتێک لە سەنگەری خەبات و مافخوازیدا بەرەنگاری دوژمنانی نەتەوە بندەستەکەی بۆتەوە.

پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**«کوردستان»**

## نامەی ١٠٠ چالاکی مەدەنی و سیاسیی ئێران بۆ جاوید ڕەحمان



١٠٠ چالاکی مەدەنی و سیاسیی ئێران نامەیەکیان بۆ جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتەری شووڕای مافی مرۆڤ بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوە.لە نامەی ئەم ١٠٠ چالاکە سیاسی و مەدەنییەدا وێڕای ناڕەزایەتیی توند لە بەردەوامیی پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بەهۆی دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمەوە، داوا لە جاوید ڕەحمان کراوە هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بە گرتنی دایکان، بنەماڵە و خزم و کەسوکاری زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا.

واژۆکەرانی ئەم نامەیە بە ئاماژە بە ماددەی٩ و هەروەها بەندی ٢ی ماددەی ١١ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و تەواوی ئەو ڕێکار و قانوونە جیهانی و نێونەتەوەییانەی تەنانەت لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیشدا ئاماژەی دراوەتێ، پێداگرییان لەسەر ئەوەی کردوە کە تاوانی هەرکەسێک پێوەندیی بەخۆیەوە هەیە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژانە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری چالاکانی سیاسی و مەدەنیی زیندانی دەگیرێن و دەکەونە بەر ئەشکەنجە و سووکایەتی و بێڕێزی پێکردنی ناوەندە ئەمنیەتییەکان.

## ئەمریکا تورکیەی سەبارەت بە هێرش بۆ ڕۆژاوای کوردستان وریا کردەوە



وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە باس و تەنگژەی نێوان تورکیە و ڕۆژاوای کوردستان دەوڵەتی تورکیەی سەبارەت بە هێرش کردنە سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل وریا کردەوە. مارک ئیسپێر، وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی گەلاوێژ دوای گەیشتنی بە وڵاتی ژاپۆن لە پرێس‌کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی قەبووڵ ناکا ئەرتەشی تورکیە ئۆپەراسیۆنی یەکلایەنەی لەدژی کوردەکان هەبێ. وەزیری بەرگریی ئەمریکا هاوکات ڕایگەیاند دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵ دەدا بە وتوویژ لەگەڵ تورکیە هەم نیگەرانییەکانی ئەم وڵاتە بڕەوێنێتەوە و هەم پێش بە ڕووداوی شەڕێکی دی لە نێوان سوپای تورکیە و «یەپەگە»دا بگرێ.

نیکۆلاس هێراس، کارناسی ناوەندی ئەمنیەتیی نوێ ئەمریکا دەڵێ وڵاتەکەی لە ئێستادا خەریکی تاوتوێی بەرنامەی چاودێری بەسەر ناوچەیەکی پارێزراو لە نێوان تورکیە و ڕۆژاوای کوردستان دایە کە بڕیارە بەم زووانە ڕابگەیەندرێ. ئەو دەڵێ دروستبوونی ئەم ناوچەیە تاکەڕێگای پێشگرتن بە پەلاماری سوپای تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستانە.

◆ سەروتار

## بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرهەڵستەکانی

کەماڵ کەریمی

لە سەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام و بە شێوازی جۆراوجۆر، بە یەکڕیزیی خەباتکارانی کورد ڕێگەی دژوار و درێژی تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە ڕزگاری لە چنگ ستەمی نەتەوەیی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیەتی بڕیوە. لەو ماوەدا ئەگەر خەڵکی کوردستان بە هەموو ویست و ئارەزوویانەوە پشتیوانیی بێدرێغیان لە بزووتنەوەکەیان و خەباتگێڕانی ڕێی ئازادی نەتەوەییان کردوە، دوژمنیش هەوڵی داوە بە هەموو شێوازێک و لە هەموو کەس و کەرەسەیەک بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێو ڕیزی ئەم بزووتنەوە ڕەوایەدا کەڵک وەربگرێ.

ئەگەر لە دەیەکانی پێشووی سەردەمی دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا و بە هۆی زاڵبوونی سیستمی عەشیرەتی و دواکەوتوویی فکری، کولتووری و سیاسی کە نەخوێندەواری و نەبوونی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەورووبەر هۆکاری سەرەکیی بوون، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ بەگژیەکدا کردنی کورد و بەستنی ڕێگەی بەربڵاوکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئاستی هەموو کوردستاندا، لەم سەردەمەدا بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن و وشیاریی سیاسی خەڵک بە هۆی خوێندەواری و کەلکوەرگرتن لە ئامرازەکانی پێوەندی، بزووتنەوە گەیشتۆتە ئاستێک کە زیاتر لە هەر کاتێک بە دڵنیابوون لە سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکەی ڕێگە دەبڕێ. ئێستا ئیتر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس نەماوە بەڵکوو لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کورد بە کرمانج و سۆران و لەک و کەلهوڕەوە و بە هەموو پێکهاتە ئایینییەکانەوە، بە مەبەستی وەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوەکەیان و بە ڕێکاری جۆراوجۆرەوە لە مەیدانی خەبات دان.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، کاربەدەستانی ڕێژیم...

ل٢

دریژەی سەروتار

## بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرهەڵستەکانی

...بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی کورد جگە لە هێرشی ماڵوێرانکەرانەیان بۆ سەر شار و گوندەکانی کوردستان، بە چەکدارکردنی کۆمەڵێک هەڵخەڵەتاوی خۆیی و فتوای جیهاد و هاندانی بیری ئایینی دژی کورد، زۆر جار بە خۆدەرخستنی بە درۆ و دڵسۆزی بۆ خەڵکی کوردستان هەوڵی داوە لەم ڕێگەشەوە کەلێنێکی دیکە بخاتە نێو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە تەواوی ساڵانی تەمەنیدا ڕێژیم کۆسپی خستووەتە بەردەم پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەکانی چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کورد، بەڵام ئازایەتی و بوێری ئەم تێکۆشەرانە چۆکیان پێدا دان و لە زۆر شوێن و بە بۆنەی جیاجیا کۆڕ و سمیناری کوردانە بەڕێوە چوون. کارێک کە هەموو لایەک دەزانن کە لەبەر دڵنەرمی و ڕێگەکردنەوە بۆ ئەم جۆرە خەباتە نەبووە، بەڵکوو بەردەوامیی تێکۆشەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەیان بە ئەنجامی گەیاندوە و لەو ڕێگەشدا هەزینەیەکی زۆریان بۆ داوە و بە دڵەوە زیندان و ئەشکەنجەیان بۆ قبووڵ کردوە و بەمجۆرەش لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە خەباتی شوناسخوازانەی کورد نەخشاندوە.

سەرەڕای هەموو ئەم بەربەستانە کە ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازانەی کورد لەسەر ڕێی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایناوبوو، چەند ساڵێکە ئەوجار بۆ خۆیان کەوتوونەتە خۆ و بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیری خەڵک دەستیان کردوە بە پێکهێنانی کۆڕ و سمینار لە ژێر عێنوانی جۆراوجۆردا، هەرچەند ڕۆڵە چاوکراوەکانی کورد نەتەنیا نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم نمایشانە و هەوڵیان داوە بە تێخزاندنی کولتوور و ئەدەبی کوردی پێش بە خراپ کەلوەرگرتنی ڕێژیم بگرن. دوایین هەوڵی ڕێژیم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نگریسەکەی کە دژایەتییە لەگەڵ بیر و شوناسی نەتەوەخوازی لە کوردستان، وەڕێخستنی سمینارێک بوو لە مەهاباد.

ئەم کۆبوونەوەیە کە لەژێر ناوی «هەمایش دگرپذیری و رواداری» بەڕێوەچوو هەوڵێکی دیکەی دەزگاکانی ڕێژیمە بۆ خستنە ژێر پرسیاری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد و کەمڕەنگ کردنەوەی داخوازەکانی خەڵکی مافخوازی کوردستان. جگە لەوە شێوازی بەڕێوەچوون، ڕیزکردنی دانیشتووانی سەر کورسییەکان، وتاربێژ و نێوەرۆکی باسەکان، بە ئاشکرا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەم هەمایشە نە بۆ دیتنەوەی ڕێگە چارەکان بەڵکوو بۆ زەقکردنەوەی گرووپێکی فیکری تایبەت و ئەنجامەکەشی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەدواوەیەتی، شەقکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە ڕێگەیەکی نوێوە.

لە چل ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵی داوە بە پڕۆپاگەندەی ئایینی دژی موسوڵمانانی سوننی کوردستان و هاندانی بیری شیعە لە دژیان زوڵمێکی دووقات لەوان بکەن. بەڵام ئەمە تانیا بە هۆی سوننەبوونیانەوە نەبووە بەڵکوو کوردبوونی ئەوان و ملنەدانیان بە دەسەڵات هۆکاری ئەم زوڵمە بووە. سەیر نییە کە ئێستا ئەویش بەهۆی کۆمەڵێکی تایبەت لەمانە بیر لە چارەسەر دەکاتەوە؟ ئەوەی جێگەی داخە کۆمەڵێک خوێندەواری کورد بەبێ بیرکردنەوە لە کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتانەی دەستیان دەکەوێ بۆ باس لەسەر داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەیان و بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەگەر کۆبوونەوەی دیگەرپەزیرییە بۆ غەیری خۆیان کەسی لێ نییە، یا ئەگەر ڕەوادارییە بۆ بیری جیاواز بۆ کەسی دیکە بە ڕەوا نابینن، قبووڵیان کردوە کە بەشداری ئەم شانۆگەرییە بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی هەمیشەییەوە پشتگیری هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی جیاوازی فیکری و ئایینی دەکا و ئەمەی نەتەنیا بە کۆسپ نەزانیوە بۆ دۆخی ئێستای خەباتی نەتەوەیی، بەڵکوو جیاوازیی باوەڕی بە مەرجی ئەوەی لە پێناو خزمەت بە ئەسڵی مەسەلەکە کە چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کوردە، بە دەوڵەمەندیی پاشخانی خەبات زانیوە. ئەوە ڕاستییەکە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەیەکی خاوەن ئیدە و ئایینی جیاوازە و لە خەباتی نەتەوەییدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوردی شیعە و سوننە و ئایینەکانی دیکەدا نییە. ئێستا هەر ئەوەندەی مەهاباد ناوەندی مێژوویی بیری شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد ماوەتەوە کە ڕێژیم بەم پیلانانە دەیەوێ ئەم بەرگەی لەسەر داماڵێ، کرماشان و ئیلامیش بوونەتە ناوەندی بیری ڕۆشنبیریی کورد لە پێناو خەباتی نەتەوەکەیان و هیچ لایەک نە وازیان لە ئایینی تایبەتی خۆیان هێناوە و نە ئایینەکەشیان بووەتە هۆکاری دابڕانیان لە تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان.

پوختەی مەبەست ئەوە کە هەموو لایەک بە تایبەت ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینی کە زۆریان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە پێناو سەربەستی نەتەوەکەیان گیانیان بەخت کردوە یا فشار و زوڵمی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی ئێرانیان تەحەمول کردوە دەبێ بە چاوکراوەیی بڕواننە ڕێکخستنی ئەم نمایشانەی ڕێژیم و نەبنە هۆکاری گەرمکردنی سیاسەتە شکستخواردووەکانی ڕێژیمێک کە لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکی بە بوون و باوەڕیان نییە.

# ناهاوسەنگیی قانوونی ئەساسیی ئێران لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ

ب. ئارا



کۆماری ئیسلامی بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانی گرتە دەست و لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاویدا چل ساڵەی تەمەنی خۆی پڕ کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە چل ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەو نیزامە نە لە بواری سیاسی، نە لە بواری ئابووری و نە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە لە نێوخۆی وڵاتدا سەقامگیر ببێ. لەگەڵ ناسەقامگیریی نێوخۆیی، ئەو نیزامە هەتا ئێستاش نەیویستووە خۆی لەگەڵ یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەی جیهانی ڕێک بخا و ئەو نەتوانین و نەویستنە چ لە بواری نێوخۆیی و چ لە بواری دەرەکییەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئایدۆلۆژیای ئەو نیزامە کە ڕاستەوخۆ لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە. هۆکاری بنەڕەتیش ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پتر لەسەر بنەمای سکۆلاریزم دادەڕێژرێن و بیچم دەگرن، بەڵام پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئیسلامی ئەویش لە جوری بناژۆخوازی و توندئاژۆی و تەنانەت هێژمونیی ئایینزایی داڕێژراوە و ئەوە بنەمای گرفتەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ جیهانی مودێرندا.

کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا، لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە کۆمەڵێک کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتنی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤی بە ئیمزاکراوی لە دوای خۆی بەجێ هێشت. لەدوای هەر شۆڕش و ئینقلابێک و ڕووخانی دەوڵەت و هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی نوێ، بەپێی ئەسلی دەوامی دەوڵەتەکان و لە ڕوانگەی نێونەتەوییەوە دەوڵەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو هەڵگری کەسایەتیی قانوونیی دەوڵەتی پێشوویە. بەو مانایە ئەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامانەی لە لایەن دەوڵەتی پێشوو ئیمزا کراون، دەوڵەتی نوێ لە بەرامبەریاندا بەرپرسایەتیی نێودەوڵەتی هەیە. ئەو ئەسڵە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیش لە جێی خۆی دایە و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لە سەریەتی بەرپرسایەتیی ئەو پەیماننامە و ڕێکەوتننامە هەڵگرێ و پابەند بێت پێیان. ئەوەی گرینگ و جێی سەرنجە ئەمەیە کە ڕێژیمی پاشایەتی کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ بەتایبەتی مەنشوری نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووری_کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بەبێ دانانی مەرج ئیمزا کردوە و خۆی پابەند کردوە بە جێبەجێ کردنیان. ئەو پابەندییەش بەرپرسایەتی دەخستە ئەستۆی ڕێژیمی پێشووی ئێران کە قانوونەکانی نێوخۆی لەسەر بنەمای نێوەرۆکی ئەم کۆنڤانسیۆن و پەیماننامانە دابڕێژی و ڕێکیان بخا و سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاپۆرت بداتەوە بە کۆمیتەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ. بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوە کە ئەو نیزامە تازەیە ڕوانگە و خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو لە مافی مرۆڤ و نەزمی جیهانی کە لە دوای شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی بە پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڵاوبوونەوەی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا هاتبوو ئاراوە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو نیزامە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هاوسەنگ بکا. ڕوانگە جیاوازەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێناسەی مافی مرۆڤ تەواو پێچەوانەی پێوەرە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤە. لە ئەسلی چواری قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە کە هەموو قانوونەکانی بەرکار دەبێ هاوسەنگ و هاوتەریب بن لەگەڵ ڕێوشوێنی ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمی و ئەسڵەکانی قانوونی بنەڕەتی. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە مافی مرۆڤ دەبێ پاڵپشت بە بەڵگە و بایەخ و ئەندێشە ئیسلامییەکان پێناسە و خوێندنەوەی بۆ بکرێ، لە حاڵێکدا بنەماکانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای سکۆلاریزم داڕێژراوە و ئەوە خۆی یەکێک لە خاڵە جێ ناکۆکییەکانی کۆماری ئیسلامی و پێوەر و پرەنسیپە جیهانییەکانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

لە سەردەمی ئێستادا پرسی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافە یەکێک لە پێوەرەکانی دادپەروەریی دەوڵەتەکانە. بە واتایەکی دیکە داننان بە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتەکانە و ئەگەر هەر دەوڵەتێک بە پێچەوانەی ئەوە بجوڵێتەوە تاوانی دەرحەق بە خەڵکی ئەو وڵاتە کردوە. داننان بە مافی مرۆڤ وەک مافێکی سروشتی پێویستە لە قانوونی ئەساسی و عادیی وڵاتدا ڕەنگ بداتەوە و ڕێکاری پاراستنی ئەو مافە لە نێوەرۆکی قانوونەکاندا بەڕوونی دەستنیشان کرابێ. وە ئەگەر هەر سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتدار لە سەردەمی ئێستادا ڕێز بۆ مافی مرۆڤ دانەنێ، لە ڕاستیدا وەک پینەیەکی نارێک وایە بە بەژنی کۆمەڵگەی جیهانییەوە.

لە ڕیزبەندیی قانوونەکاندا هەر وڵاتێک کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لقەکانی بێ و بەشدار بێ لە کۆنڤانسیۆن و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرێ و بەدوای ئەودا قانوونی ئەساسی وڵات و جا دوایە قانوونە عادییەکان دێن. بەو جۆرە دەبینین کە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵات و دەوڵەتانە نابێ دژایەتیی هەبێ لەگەڵ نێوەرۆکی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و قانوونەکانی نێوخۆی وڵاتیش نابی دژایەتییان هەبێ لەگەڵ نێورۆکی قانوونی ئەساسی. کەچی دەبینین کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی دەسەڵاتدار لە ئێران نەیتوانییوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خۆی لەگەڵ ئەو بنەمایە ڕێک بخا، هەر بۆیە بەدایمە چ لە نێوخۆی وڵات لە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلانی ئێران و چ لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا تووشی کێشەوگرفت و ناکۆکی بووە، چونکە ڕێوشوێنی نیزامی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ جیاوازی و پێکدژیی جەوهەرییان هەیە لەگەڵ قانوونە بەرکارەکانی ئێران.

لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دابینکردن و بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ تەنیا و تەنیا پێویستە پشت بە بنەما و ئەحکامی ئیسلامیی سەرچاوەگرتوو لە مەزهەبی دوازدە ئیمامی ئەویش باوڕمەند بە ولایەتی ڕەهای ڕێبەر کە لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا بەروونی ڕەنگی داوەتەوە، ببەستری. لە ماوەی ئەو چل ساڵەش لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم ڕێژیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیدا بە ئاشکرا دەژایەتیی لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ کردوە و ئێستاش لەو دژایەتییە ، ئەوان دەڵێن مافی مرۆڤ بەرهەمی ئەندیشەکانی ڕۆژئاوا و هەڵقوڵاو لە هەواوهەوەسی کەسانی هەڵگەڕاوە لە خوا و ئایینە ئاسمانیەکانە، هەر بۆیە ئەو نیزامە خۆی لە بەرامبەر کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بە بەرپرسیار نەزانیوە. بۆ نموونە باڵوێزی پێشووی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لە کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا سەبارەت بەو بابەتە ئاوا دەدوێ: «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان ناوەندێکی غیرە دینیی سێکۆلارە و جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤیش کەرەسەیەکی سێکۆلارە ... تایبەتمەندیی کۆنڤانسیۆنەکانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ئەوەیە کە تێگەیشتنی دروستیان لە دین نییە و بەو پێیە کۆمەڵگە سێکۆلارەکان مافی ئەوەیان نییە باس لە کاروباری دینی بکەن.... « نموونەیەکی دیکە هەر سەبارەت بەو بابەتە قسەکانی سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە کونفرانسی مافی مرۆڤە کە ساڵی ١٩٩٣ لە ڤییەن بەڕێوە چوو. ئەو دەڵێ: «ئێران ویستیاری باسێکی توندوتۆڵ و وردە لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ. چونکە گرفتی سەرەکیی ڕۆژئاواییەکان ئەمەیە کە تێگەیشتنی هەڵەیان لە مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ هەیە و هەر بەو هۆکارەیە کە ڕۆژئاواییەکان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئۆلگوویەکی جێگای پەسندی کۆمەڵگەی جیهانی بخاتە ڕوو...»

ئەم دوو نموونەی سەرەوە ئاوێنەی باڵانوێنی ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامین سەبارەت بە تێگەیشتن لە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو مافانە. لەو هەلومەرجەی ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی سیاسەت و خوێندنەوەکانی دیکەشی ئەم ڕۆژڕەشییەی تووشی خەڵکی وڵات کردوە، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگاریی خۆشیان بێ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانەی بچنەوە سەر میزی دانوستان و جامە ژارێکی دیکە بخۆنەوە و لە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە بن، ئەسڵی ماجەرا هەر لە جێی خۆیەتی. چونکی هەمدیسان بێ ڕەچاوکردنی نێوەرۆکی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ڕەنگدانەوەی لە قانوونی ئەساسی و عادیی ئێراند ، کۆماری ئیسلامی هەم لە نێوخۆ و هەم لەگەڵ سازوکارەکانی دنیای دەرەوەدا کێشەکانی هەر لە جێی خۆیدا دەبێ و ناتوانی سەقامگیری سیاسیی بە خۆیەوە ببینێ

## تەنگانە هاتنی ئێران و بەردەوامیی ئەمریکا لە گوشارەکانی



کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکەش داوای لە ئەمریکا کردوە بە هەڵگرتنی گەمارۆکانی بوار بۆ وتوویژ و دانوستانی دوولایەنە خۆش بکا.

حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وزیری دەرەوە و کاربەدەستانی ئەم وەزارەتخانەیەدا تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ ئەمریکا کە بە تێرۆریزمی ئابووری گوشاری زۆری خستووەتە سەر ئێران و دەبێ «تۆبە» بکا، ئینجا ڕێگە بۆ وتوویژ خۆش بکرێ. تۆبەکردنی ئەمریکا لە ڕوانگەی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە واتە دەست هەڵگرتن لە گەمارۆکان کە ئەمریکا هەتا ئێستا هەر دێ و بە بارستاییەکەی زیاتر دەکا.

سەرۆککۆماری ئێران سێ حەوتوو پێش ئێستاش لە کۆبوونەوەی شوڕای ئیداریی پارێزگای خوراساندا گوتبووی ئێمە هەمیشە بۆ وتوویژ ئامادەین، هەروەها مانگێک پێش ئێستا محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیم لە نیویورگ گوتبووی ئەگەر گەمارۆکان نەمێنن دەرگای وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا بەتەواوی ئاوەڵایە؛ بەڵام خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لەو بارەوە ڕایگەیاندوە کە بەرپرسانی ئێران بە «زرینگبازی»یە سیاسییەکانی ترامپ هەڵ ناخەڵەتێن.

# کۆماری ئیسلامی و تێرۆریزمی دەوڵەتی



ڕەحمان سەلیمی




گەشەی دیاردەی تیرۆریزم لە ئاستی بان دەوڵەتی لە چەند دەیەی دواییدا بۆتە هەڕەشەیەکی نێودەوڵەتی و حەوزەی جۆراوجۆر و لایەنی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی بەخۆوە خەریک کردوە. یەکێک لەو بوارانە بریتیە لە یاسای نێودەوڵەتی.

زۆرێک لە بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی گومانیان لەوە هەیە بتوانرێ لەو حەوزەیەدا بەستێنەکانی هەنگاوی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە فەراهەم بکرێ، هەر ئەوەش وای کردوە بەرەوپێشچوون لەو ڕێچکەیەدا زۆر هێواش و خاو بێ. هۆکارە سەرەکییەکەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا ناچار بە بەکارهێنانی هێز دەبین و ئەوە لە کاتێک دایە لە نەزمی نوێی جیهانی و لە چوارچێوەی پێکهاتنە نێودەوڵەتیەکاندا، بەکارهێنانی هێز و تەنانەت هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز قەدەغە کراوە، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا (مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ماددەی ٢).

یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ تێگەیشتنی هاوبەشی وڵاتان لە دیاردەی تیرۆریزم، کۆنڤانسیۆنی بەرگرتن و سزادانی تێرۆریزمە کە بە کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ناسراوە و ساڵی ١٩٣٧ دەرچووە. لەوساوە تا ئێستا جیاوازیی گەورە لەسەر تێگەیشتنی وڵاتان لە تێرۆریزم لە لایەکەوە و شێوازەکانی ئەنجامدانی تیرۆر لە لایەکی دیکەوە ڕووی داوە، بەشێوەیەک کە ئەمڕۆکە کەمتر تیرۆریزم لە ئاستی نێوخۆی وڵاتاندا قەتیس ماوەتەوە و فۆڕم و شێوازی تەواو نێودەوڵەتی وەرگرتوە.

ئاڵۆزی چەمکی تیرۆریزم و بەرژەوەندیی وڵاتان وای کردوە تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر و کۆکەرەوە لە سەر تیرۆریزم بوونی نەبێ و لە هەمان کاتدا سازوکاری گشتپەسەند بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانەمەزرابێ. لەوانەیە هۆکاری سەرەکیی ئەو کەمایەسیە گرێ خواردنی چەمکی تیرۆریزم بێ لەگەڵ پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و سەرەوەریی وڵاتان، کە هەر وڵاتە و بە ڕەبەی خۆی دەیپێوێ.

سەرەڕای نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ تیرۆر، بە هەڵدانەوەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە هەندێکیان ناوچەیی و هەندێکیان گشتگیرترن دەتوانین ئەو کردارانە وەک کرداری تیرۆریستی پۆلێن بکەین:

کرداری نایاسایی دژی ئاسایشی فڕۆکەی مەدەنی؛ تاوان دژی ئەو کەسانەی کە پارێزراویی نێودەوڵەتیان هەیە، وەک دیپلۆمات و نێردە سیاسیەکان؛ دزی یان هەر چەشنە دەستبەسەرداگرتنێکی نایاسایی ماددە ئەتۆمییەکان، کرداری نایاسایی دژی دامەزراوە نەوتییەکان، بەبارمتە گرتن، دابین کردنی دارایی تیرۆریستان و ...

بە سەرنجدان بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان دەتوانین پێوەرەکانی تیرۆر دەستنیشان بکەین و کردارە تیرۆێستیەکان و ئەو لایەنانەی ئەنجامی دەدەن بناسێنین. کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین هەر کردارێکی توندوتیژ کە لە لایەن تاک، گرووپ، ڕێکخراو یان دەوڵەتێک ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی دروست کردنی ترس و دڵەڕاوکێ و، بە مەبەستی سیاسی ئەنجام دەدرێ بە تیرۆر دادەنرێ.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێ وڵاتێک بە تیرۆریست لە قەڵەم بدرێ و بگوترێ فلان ڕێژیمی سیاسی، ڕێژیمێکی تێرۆریستە و بەو پێیە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە تاوانبار بناسرێ و بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە؟

بە هەڵدانەوەی دەقی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بەو دەرەنجامە دەگەین کە چەمکێک بە ناوی دەوڵەتی تیرۆریست پێناسە نەکراوە و تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک بەهۆی ئەنجامدانی کرداری تیرۆریستی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە یان تاوانبار نەکراوە. ئەوەی سەبارەت بە دەوڵەتان لەو بارەوە دانی پێدا نراوە، پشتیوانی لە تیرۆرە. واتە ئەگەر دەوڵەتێک بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی یان داڵدەدان یان پڕ چەک کردن یان پشتیوانی مەعنەوی تیرۆریستان تاوانبار بکرێ ئەوا بەو دەوڵەتە دەگوترێ پشتیوانی تێرۆر.

دوابەدوای هێرشە تیرۆریستییەکەی نیۆیۆرک لە ساڵی ٢٠٠١دا، ڕێچکەیەکی نوێ لە خوێندنەوەی چەمکی تیرۆریزم سەری هەڵداوە کە بازنەی کردارە تێرۆریستیەکان و ئەنجامدەرانی فراوانتر دەکاتەوە. بە پێی ئەو ڕێچکە حقووقی و سیاسیە کە تا گەیشتن بە کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتی و پەسندکردنی بەڵگەنامەیەکی یاسایی مەودایەکی زۆری هەیە، بەکارهێنانی هێز دژی پشتیوانانی تیرۆر بەشێک لە ڕەواییەتی وەرگرتوە و ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەتێکی پشتیوانی تیرۆر وەک هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دیکە دانی پێدا نراوە. هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لەو چوارچێوەیەدا جێگای دەبێتەوە (سەرەڕای ئەوەی بوونی چەکی کۆکوژ لە لایەن سەددامەوە بە هۆکاری هێرشەکە دانرا).

بە تێرۆریست ناساندنی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک بەشێک لە سوپای قانوونی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەمریکاوە هەنگاوێکی ترە بەو ئاراستەیەدا کە پارێزراویی دەوڵەتان وەک دەوڵەتی تیرۆریست کەمڕەنگ ببێتەوە. هەرچەند لێرەدا تەنیا دەوڵەتی ئەمریکا ئەو هەنگاوەی ناوە، بەڵام بە سەرنجدان بە هەژموونیی ئەمریکا بەسەر دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەریی لە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، گرینگیی ئەو ئاراستە نوێیەمان بۆ دەردەکەوێ.

تەوژمی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەشەی توندڕەوی ئایینی و تایفی لە ناوچەداو، دۆزینەوەی شوێنپێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئەو ناسەقامگیرییانەدا وای کردوە ئەوڕۆکە نەتەنیا ئەمریکا و ئیسرائیل و نەیارە عەرەبەکانی ئێران، بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواو تەنانەت ڕۆژهەڵاتیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە پێویستە بەر بە سەرکێشیەکانی ئێران لە گەشەدان بە بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی دوورهاوێژ و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان بگیردرێ.

کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێوەرەکانی دەوڵەتێکی نابەرپرسیار لە ئاست خەڵکی ئێران لە لایەک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە لایەکی تر نزیکتر دەبێتەوە. سەرکوتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نێو ئێران و هاندانی میلیشیا توندڕەوەکانی شیعە و سوننی بۆ کوشتاری خەڵکی بێتاوانی سووریە و عێراق و لوبنان و فەلستین و... هەروەها هەوڵدان بۆ ناسەقامگیری لە گەرووی هەرموزدا وەک گەورەترین ڕێڕەوی وزەی جیهانی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو چەشنێک لە یەکهەڵوێستی دژی کۆماری ئیسلامی پاڵ پێوە دەنێ کە بەردەوامیی ئەو ڕێژیمە کاریگەریی لە سەر کۆی نەزمی جیهانی و بەرژەوەندییەکانی دەکا. ئەگەر بێتو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر سەرپێچیەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بێدەنگ بێ، ئەوا کۆی ڕەواییەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی دابینکاری نەزمی جیهانی دەچێتە ژێر پرسیارو دەرفەتی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی لەو چەشنە لە گۆشە و کەناری جیهان دەڕەخسێ و دەبێتە مەترسیی گەورە لە سەر ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی. لێرەدایە کەمایەسیی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەست بەستراوی لە ئاست بەکارهێنانی هێز دژی ڕێژیمە ناپەرپرس و کێشەخوڵقێنەکان زیاتر دەردەکەوێ. فرەیی جەمسەرەکانی دەسەڵات و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکانیان، لە هۆکارە سەرەکییەکانی چاونووقاندنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەنجومەنی ئاسایشە لە ڕەفتارە نابەرپرسانە و ئاژاوەگێڕانەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنیا بە دووبارە داڕشتنەوە و پێناسە کردنەوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانە کە دەتوانرێ نەزمی جیهانی لە ڕێژیمە سیاسییەکانی وەک ئێران بپارێزرێ.

## خالید عەزیزی: کورد، فاکتۆری سەرەکییە لە ئێران، لە مان و نەمانی کۆماری ئیسلامیشدا



لە درێژەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانی کاک خالید عەزیزی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ تینک تانک و ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکان، لەسەر داوای Washington Kurdish Institute سمینارێک بۆ بەڕێزیان بە مەبەستی تاوتوێی دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە واشنگتن بەڕێوەچوو.

ئەم سمینارە هاوکات بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو، و ڕۆژی ٢٢ی جولای بە بەشداریی کۆمەڵێک شرۆڤەکاری سیاسی، ژورنالیسیت و ئاکادیمیکی ئەمریکی و وەفدێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. لە سەرەتای کاری سمینارەکەدا ئالان باڵنوور لە وتارێکدا بە تێروتەسەلی ژیان و خەباتی شەهید دوکتور قاسملووی بۆ ئامادەبووان باس کرد و وێڕای باس لە چەندی و چۆنیی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی ئێرانی بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زانی.

لە بەشی سەرەکیی سمیناردا کاک خالید عەزیزی تیشکی خستە سەر بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاماژەی بەوە کرد کە لەبەر کێشەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، پرسی گەلانی ئێران و کێشەی گەلی کورد پەراوێز خراوە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بە مان یان نەمانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ دیسان دۆخی ئێران هەر لە جێگەی خۆی دەبێ، چون بە لەبەرچاو گرتنی پتانسییەل و هێز و مێژووی خەباتی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی پێگەی بەهێزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ قەزییەی ئێمەی نادیدە بگرێ و من وەک خۆم لێرەم بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمریکاییەکان بۆ ئەم خاڵە گرینگە زیاتر ڕابکێشم. کاک خالید هەروەها باسی لەوە کرد کە بەدوای ئەوەیە کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی زیاتر ڕاکێشێ بۆ کەیسی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و لە ڕێی ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە ئەم باسە بەدواداچوونی بۆ بکا و هەروەها کردەوەی تیرۆریستیی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دیمۆکراتیشی بە یەکێکی دیکە لەم دۆسیانە دانا کە لەباری حقووقی نێونەتەوەییەوە دەبێ بخرێتە کاناڵی یاسایی خۆیەوە بۆ مەحکووم کردن و بەدواداچوونی ئەم جینایەتە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی.

لە کۆتایی سمینارەکەشدا کۆمەڵێک پرسیار لە لایەن میدیاکارانی بیانی و کورد و هەروەها شرۆڤەکارانی سیاسی ئاراستەی بەڕێزیان کرا کە بە تەسەلی وڵامی ئامادەبووان درایەوە.

## پەیامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وڵامی پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی هەڵبژێرانی بەڕێزیان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دایەوە. لە پەیامەکەی بەڕێز کاک مستەفادا هاتبوو کە هیوادارە لەو هەلومەرجە گرینگ و هەستیارەدا کە گەلی کورد پێیدا تێ دەپەڕێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە لێکتێگەیشتن و یەکگرتوویی زیاترەوە بەرەوڕووی ئەگەر و ئاستەنگەکانی ئەم قۆناغە ببنەوە؛ هەروەها هەڵبژێرانی جەنابی کاک نێچیرڤان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە وەڵامدا نووسیویەتی: هیوادارە هەموو لایەک بتوانین بۆ سەقامگیری و قووڵکردنەوەی لێکگەیشتن، ئاشتی، تەبایی، پێکەوەژیان و لێبوردەیی، لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا کار بکەین.

**دەقی وڵامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

بەڕێز مستەفا مەولوودی،
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاو و ڕێز!

بە خۆشحاڵییەوە پەیامی پیرۆزباییتان بۆ هەڵبژێرانم بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێگەیشت.

زۆر سوپاستان دەکەم، هیوادارم هەموو لایەک بتوانین بۆ سەقامگیری و قووڵکردنەوەی لێکگەیشتن، ئاشتی، تەبایی، پێکەوەژیان و لێبوردەیی، لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا کار بکەین.

هیوای تەندروستی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.
هەر سەرکەوتوو بن.

**نێچیرڤان بارزانی**

## بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب لە کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان لە برووکسێل



هەیئەتێکی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٧ی ژوئەن، لە شاری برۆکسێل، پایتەختی وڵاتی بلژیک بەشداری کۆبوونەوەی کۆمیتەی دیپلۆماتیکی هاوبەشی حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی کرد. ئەم کۆبوونەوەیە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی تورکیە و کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری لایەنە سیاسیەکان و چەند کەسایەتیی سیاسی ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان لەبارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئامانج و ئەجێندای تورکیە و ئێران بۆ هێرش کردنە سەر سنوورەکانی باشوری کوردستان باس کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کا خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باسێکدا وێڕای مەحکووم کردنی هێرشەکانی تورکیە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە هێرشی ئەو دوایيانەی کۆماری ئیسلامی کە بۆتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بە دانیشتووانی سەر سنوور مەحکوم بکرێ. نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی پیلانی هێرش بۆ سەر قەندیل و گەمارۆدانی لەلایەن تورکیەوە دەستی کۆماری ئیسلامیشی لەپشتە، چوونکە گەمارۆدانی ئەو ناوچە شاخاوییانە کە دەکەونە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبێ هاوکاریی کۆماری ئیسلامی ناکرێ.

هەیئەتی حیزب لە ڕەوتی باس و خواسەکانی کۆبوونەوەکەدا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو، و لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەدا بەیاننامەیێک دەرچوو کە وێڕای مەحکوم کردنی هێرشی تورکیە و کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، داوا لە بیرورای گشتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کرا کە دژی دەستدرێژییەکانی تورکییە و کۆماری ئیسلامی دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕن. هەروها بەیاننامەکە داوای لە کۆڕ وکۆمەڵە نێوونەتەوییەکانیش کردوە کە سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی و تورکیە دابنێن.

# پەلەقاژەی مانەوە لە متمانەی «نەبوو»دا



عەلی بداغی

متمانە بنەڕەتیترین پێوەندیدەری خەڵک و دەسەڵاتە و، گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکیش بریتییە لە باوەڕ و متمانەی خەڵک بە حاکمییەتی سیاسی. متمانە نێوان خەڵک و دەسەڵات دەستەبەری ئەمنیەت، ئاسوودەیی، نەزمی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیی ئابووری و هاوبەشیی سیاسییە بۆ خەڵک. دەسەڵاتیش دەتوانێ بە پشتبەشتن بە متمانەی خەڵک بە هێز و ئیقتدارەوە بچێتە نێو کایە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان، هەروەها ئەم متمانەیە لەلایەک گەرەنتیی مانەوەی لە دەسەڵاتدا بەبێ توندوتیژی و نارەزایەتیی گشتیی خەڵک دەکا. هاوکات دەوڵەت پشتبەستوو بەو متمانەیە دەستی ئاوەڵایە لە بڕیارە گرینگە سیاسی و ئابوورییەکاندا.

لە پرسی متمانە لە حاکمییەتی سیاسیی هەر وڵاتێکدا سەرنجەکان لەسەر دەسەڵاتە. لە ئێستادا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتووەتەوە، دەسەڵاتی سیاسی کە هەڵبژێردراوی خەڵکن، مانەوە و بەردەوامییان گرێدراوی متمانەیەکە خەڵک پێیان دەکەن، یان لێیانی دەستێننەوە. چەندی متمانەی سیاسی لە وڵات لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا زۆر بێ، هێمنی و سەقامگیریی پتر چێ دەبێ. بێتوو ئەم متمانەیەش لە نێواندا نەمێنێ، دەسەڵات بەرەو تاکڕەوی دەڕوا و خەڵکیش پشتی کاربەدەستان چۆڵ دەکەن و هەوڵی شکاندنی نۆرم و یاسا و ڕێساکانی وڵات دەدەن و ئەوەش خۆی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدووی خۆیدا دەهێنێ.

لە کۆمەڵگەی دێموکراتیک و دەسەڵاتی گەلیدا متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە سێ ڕەهەندا خۆ دەنوێنێ: متمانە بە سیستم و نیزامە سیاسی، زانستی و حقوقییەکان؛ متمانە بە نیزامی قانووندانان و هەروەها جێبەجێکار (دەوڵەت) و؛ دواجار متمانەی بە یەکدی لە پێوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی ئەوەی «ئیمان و ملدان» جێی «متمانە و دەروەستی»ی گرتۆتەوە، دیاردەی بێ متمانەیی لە هەر سێ ڕەهەندەکەی باسکراودا گەیوەتە تروووپکی خۆی. لەو سۆنگەیەوە خەڵک نە باوەڕی بە قانوونی بنەڕەتی و نیزامی قانووندانان لە وڵات هەیە، نە باوەڕی بە دەوڵەت و دەزگای داد و هەروەها تەواوەتیی حاکمییەت و نیزامی سیاسییە. هاوکات لەسایەی ناکارامەیی دەسەڵات و سیاسەتە کولتوورییەکانەوە متمانەی خەڵک لەگەڵ یەکتریش خەوشدارە کە ئەمەیان بە زیانی تەواوەتیی کۆمەڵگەیە.

هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرەنجامی شۆڕشێک بوو کە خەڵک بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کردیان، بۆیە نیزامی سیاسیی نوێ دەبوا نوێنگەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بێ، بەڵام ئێستا پاش چوار دەیە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە «خەڵک» بریتین لەو کەمایەتییە هەرە کەمەی بەرژەوەندییان لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتە و؛ خەڵکانی دیکەش هەر بۆوە دەشێن لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بێنە سەر سندووق و گەواهیی مانەوەی ئەوان ئیمزا بکەن.

متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەوتێکی بەردەوام بەرەو دارمانی پێواوە. زۆرترین ئاستی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویدا بووە کە گەیشتووەتە سەدا ٨١، بەڵام لە ساڵی ١٣٧٣دا ئاستی ئەم متمانەیە دەگاتە سەدا ١٠* و لەو کاتەوە تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران نەیتوانیوە متمانەی گشتیی خەڵکی هەبێ و تەنیا لە ڕێگەی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی پۆلیسییەوە هەیمەنەی خۆی سەپاندوە.

قەیرانی ئابووری، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، قەیران لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، گەندەڵیی سیستماتیک و هەوسارپچڕاوی دەسەڵاتبەدەستان، بەفیڕۆچوونی سامانی وڵات لە پشتیوانیی گرووپە تێرۆریستی و خەڵکانی وڵاتانی دیکەدا و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتیدەربڕین و ڕەخنەگرتنێک لە دەسەڵات، سەرەکیترین هۆکاری بێ متمانەیی هەراوی خەڵک بە دەسەڵاتن.

هەر لە سەرەتادا بەردەوامی لە شەڕ لەگەڵ عێراق لە کاتێکدا هەر لە یەکەم مانگەکاندا دەکرا کۆتایی پێبێ، بەڵام لەسەر پێداگریی ڕێبەرانی ڕێژیم ٨ ساڵ درێژ کرایەوە، زیانێکی گیانی و مەعنەویی قەرەبوونەکراوی بە خەڵکی ئێران گەیاند. پاش ئەم قۆناغەش ئەوەی دەبوا ئاوەدان کراباوە، ئێران نەبوو؛ شوێنی دی بوون. ئەوانەش کە دەبوا خزمەتیان کرابا و قەرەبوو کرابانەوە دیسان خەڵکی وڵات نەبوون؛ بەڵکوو لوبنان و یەمەن و سووریە و فەلەستین بوون کە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە لە خەڵکی ئێران لەپێشتر بوون. سامانی وڵاتیش لەجیاتی بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری تەرخانی پرۆژە سەربازییەکان، دروستکردنی بۆمبی ئەتوم و مووشەک و، پشتیوانیی مادی و لۆجستیکی لە حیزبوڵڵا، حەماس، حەشدی شەعبی و حوسییەکان و؛ سیاسەتی ئاژاوەخوڵقێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کردەوە تێرۆریستییەکان لە چوارقوژبنی دنیا کرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵدا چەند میلیارد دۆلار بۆ پاڵپشتیی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییانەی شەڕی بەوەکالەتی بۆ دەکەن دەنێتە لاوە، بەڵام هیچ ساڵێ کۆی بودجەی بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و کەرتی پەروەردەی لە سەدا ١٠ زیاتر نەبووە کەچی کۆمەڵێک بنیات و ناوەندی ژێر دەسەڵاتی بەرپرسانی ئایینی و مەرجەعە مەزهەبییەکان، کاربەدەستانی دەستڕۆیشتوو ساڵانە هەزاران میلیارد تمەن لە سامانی گشتیی وڵاتیان دەدرێتێ، بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پارە بە لێشاوە لە کوێ و لە چیدا خەرج دەکرێ و قازانجی بۆ خەڵک چین؟

«حەوزەی عیلمییەی قوم»، «سازمانی تەبلیغیاتی ئیسلامی»، «دامەزراوەی توێژینەوە و فێرکاریی ئیمام خومەینی» کە لە ژێر دەسەڵاتی میسباح یەزدیدا بەڕێوە دەبرێ، «جامعە المصطفی العالمیە» کە لە بەردەستی ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی دایە، «دامەزراوەی دایەرەتولمەعارفی فیقهی ئیسلامی»، «دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئیمام» کە سەید حەسەن خومەینی دەیگێڕێ، «بنیاتی ئێراننناسی» کە محەممەد خامنەیی، برای سەید عەلیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوەی دەبا، «بنیاتی سەعدی، دایەرەتولمەعارف و فەرهەنگستان» کە غوڵامعەلی حەداد عادل، خەزووری کوڕی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکا، «زانکۆی موتەهیری»، «فەرهەنگستانی هونەر»، «کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی» ناونیشانی بەشێک لەو دەیان شوێن و دامەزراوانانەن کە هەر کام لەوان ساڵێ لە نێوان ١٥ هەتا ٤٥٠ میلیارد تمەنیان بەبەلاش دەدرێتێ، بێ ئەوەی تەنانەت دەوڵەت بۆ خۆیشی دەسەڵاتی هیچ جۆرە چاوەدێرییەکی بەسەر جۆری چالاکی و چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو هەزاران میلیارد تمەنە هەبێ کە لە باخەڵی خەڵک دەری دێنن و لە حسێبی ئەوانی دەکەن.

ڕۆژ نییە لە ئێران گەندەڵییەک لەقاو نەدرێ، جا ئەو گەندەڵییە لە ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی بێ، یان ناوەند و بنیاتە گشتییەکان. بانکەکان، شارەداری، بیمە، گومرک، تەعاونییەکان، بنیاتە ماڵییەکان و هەموو ئەو جێیانەی کە پووڵیان لێیە و سیستمی چاوەدێری تێیاندا لاوازە. گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو کاتێ یەکێک لە جۆرەکانی دابەشکردنی سەرچاوەکانی وڵات لە نێوان کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی وڵاتدا بووە و حکومەت هەموو کاتێ ویستوویەتی و ئەوەش یارمەتیی بە هاوپێوەندیی سیاسیی نێوخۆیی ڕێژیم کردوە. ئەوەش کە لەو نێوەدا نە قەت خوێندراوەتەوە و نە لەلای دەسەڵات بایەخی بووە، دیسان خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان بووە.

لە ئێستادا ڕێژیم لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی تەمەنیدا جارێکی دی ڕووی لەو «خەڵک»ەیە کە لەلایەک بەرگەی گوشار و گەمارۆکان _لەپێناو مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا_ بگرن و لەلایەکی دیکەش بە متمانەپێکردن بە ڕێژیم لەو تەنگانەیەیان ڕزگار بکەن. بەڵام ڕوونە و ئاشکرایە کە خەڵک لەمێژە ڕیزی خۆیان لە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم جیا کردۆتەوە. خەڵک خۆیان ڕێک خستووە و ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە بە گژی ڕێژیمدا بچنەوە و بەرەوپیلی هەر هەل و دەرفەتێکیش دەچن کە بەڵای ڕێژیمیان لەکۆڵ بکاتەوە.

***

* توێژینەوەی «هۆکاری شوێندانەر لە متمانەی سیاسیدا» لە زانکۆی سەنعەتی شەریف



## لە یەک مانگ و نیوی یەکەمی هاوینی ١٣٩٨دا
## کوژران و برینداربوونی ٤٣ کۆڵبەر، دەسبەسەرکردنی ١١٥ کەس و خۆکوشتنی ٣٤ کەس

لە ماوەی یەک مانگ و نیوی هاوینی ئەمساڵدا هەر نەبێ ٢٥٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوون.

بە پێی بانکی زانیاریی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ماوەیەدا لانیکەم ٤٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ، یان بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. لەو ٤٣ کاسبکارە ٣٢ کەسیان بریندار بوون و ١١ کۆڵبەریش کوژراون و گیانیان لە دەست داوە.

کوژران و برینداربوونی ٤٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لەوندە ماوەیەدا لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی بەهار و وەرزی یەکەمی ساڵدا ٥٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە پێناو پارووە نانێکدا کوژرابوون و بریندار بوون. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون و بریندار بوون گەیشتۆتە ٩٩ کەس. شایانی باسە کە پارەکەش لانیکەم ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکان بە هۆکاری سروشتیی وەک ڕەقهەڵاتن لە سەرما و هۆکاری ناسروشتیی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژرابوون و بریندار ببوون.

لە یەک مانگ و نیوی هاوینی ئەم ساڵدا هەروەها ١١ زیندانیی کورد ئێعدام کراون. دەزگای قەزایی ڕێژیم لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٧ زیندانیی کوردی لە دار دابوو و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە زیندانەکاندا ئێعدام کراون گەیشتە ١٨ کەس. جێی باسە کە دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٤٩ بەندیی کوردی لە زیندانەکانی ئێراندا ئێعدام کردبوو.

لە پێوەندی لەگەڵ گرتن و بەندکراندا، لە ماوەی یەک مانگ و نیوی یەکەمی گەلاوێژدا لانیکەم ١١٥ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی گیراون. لە وەرزی بەهاری ئەمساڵیشدا لانیکەم ١٠٦ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی ڕێژیم گیرابوون و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون، گەیشتە ٢٢١ کەس. جێی بیرهێنانەوەیە کە لە ساڵی ڕابردووشدا ٦٤١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون.

تەقینەوەی مینی چێندراو لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ئەمساڵیشدا سێ قوربانیی لێ کەوتەوە کە لەگەڵ ئەو ٨ کەسەی لە وەرزی بەهاردا ببوونە قوربانیی تەقینەوەی مین، ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون گەیشتە ١١ کەس. دیارە ساڵی ڕابردووش ٤٨ کەس لە کوردستان بەم هۆیە گیانیان لە دەست دابوو.

خۆکوژی، هەر وەکوو ڕابردوو دیاردەی تراژیدیکی کوردستان بوو. لە ماوەی یەک مانگ و نیوی هاوینی ئەمساڵدا لانیکەم زیاتر لە ٤٠ کەس خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٣٤ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. لە وەرزی بەهاریشدا ئەوەندەی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردبوو، ٧٢ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتبوو و بەوەش ژمارەی ئەم کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا خۆیان کوشتوە و ناو و نیشانیان تۆمار کراوە، گەیشتە ١٠٦ کەس.

لە ماوەی مانگی پووشپەڕدا لانیکەم ٧ کرێکاری کورد لە کوردستان بەهۆی ڕووداوی کار گیانیان لە دەست داوە، کە لەگەڵ ئەو ٨ کرێکارەی لە وەرزی بەهاردا بەهۆی نەبوونی ستاندارد و ئیمەنیی کار گیانیان لە دەست دابوو، ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا گەیشتە ١٥ کەس.




ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بەمیدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و درووستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

# «ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات» لە چەند سەردێڕێکدا



سمایل شەڕەفی



### کەڵکوەرگرتن لەڕەهەندو شێوازەکانی خەبات

حیزبی دێموکرات لە سیاسەتدا نەک هەر خۆی سەرقاڵ و مژووڵ بە مەفهوومی «دوژمنکاری» نەهێشتەوە و تۆکڵێکی سەخت و سفتی داخراوی بەبەردا نەکرد، بەڵکوو زۆر واقعبینانە سیاسەتی لە پانتایی ماهییەتی جەوهەریی خۆیدا کە تێکۆشان و گەڕان بەدوای ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردە، لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا پێناسە کرد.

شەهید قاسملوو بە تێفکرین لە درێژخایەنبوونی هاتنەدیی ئامانجی گشتیی حیزب، پێی وایە پێڕەویکردن لە شێوازەکانی دیکەی خەبات بە مەرجێک کە ڕەوا بن، دروست و بەجێیە. لەم پێوەندییەدا و لە «بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران)»دا کە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە نووسراوە و لە ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی لە کۆنگرەی سێهەمدا پەسەند کراوە، هاتوە:

«خەبات بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار لە کوردستان کە داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێبەجێکردنی هێندێک داخواز لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا ناتەبایی نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایە دایە کە بە خەباتی شێلگیر ئیمکانی هەیە ڕێژیم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا. جا لەبەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی و بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی و... خەبات دەکا و پێی وایە کە بە خەباتی ڕێکوپێک دەتوانێ ئەو داخوازانە بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنێ».

ئەم جۆرە لە تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کەلکوەرگرتن لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات، لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانیدا، ڕابردوویەکی پڕ لە نموونەی هەیە.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتدا کە شێوازەکانی حزووری ڕاستەوخۆی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە کەم ڕەنگ دەبێتەوە و لە نێوخۆی وڵات کۆمەڵێک جموجوڵی مەدەنی لە لایەن چالاکانی نێوخۆی وڵاتەوە سەرهەڵ دەدەن، ئەم حیزبە بە گرتنەپێشی گوتار و ڕوانینێکی نوێ لە خەبات و زەرفییەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، پشتیوانیی خۆی لەم جموجۆڵانە ڕادەگەیەنێ و بە بەشێک لە خەباتی نەتەوایەتییان پێناسە دەکا. پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات لە قۆناغی ئێستادا لە ڕووی ڕوانگە و تێفکرینەوە پشتی بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ئەندێشەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بەستوە. زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا کە شێوازی «خەباتی مەدەنی» نە بەو ناوە و نە بەو پانتاییەی ئێستا لە کوردستان لە ئارادا بوو، شەهید قاسملوو بە «هێمنانە» و «مەنفی» ناوهێنانی ئەم شێوازە لە خەبات دەڵێ:

«حیزبی ئێمە دەبێ لە نێوان خەباتی پێشمەرگانە و «خەباتی هێمنانە»ی نێو شارەکاندا هەماهەنگی پێک بێنێ. ئەوانەی مخالفی ڕێژیمن و بەهەر شێوازێک لە پێناو داخوازییەکانی خەڵکدا خەبات دەکەن، تەنانەت بە شێوازی «خەباتی مەنفی»، وەک ئەوە گاندی خەباتی پێ دەکرد، لای ئێمە قابیلی قبووڵ و جێی ئێحترامن. ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە هەرکەس مخالفی ڕێژیم بوو دەبێ حەتمەن چەک هەڵبگرێ. ئێمە لە هەر شێوە خەباتێک؛ لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تا خەباتی فەرهەنگی پێشوازی دەکەین».

### ژیاندۆستی و هەوڵدان بۆ بەختیاریی کۆمەڵ

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، «ئازادی» پێش ئەوەی مەفهوومێکی سیاسی بێت، تەعبیرێکی بەرینی ئینسانییە کە قەت لە تێکۆشانی سیاسیدا بە هیچ پاساوێک هەوڵی بەرتەسکردنەوەی نادرێ. خەباتی حیزبی دێموکرات کە مانایەکی سیاسی_ نەتەوەیی بە خۆوە گرتوە، جیا لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بەختیاری لە کۆمەڵی کوردەواریدا ناتوانێکی هیچ مانایەکی دیکە بدا. بەو مانایە کە ئینسانی کورد کە مافی باش ژیان و بەختیاربوونی لێ زەوت کراوە، دەیهەوێ بۆ وەدەستهێنانی ئەم مافە ئینسانییە خەبات بکا و بە ژیانێکی شیاوی خۆی بگا و ئەم خەباتە ناتوانێ بەتاڵ بێ لە مەفهوومی ژیاندۆستی. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە زۆر ڕاشکاوانە لە بەرنامە خۆیدا ڕادەگەیەنێ کە؛ «بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی گەلی کورد، نێوەرۆکی ئەساسیی بەرنامەی حیزبی دێموکراتە».

بەرزکردنەوەی پایەکانی ژیانی ئینسانی کورد و هەوڵدان بۆ بەختیاریی کۆمەڵی کوردەواری، ئامانجی ئەساسیی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە. لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: «هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە گەلەکەمان خۆش بژیت و کۆمەڵێکی بەختیارمان هەبێت». لە ماوەی تێکۆشانی پڕ لە دژواری و ڕۆژە سەختەکاندا هیچکات ئەم ڕوانینە ئینسانییە، بە پاساوی جۆراوجۆری وەک بێدەرەتانی، شەڕ، ئاوارەیی و بێئیمکاناتی و کارەساتی جۆراوجۆر، نە تەنیا لە بیر نەکراوە بەڵکوو کەمڕەنگیش نەبۆتەوە.

لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا هەمیشە ڕوانگەیەکی ئینسانی بەسەر جۆری تێفرینی حیزب بۆ سەر ژیان و ڕەفتاری تێکۆشەرانی دا زاڵ بووە. لەم حیزبەدا هاوکات لەگەڵ خەبات و تێکۆشان و گیانفیدایی بۆ ئارمانجە بەرزە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ژیاندۆستی بە مانا گشتی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی، کە بریتی بێت لە خۆشەویستی، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و بوونی منداڵ، هەڵپەرکێ و خۆشییەکانی دیکەی ژیان هەروا بەردەوام بووە. لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو یەکێک لە هاندەرانی ژیاندۆستی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بووە و، هەمیشە پێشمەرگەکانی هان داوە کە جوانییەکانی ژیانیان خۆش بوێ.

### ڕێکخراو، وەک چەکێکی هەرە گرینگ

کولتووری بەڕێکخراوکردنی بزووتنەوەی کورد بە شێوەی ڕەسمی و ئۆڕگانیزەکراو لە حیزبی دێموکراتەوە دەست پێدەکا. حیزبی دێموکرات کە بە شێوازێکی مودێرن و بەدوور لە دەسەڵاتی عەشیرە، شێخ و ئاغا بزووتنەوەیەکی نوێی نەتەوەیی و دێموکراتیک بنیات دەنێ، بۆ ئەوەی ئۆڕگانیزمێکی زیندوو و چالاک بە بزووتنەوە ببەخشێ و خۆی لە کۆت و بەندی خۆبەستنەوە بە تاکە سەرۆکێک ڕزگار بکا، گرینگی بە ڕێکخراوبوونی بزوتنەوە دەدا. لەم پێوەندییەدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە باوەڕێکی قووڵی بە زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوە و حیزب لە ڕێگای ڕێکخراوەوە بوو، دەڵێ:

«ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بخشێنین، دەبینین زۆربەی بزووتنەوەکان شێخێک، مەلایەک، ئاغایەک یان سەرۆک عەشیرەتێک سەرکردایەتیی کردوون. نەتیجەی ئەم وەزعە ئەوە بووە کە هەروەخت سەرۆکی بزووتنەوەکە کوژراوە، مردوە، فریو دراوە، یان خەیانەتی کردوە، بزووتنەوەکەش مەحکووم بە پاشەکشە بووە. چونکی هەموو کارەکان بە وجوودی تەنیا یەک کەسەوە بەستراوەتەوە. بۆ دەربازبوون لەم دۆخە دەبێ بزووتنەوەکە بە ڕێکخراو بکرێ و لە چنگی سەرکردایەتیی تاکە کەسی ڕزگاری بێت».

هەموو لایەک ئەوە باش دەزانن کە نزیک بە تەواوی ژیانی حیزبی دێموکرات جیا لە کەمتر لە ٤ ساڵی نەبێ، هەموو ئەوی دیکەی دوور لە ژینگەی ئەسڵێی خۆی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە و خەباتی کردوە. یانی حیزبی دێموکرات یەکێک لەو دەگمەن حیزبانەی دونیایە کە جیا لە کەمتر لە چوار ساڵی تەمەنی خۆی، زیاتر لە حەفتا ساڵ دوور لەو شوێنەی خەباتی بۆ دەکات، ژیاوە. بۆیە بوونی ڕێکخراو لەم حیزبەدا زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئێستاش سەرەڕای ئەم هەمووە دوورییە، دەبینین کە حیزبی دێموکرات ڕۆژبەڕۆژ جێگە و پێگەی لە نێو خەڵکەکەدا پەرە دەستێنێ، بەشێکی هەرە ئەساسی بۆ هۆکاری «بوون»ی ڕێکخراو لەم حیزبەدا دەگەڕێتەوە.

تەشکیلات لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا ئەرکی ئەوە نیە کە سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزب بەرێتە نێو خەڵک، بەڵکوو دەبێ حیزب لە ڕێگای ئەم ئەڵقەوە ئاگاداری بیروبۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارەکانی گەل بێت. بۆیە تەشکیلات لە ڕاستیدا زمان، گوێ و چاوی حیزبە.

دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ: «ئێمە پێویستمان بە ڕێکخراوێک هەیە کە بە زوویی و چالاکانە هەموو بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ، هەر بەو چوست و چالاکییەش ویست و داخوازییەکانی خەڵک بگەیەنێتەوە بە ڕێبەرایەتیی، بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بە چەشنێکی درووستتر لە سەر ئەو داخوازانە دابنێ».

### بەرژەوەندیی نەتەوەیی

حیزبی دێموکرات کە لە سەر ئەساس و بنەمای بیری «نەتەوەیی» و لە پێناو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی «ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد» دامەزراوە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد لەگەڵ ناو و بەرنامەکانی لێک گرێ دراوە. بۆیە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە بنیڕا باسکردن لە دوو مەفهوومی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» و «بەرژەوەندیی حیزبیی» نادرووست و، لە جێی خۆیدا نییە.

تەواوی ئەو هێما و سەمبولە هاوبەشە نەتەوەییانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە شانازیی پێوە دەکا و بە مانەوەی هۆوییەتی نەتەوەیی خۆی پێناسەی دەکا، داهێنان و دەسکەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتن. ئەوە حیزبی دێموکراتە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، بە بیرێکی ئەمڕۆژیانەی نەتەوەیی و دێموکراتیکەوە، قەوارەیەکی سیاسی _ نەتەوەیی بە ناوی «کۆماری کوردستان» دادەمەزرێنێ و «باوەڕبەخۆبوون» لە تاکی کورد دا بنیات دەنێ. ئەوە حیزبی دێموکراتە کە بۆ یەکەمین جار بە پشتبەستن بە دەسەڵاتێکی ڕەسمیی وەک کۆمار، «ئاڵای کوردستان» بەرز دەکاتەوە و «شکۆ» بە وجوودی ئینسانی کورد و خاکی کوردستان دەبەخشێ. ئەوە بۆ یەکەمین جار حیزبی دێموکراتە کە بە دامەزراندنی «سپای میللی» و ناونانی بە «پێشمەرگەی کوردستان»، بیرۆکەی زەروورەتی «خۆپاراستن» و پشت بە خۆبەستن لە ئەقڵییەتی ئینسانی کورددا بنیات دەنێ.

شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری ئەم حیزبە کە لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا بە پیاوی دیپلۆماسی و دیتنەوەی دۆست و پشتیوانی بیانی بۆ کورد دەناسرێ، ئەوەندەی لەم بەستێنەدا بۆ حیزبەکەی هەوڵی دەدا، زۆر زیاتر لەوە هەوڵی دەدا خزمەتەکانی بۆ گشت کورد و کوردستان بێ. «دوکتور قاسملوو تەنیا لە فکری حیزبەکەیدا نەبوو. لە ڕاستی ئەو حیزبەکەی خۆی بە وەسیلەیەک بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی دیکەی چاو لێ دەکرد. بۆیە لە پێناو قازانج و مەسڵەحەتی گەلەکەی دا هەمیشە هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕادەسپارد کە قازانجی حیزب فیدا بکەن».

بە بێ ئەوەی بمانهەوێ لە چوارچێوەی بابەتیانەی ئەم باسە بترازێین و ڕواڵەتێکی «ئەرزشی» پێ ببەخشین، سەرنجدان بە مەوقعیەتی کۆمەڵایەتی، عیلمی و سیاسیی سێ ڕێبەری شەهید کراوی ئەم حیزبە (قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی) کە لە کۆتاییدا گیانیان لە پێناو ئامانجە بەرزە نەتەوەییەکانی گەلی خۆیاندا بەخت کرد، ناچارمان دەکا کە قووڵتر لە هەمیشە بیر لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بکەینەوە.

### عەداڵەتی کۆمەڵایەتی

«حیزبی دێموکرات هەرچەند حیزبێکی دێموکراتی_ میللییە، بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاوڕێ لە گەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکا.

حیزبی دێموکرات بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا لە سەر سێ بنەما و خوێندنەوەی؛ مێژوویی، عیلمی و کۆمەڵایەتی، ئاوڕ لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی دوارۆژی کوردەواری دەداتەوە و لە چوارچێوەی «ئامانجی دوارۆژ»ی خۆیدا کە پیادەکردنی نیزامێکی سۆسیالیستییە بەرنامە و پلانی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان مەدیون و قەرزداری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووە کە لەم پێوەندییەدا نەتەنیا لە حیزبی دێموکرات بەڵکوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا لە ڕووی فکری و سیاسییەوە داهێنان و ڕچەشکێنی کردوە.

لابردنی ستەمەی چینایەتی، بەشێکە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم حیزبە پێی وایە بەختیاریی مرۆڤ تەنیا بە دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی دەستەبەر نابێ. بۆیە لەبەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی (دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس) و ستەمی چینایەتی (دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی) و دابینکردنی دێموکراسی و ئازادی، ئەو سێ مەیدانەیە کە حیزبی دێموکرات خەباتیان بۆ دەکا.

هەوڵدان بۆ چەسپاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا پرۆسەیەکی دوور و درێژە و لەوانەیە تەمەنی چەند نەسلێکی بوێ، بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی گەلی کورد بە بەرپرسیار دەزانێ، ئامانجێکی تەتەڵە کراوە کە لە باوەڕێکی قووڵی ئەم حیزبە بە «بەختیاریی ئینسانی کورد»ەوە سەرچاوە دەگرێ.

### ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕەکانی کۆمەڵی کوردەواری

حیزبی دێموکرات بەتەنیا هی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان نییە کە تێڕوانین و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی تەنیا بە قازانجی ئەو چینە فورمولە بکا، بەڵکوو نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی فرەچەشن لە نێو میللەتێک بە پێکهاتەی جۆراوجۆرەوە دەکا. بۆیە پێویستە بۆ قایمکردنی پێگەی جەماوەریی خۆی، سەرنجی کۆمەڵێکی بەرفراوان لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بۆ ئەم کارە تەنیا تێفکرین و هەڵوێستی درووستی سیاسی بەس نییە، بەڵکوو دیتنی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشن، فرەکولتوور، فرەئایین، فرەتێڕوانین و لە هەموو گرینگتر، بە ڕەسمی ناسینی ئەم جیاوازیانە زەرووری و پێویستە.

ئەم باسە بۆ حیزبی دێموکرات ئەو کاتە زیاتر لە ڕەهەندی هەستیارییەوە گرینگی پەیدا دەکا کە ئەم حیزبە خۆی پێ ڕێکخراوێکی پێشڕەوە و هەڵگری کۆمەڵێک بەها و مەفهوومی مودێرنە کە بۆی پڕەنسیپن و ناتوانێ خۆیان لێ لا بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ پاراستن و شانازیکردن بە پێشڕەوبوونی خۆی و داهێنان و باوەڕە دێموکراتیکەکانی، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە ڕێز لە جۆری بیرکردنەوە و باوەڕەکانی کۆمەڵی کوردواری بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرییەکانیەوە بگرێ یان لانیکەم مافی ئەوە بە خۆی نەدا کە دژایەتییان بکا. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تەسلیمی هەموو داب و نەریتێکی دواکەوتوانە ببێ و ئیزن بدا کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی پڕ لە ناهەنجاری بڕوا. جیاوازییدانان لە نێوان «باوەڕ»ەکانی خەڵک و ئەو «دیاردە» ناحەز و دزێوانەی ڕیشەیان لە دواکەوتوویی و جەهل و نەزانیدا هەیە، لە تێفکرین و دژکردەوەی حیزبی دێموکراتدا بەتەواوەتی دوو شتی لێک جیاوازن. پێشڕەوبوونی حیزبی دێموکرات نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵی کوردەواری لە خوێندنەوەکانی ئەم حیزبەدا بە هۆکاری بیروباوەڕی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان مەزهەبییان لۆمە بکرێن. بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە هەوڵ دراوە بە هەموو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینیانە بە ڕەسمی بناسرێن و ڕێزیان لێ بگیردرێ.

### بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم

دروستبوونی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی مودێرن و خاوەن پلان و بەرنامە، بەرهەمی قەڵەمبازێکی مەعریفی و نوێ بووە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەکانی پێش خۆی. کەوابوو دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکرات لە ئەساسدا زادەی بەخۆداچوونەوەیەکی ئاگاهانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە.

هەموو ئەو مەفهووم و پڕنسیپ و تێڕوانینانەی کە لە چوارچێوەی «ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات»دا وەک کۆمەڵێک بەها بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کران، ئەگەر لە پرۆسەیەکی بەردەوامی «بەخۆداچوونەوە» و لە چوارچێوەی زەروورەتێک دا بە ناوی «ڕیفۆرم» تازە نەکرێنەوە و کەراژ نەخەن، ناتوانن وڵامدەری ئەم بزووتنەوەیە بن. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە نەتەنیا وەک زەروورەتێکی مێژووی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕەسمی ناسراوە، بەڵکوو لە ئاستی قەوارەی سازمانیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم تێفکرینە مکانیزم دیاری کراوە.

لە حیزبی دێموکراتدا ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی حیزب و دەستنیشانکردنی هەڵەکان و ڕەخنەگرتن لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێگە پێدراوە. یەکەم کەس کە لە نووسینەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات و نووسینی ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەکانی حیزبدا ڕاشکاوانە و بوێرانە ڕابردووی حیزب نەقد دەکا و ڕەخنەی لێ دەگرێ، شەهید دوکتور قاسملووە. د. قاسملوو کە باس لە سەردەمی کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دواتر و تەنانەت سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیشی دەکا، بوێرانە و لە هەمان کاتدا زانستیانە وێڕای شانازیکردن بە سیاسەتە درووستەکانی حیزب و فیداکارییەکان و دەسکەوتەکانەوە، ڕاشکاوانە و زۆر بە سەریحی خاڵە لاوازەکان دەستنیشان دەکا و ڕەخنە لە کەموکوڕییەکان دەگرێ. لەم بارەوە دوکتور قاسملوو دەڵێ:

« ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە پێ لێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیدیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا».

بەخۆداچوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا بە هیچ شێوەیەک بە مانای ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی ڕابردوو و نادیدەگرتنی ڕۆڵ و زەحمەتی کەس یان نەسلێک نییە، بەڵکوو هەستکردن بە زەروورەتێکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بێ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەرزشییەوە سەیری ڕابردوو بکرێ، خۆی بەرانبەر داهاتووی میللەتێک بە وڵامدەر و بەرپرسیار دەزانێ.

***

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## ڕوانین لە ئاسۆی ڕوونی خەبات لە کونجی زیندانەوە



عوسمان بێورانی

ئەمن عوسمان عەبدوڵاهی ناسراو بە عوسمان بێورانی، ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لە گوندی بێورانی سەر بە ناوچەی سەردەشت لەدایک بووم. خوێندنی سەرەتاییم لە گوندی بێوران تەواو کردوە و پاشان دەستم کردوە بە خوێندنی مەلایەتی کە دواجار وازم لێ هێنا و ڕووم کردە کار و کاسبیی سەرسنوور.

کاتی خۆی گوندەکەی ئێمە یەکێک بوو لەو گوندانەی کە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە قوتابخانەی بۆ دانرابوو، ئەمنیش لەو قوتابخانەیە لە لایەن ماموستایانی شۆڕشەوە فێری وانەکانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری ببوم. بۆیە هێشتا تازەلاو بووم و لە ساڵی ١٣٧٢دا وێڕای چەند هاوڕێیەکم پەیوەندیمان کرد بە کادرەکانی حیزب لە ناوچە و لە سەر بڕیاری ئەوان کاری تەشکیلاتیمان دەست پێکرد. ئێمە وەک ئەندامی تەشکیلاتی حیزب خەریکی کار و چالاکی بووین، لە بۆنە نیشتیمانی و حیزبییەکاندا بڵاوکراوەی حیزبیمان بڵاو دەکردەوە و دروشمە حیزبیەکانمان دەنوسین و هەواڵ و زانیاریمان دەدایەوە بە حیزب. هەر لەسەر ئەم چالاکییانە لە پاییزی ١٣٧٦ی هەتاوی گرتیانم. ئەو ڕۆژەی گیرام هەمووی دوو_سێ مانگ بوو زەماوەندم کردبوو، کاتێکیش کە «نیما» لە دایک بوو، لە زیندانی مەهاباد بووم و یەکەم جاریش لە پشتی شوشەوە چاوم بە کوڕەکەم کەوت؛ کە هەمیشە ئەوە وەک داخێک لە دڵمدا ماوەتەوە.

ئەو ڕۆژەی ئەمن گیرام، دیار بوو ڕەشبگیر بوو. بە قسەی یەکێک لە بازجووەکانم زیاتر لە سەد کەسیان گرتبوو و پێیان وابوو تەشکیلاتی حیزبیان بە یەکجاری تەفر و تونا کردوە. نەیاندەزانی کە حیزبی دێموکڕات لەنیو دڵ و دەروونی هەموو ڕۆڵە کوردێک دایە و هەرگیز بەوان لەبن نایەت. سەرەتا لە گرتنگەی ئیتلاعاتدا بۆ ماوەی پتر لە مانگێک بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دراین و سووکایەتیمان پێکرا. تەنانەت بۆ یەک جاریش ئیجازەی خۆ شۆردنێکیان پێ نەداین. هەموو هەوڵیان ئەوە بوو بە زمانی خۆمان دان بە تاوانەکەمان! دابنێین و بەوەش کاری بڕیاردان لەسەر خۆیان سووک بکەن.

ئەمن بۆ خۆم دووجار چاوم بە قازیی پەروەندەکەم کەوت. جاری یەکەم لە گرتووخانەی ئیتلاعات جاری دووهەمیش لە دادگای ئینقلابی مەهاباد بوو. جاری یەکەم کە چاوم بە قازی هاشم زادە کەوت، قازی بەرەوڕووم دانیشتبوو و هەر چوار دەورم ئەوانە بوون کە بازجوویيان دەکردم و ئەشکەنجەیان دەدام. قازی گوتی کۆماری ئیسلامی بەزەیی پێتاندا هاتۆتەوە و وەکیلی بۆ گرتوون، بەڵام هەتا ئێستاش نە زانیم وەکیلەکەم ناوی چییە و نە ڕەنگ و ڕوخساری چۆنە! جاری دووهەمی لە ئینقلابی مەهاباد دیتم. ئێمە دوو کەس بووین و لە ماوەی ٥ دەقەدا کۆمەڵێک تاوانیان لەسەر ڕیز کردین. پاشان بە چوار ساڵ و سێ مانگ زیندان حوکم درام کە دوای نارەزایەتیدەربڕین و پاش ماوەیەک حوکمەکەم گۆڕا بۆ دوو ساڵ. دوایەش بۆ کێشانی حوکمەکەم دایانمە زیندانی ناوەندیی مەهاباد.

زیندانی مەهاباد بۆ خۆی زیندانێکی زۆر چووکە بوو کە بۆ سێسەد تا چوارسەد کەس دروست کرابوو، بەڵام زیاتر لە هەزار کەسیان تێدا بەند کردبوو. لە بواری پاک و خاوێنیەوە وەزعەکە زۆر خراپ بوو. حەوتووی جارێک ئیجازەی حەمام کردن هەبوو، خواردنەکان تابڵێی خراپ و بێتام بوون و زۆربەی ژەمەکان ناچار بووین لە فرۆشگای بەندیخانە خواردن بکڕین. لەگەڵ ئەوەی نێو زیندان بازرەسی دەکرا و زۆر جاریش لە حیفازەتی ئۆستانەوە دەهاتن بۆ بازرەسی، بەو حاڵەش مەواد لە نێو زینداندا زۆر ئاسانتر دەست دەکەوت هەتا دەرەوەی زیندان، هەر بۆیە چەند کەسێکی موعتادی نێوشار زووزوو خۆیان بەگرت دەدا. ئەوەی بۆ ئێمەی زیندانی سیاسی زۆر ناخۆش بوو ئەوە بوو کە لەگەڵ زیندانیەکانی دیکە تێکەڵ بووین و بەندی تایبەتمان نەبوو، ئەوش بە جۆرێک ئەشکەنجەی رووحی بوو بۆ ئێمە، زیاتریش بۆ ئەو مەبەستە تێکەڵ بە زیندانییەکانی دیکەیان کردبووین کە بەڵکوو ئێمەش گیرۆدەی مەواد و ئاکار و کرداری ناشیرین بین، بەڵام پێچەوانە ئەوە زیندانییە سیاسییەکان بوون کە کاریگەریی باشیان لەسەر بەندییەکانی دیکە هەبوو.

جارێکیان زیندانییەک کە لەسەت مادەی هۆشبەر حوکمی ئیعدامی هەبوو، بە بەرتیلدان توانی لە زیندان ڕابکا و ئەوە بوو بە بیانوو بۆ فشارهێنان بۆ سەر زیندانییەکان و بۆ ماوەی شەش مانگ بە بەرزتر کردنی دیواری زیندان ڕێگایان نەدا بێینە هەواخۆری. ئەوانەش کە حوکمی ئیعدامیان هەبوو گواستیاننەوە بۆ زیندانی ورمێ کە شەهیدان هەمزە قادری و جەلیل زێوەیی دوو کەس لەوان بوون. دوای بەرزکردنەوەی دیوارەکان وردە وردە زیندانیی حوکم زۆریان بۆ زیندان هێنانەوە ،لەوانە شەهید کەریم توژەڵی و کاک محەممەد شاروێرانی. ئێمەی زیندانی سیاسی زۆرتر لە کاتی هەواخۆری یا شەوانە پێش خامۆشی لە دەوری یەک کۆ دەبوینەوە و قسەی خۆش و بیرەوەریمان دەگێڕاوە و باسی سیاسیمان دەکرد، یان خەریکی خوێندنەوەی کتێب دەبووین لەو کتێبانەی کتێبخانە یا جاری وا هەبوو لە دەرەوە کتێبمان بۆ دەهات لە نێو خۆمان دا دەستا و دەستمان پێ دەکرد. هێندێک جاریش بۆ سەرگەرمی خەریکی شەترەنج و دامە دەبووین و ئەمن بۆخۆم شەهید هەمزە قادری فێری شەترەنجی کردم...

زیندان ئەگەرچی ناخۆشی و دەرد و ئازاری خۆی هەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوشدا بوونی کەسانێکی شۆڕشگێر و بە بیروباوەڕ لە نێو زینداندا وای دەکرد کە ساتە ناخۆشەکانی زیندان لە بیر بکەین و بۆ داهاتوویەکی گەش و ئاسۆیەکی ڕوون بڕوانین. زۆر بوون ئەو ئەو کەسانەی کە لە زینداندا بۆمن بوون بە مامۆستای خۆڕاگری. هەر ئەوەش وای کرد کە دوای زیندان ڕێگای شۆڕش هەڵبژێرم و بێمە ڕیزی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتەوە و؛ ئەگەرچی پاش ساڵانێک پێشمەرگایەتی بەهۆی چەند هۆکارێک نەمتوانی زیاتر لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا بمێنمەوە، بەڵام بەڵێن دەدەم لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە بژیم هەر وەفادار بم بە ڕێبازی شەهیدان و خاکی بەرپێی تێکۆشەرانی ڕێبازی کوردایەتی بم.

# کەمدیاریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و یەکسانیخوازیدا



خەدیجە مەعزووری





مژار ئەوەیە: ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پێگە و جێگەی شایانی خۆی لە جووڵانەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئێترازیدا نییە و تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگ و بێ تەفاوەتە بەرانبەر ڕووداوەکانی دەوروبەی؟ لەم پێوەندییەدا کۆمەکێک پرسیار دێتە گۆڕێ. ئایا ژنانی کورد داهاتوویان تەئمینە؟ بەشی زۆری مافەکانیان دابینە؟ ئەمنییەتی شوغڵی و ماڵی و گیانیی خۆیان هەیە؟ لە سیستم ڕازین و لە دامودەزگاکانی ئەو سیستمەدا و لە سیاسەت و ئابووری وڵاتدا دەورونەخشی خۆیان هەیە؟ مافەکانیان دەستەبەر کراوە؟ لە یاسادا جێگەی شیاوی خۆیان دراوەتێ و وەک ژنانی وڵاتانی دێمۆکراتیک یا ئەو وڵاتانەی پرسی ژن تێیاندا چارەسەر کراوە، ئاسوودەن و لە ئەمنییەتدا دەژین؟ ئەم هۆیانە کەم و زۆر دەبێ لەسەر بێ تەفاوەت بوونی ژنان کاریگەریی هەبووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لە دۆخێکی جیاواز لە هەموو ئەوانەدا دەژین. ئەدی گرێکوێرەی ئەم باسە لە چیدایە؟ بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە بێجگە لە ڕوونکردنەوەی هۆکان، دەبێ بزوێنەر و هاندەرێک هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی ژنان چاویان بکەنەوە و دنیای ڕاستەقینەی دەوروبەریان لەم سەردەمەدا ببینن و هەڵیسەنگێنن و ژیرانە بە هەر شێوەیەک کە بگونجێ ئەو بەربەستانە لەسەر ڕێگا لابەرن و بە نیسبەت ئەو ڕووداوانەی کە لە پەنایاندا ڕوو دەدەن بێ تەفاوەت نەبن.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە زۆرینەی ژنی کورد ئەگەر ڕەخنەی بێ تەفاوت بوون بە نیسبەت حەق و حقووقی لەسەرە و، گرینگی بە مافەکانیان نادەن و شەڕیان بۆ ناکەن و لە مەیدانەکەدا دیار نین، بە نیسبەت مەسەلەیەکی گرینگی دیکەش بێدەنگ و خەمساردن و هەوڵی بۆ نادەن؛ ئەویش مافە نەتەوایەتییەکانیانە. ئەویش لە کاتێکدا کە کورد دەیان ساڵە لە پێناو سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا خەبات دەکا و چەرمەسەری و ماڵوێرانی بەسەر دێ و سەرمایەیەکی زۆر بە نرخی ئینسانیی لە پێناوەدا داناوە. هەر وەک لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە، ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵەی مرۆیی دەبێ مافی خۆیان هەبێ، هەم وەک مرۆ و هەم وەک نەتەوە.

دوای ئەوەی شۆڕشی ١٣٥٧ بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت و کاتێک کۆماری ئیسلامی جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست ، ئەم ڕێژیمە یەکەم شەڕ لەگەڵ ژنان کردی و هەر لە سەرەتاوە بە ئەدەبیات و بیروبۆچوونی دوگم و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی و پڕ سووکایەتی بەرەوڕووی پرسی ژنان بۆوە. وە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو بەرنامە درێژخایەن و مەبدەئییەکانی ڕێژیم هەر بە مەبەستی پەراوێزخستنی ژنان و مەیدان نەدان پێیان و بردنەوەی ژنان بۆ چوارچێوەی ماڵێ بووە

وەک گوتم ئەم ڕەخنەیە ڕووی لە هەر هەموو کۆمەڵگەی ژنانی کورد نییە، بەڵکوو وەک دیاردەیەک باس دەکرێ کە تێیدا بێ تەفاوەتیی زۆرینەی ژنان بەنیسبەت ئەو ڕووداوانەی لە پەنایان روو دەدەن دیار و بەرچاوە. ڕۆژ نییە لەم نیشتمانە کەسێک بەبێتاوان نەکوژرێ، نەگیرێ، ئەشکەنجە نەدرێ، ئیعدام نەکرێ و وڵات بەجێ نەهێڵێ؛ بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە لەسەر ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ و کەم دیارە. یان هەڵوێست و ڕوانگەکانیان تاکایەتییە و مەیدانی نەبووە، کەمیش نین ئەم ژنانەی کولتووری پیاوسەرداری وای لێکردوون بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان بە ئەرکێکی پیاوانە دابنێن و ستاندنی ماف بە ئەرکی پیاوان بزانن و چاوەڕوانن پیاوان ئەو مافە وەدەست بێنن تا ئەوانیش لەبەری بحەسێنەوە. ئەم پرسیارە بە ڕوویەکی دیکەدا ئەمەیە کە بە ڕاستی ژنانی ئێمە لە سیاسەت هەڵدێن یا دژی سیاسەتن؟ یا گەرەنتی و پشتیوانێکی بەهێز شک نابەن لەکاتی هاتنە مەیدان و لەکاتی تەنگانەدا پێی دڵگەرم بن و پاڵی وێدەن.

ڕەنگە ئەو فاکتەرانەی باس کران یەکە یەکە هۆکار بن لە بێدەنگی و بێ تەفاوەت بوون و دیارنەبوونی ژنان و، ئەو ژنانەش کە لە حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکەن بە جیددی نەپڕژاونەتە سەر ئەم باسانە و نەیانویستوە ڕێگای وەگەڕخستنی ئەم ماتەوزە بەهێزە بدۆزرێتەوە. بەشێک لەم هۆ و هۆکارانەی دەستیان داوەتە دەستی یەک هەتا ژنان کەمتر دیار بن و ئەکتیڤ بن، بریتین لە:

نەبوونی حزووری فیزیکی و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون لەنێو خەڵکدا، درێژەکێشانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازی لە کوردستان، کەمتەرخەمی و هەوڵی کەمی حیزبەکان لە دروستکردنی نوخبە یا ئیلیتی سیاسیی ژن لە کوردستان، پیاوانەبوونی ڕێکخستنەکانی حیزبەکان، پیاوانەبوونی پڕوپاگەندە سیاسییەکان، زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسەرداری لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، دواکەوتوویی و مەزهەبی و عەشیرەیی بیرکردنەوەی خەڵک، توندوتیژی و فشاری لەڕادەبەدری سیستم لەسەر بنەماڵەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون، چالاک نەبوونی تەشکیلاتی ڕێکخراوەکان بۆ کارکردن لەسەر ژنان کە ئەگەر ئەگەر هەشبێ پتر پیاوانەیە، پێشوازی نەکردن و بەهێند نەگرتن و بارنەهێنانی ژنان بە ڕووحی مافی یەکسانیخوازی لەگەڵ بەرانبەرەکەیان و نەتەوە خۆشەویستی لەنێو ئەو ژنانەی کە دێن بۆ نێو ڕیزی ڕێکخراوەکان و سەرئەنجام کەمتەرخەمیی حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە ژنان لە ڕەوتی وشیارکردنەوەی گشتیی ژناندا.

ئەم ڕەخنەیەش لەجێی خۆیدایە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە شێوەی پێویست ناخی ژنیان نەناسیوە و ئەو ترس و دڵەخورپێ و دردۆنگییەی کە ڕێژیم لە ناخی ژناندا پێکی هێناوە، نەڕەواندۆتەوە و هەستی باوەڕبەخۆبوونی بۆ نەگەڕاندوونەوە و لە ڕاستیدا خۆیان پێوە ماندوو نەکردون. لەو نێوەشدا تێچووی زۆری چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ژنان کە ڕێژیم بەسەر کۆمەڵگەی ژناندا سەپاندوویەتی، گرینگ و شوێندانەرە. ئەم تێچووە قورسە بەتایبەت ئەویش لە کۆمەڵگەی نەریتی و پیاوسالاری کوردستاندا کە ژن و کچ بە بەشێک لە داوێنپاکیی خێزانەکان دادەنرێن و گرتن و زیندانی کردنی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە لەسەر ئەوان قورس دەوەستێ؛ هۆکارێک بووە کە لە بنەماڵەشدا باوک و مێرد و برای ژن پتر لەوەی هاندەری ژنان و کچان بن هەوڵ بدەن لە سیاسەت و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دووریان ڕابگرن.

تێچووی زۆری چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ژنان کە ڕێژیم بەسەر کۆمەڵگەی ژناندا سەپاندوویەتی، کۆسپ و لەمپەری بەردەم بزووتنەوەی ژنانە. ئەم تێچووە قورسە بەتایبەت ئەویش لە کۆمەڵگەی نەریتی و پیاوسالاری کوردستاندا کە ژن و کچ بە بەشێک لە داوێنپاکیی خێزانەکان دادەنرێن و گرتن و زیندانی کردنی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە لەسەر ئەوان قورس دەوەستێ؛ هۆکارێک بووە کە لە بنەماڵەشدا باوک و مێرد و برای ژن پتر لەوەی هاندەری ژنان و کچان بن هەوڵ بدەن لە سیاسەت و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دووریان ڕابگرن

هەر بویە بەشێکی زۆری ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر زەمینگیر کراوە. ئەو چەقوەستانەش لە تەنیشت هەندێ دیاردەی دیکە وەک بێ تەفاوەتی بە سیاسەت، چاولێکەری، خۆویستی و تەجەممول گەرایی کە سیستماتیک لەلایەن خودی ڕێژیمەوە پەرەی دەدرێتێ، ژنانی لە دەور و بەخشی خۆیان دوور ڕاگرتوە. ئەم سیاسەتەی ڕێژیم ئەگەرچی لە ئاستی ئێراندا پەیڕەو دەکرێ، بەڵام لێکەوتەکانی لە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازترە.

ئەوە مێژوویەکی زۆر کۆن نییە و هەموو لەبیرمانە. دوای ئەوەی شۆڕشی ١٣٥٧ بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت و کاتێک کۆماری ئیسلامی جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەم ڕێژیمە یەکەم شەڕ لەگەڵ ژنان کردی و هەر لە سەرەتاوە بە ئەدەبیات و بیروبۆچوونی دوگم و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی و پڕ سووکایەتی بەرەوڕووی پرسی ژنان بۆوە. وە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو بەرنامە درێژخایەن و مەبدەئییەکانی ڕێژیم هەر بە مەبەستی پەراوێزخستنی ژنان و مەیدان نەدان پێیان و بردنەوەی ژنان بۆ چوارچێوەی ماڵێ بووە. سەرەڕای ئەوەش کە ژنان لە مەیدانەکانی خوێندنی باڵادا شان بە شانی پیاوان هاتوون و لە زۆر مەیدان و بەستێندا تواناکانی خۆیان سەپاندوە، بەڵام ئەمە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتیی ژنان بە نیسبەت پرسی ژنانەوە نەبووە.

بەدەر لەم سەرکەوتنەی ژنان لە مەیدانی خوێندن و خۆپێگەیاندندا، بەڵام ڕێژیم لە ماوەی ئەم چوار دەیەدا هەلومەرجێکی بۆ ژنان خولقاندوە کە لە سێبەری خۆیان بترسێن و بۆ بێدەسەڵات و لاوازکردنی ژنان پەرەی بە دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێو و زیانبارەکان داوە و لە ڕاستیدا کاری لەسەر نەهێشتنی هەستی باوەڕبەخۆبوونی ژنان کردوە. بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەت و بەرنامە نەرم و ڕووخێنەرانەی ڕێژیم دەبوا کاری جیدی و بە پلانی حیزب و ڕێکخراوەکان با، کە لەو بەشەدا ڕەخنەیان دێتە سەر کە وەک پێویست نەیانتوانیوە بەرەنگاری ببنەوە. بۆیە لە ئێستاشدا ئەوەی نەکراوە دەبێ بکرێن. ژنان دەبێ پشتیوانی بکرێن و بۆ ئەوەش ڕێکخراوەکانی ژنان و حیزبەکان و تەشکیلاتی حیزبەکان لە شارەکاندا دەبێ کار و پرۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە هەبێ. مەبەستەکەش ڕوونە: کارکردن بۆ ئەوەی ژنان ببنە هێز و هێزی دژبەری سیاسەتەکانی ڕێژیم بن و بۆ ئەوەی وێژمانی ژنان، وێژمانێکی شوناسخوازی و گۆڕانخوازی بێ لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و پرسی یەکسانیخوازیدا.

# ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو!



عەلی لەیلاخ

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە تا ئەمڕۆ، ٧٤ ساڵە ڕۆژێک بە ڕۆژمێری ڕووداوەکانی کوردستان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بووە، کە بە سەرنجدانێکی سەرپێیی؛ کاریگەریی قووڵ و بنەڕەتیی ئەم ڕووداوە لەسەر بزاڤ و جووڵەی سیاسی و خەباتی شوناسخوازانەی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا دەبینین.

چ باشتر لە بەرەبەری دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و مێژوویی ئەوکاتی کوردستان و ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئاوڕێک بدەینەوە لە باکگراند و پاشخانی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو حیزبە کە لانیکەم جیا لە هەزاران پێشمەرگەی خۆنەویستی، چەند ڕێبەر و سکرتێری ئەم حیزبەکەش گیانیان بەختی بارەگای ئازادی و دێموکراسی کردوە.

کەواتە جیا لە «نەتەوە»خوازی کە لە درێژەی ئەم بابەتەدا ڕاوەستانێکی هزرمەندانەمان لەسەر دەبێ، دوو چەمکی هەرە گرینگی «ئازادی» و «دێموکراسی»یش ڕەنگ و گیانێکی جوان و ئینسانییان بە ئەو خەباتەی گەلی کورد بەخشیوە کە پێ دەڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لە مێژووی هاوچەرخی کورد بێگومان کۆماری کوردستان خاڵێکی بەرچاو و شیاوی تێڕامانە کە ئەگەرچی جوانەمەرگ ببوو، بەڵام میرات و پاشماوەکانی هێندە قورس و قایمن کە ئێستاش جیا لە شانازی کردن بۆ وەرددانەوە وبەرگری کردنیش دەبن. بەڵام بەرجەستەکردنی کۆماری کوردستان بەبێ لە بەرچاوگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەجۆرێک جەفاکردنە لەو سیستەمە کە توانی جمهورییەت ڕابگەیەنێ و هەوڵ بدا بۆ سازکردنی دەوڵەتی کوردستان.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ٧٤ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە لە ئەوپەڕی ناکۆکی و ملمانێیەکانی ئێران و ناوچەکەدا، چیها خەونی گەورەی هەبووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ بەدیهاتنیان هەر لە تێکۆشان دایە.

کە چاو لە ئامان و پڕەنسیپە بنەڕەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین دەبینین کە لە دایکبوونی ئەم حیزبە لە کوردستان نەتەنیا بۆ ئامانجی چارەسەری پرسی میللی_ دێموکراتیکی گەلی کورد بووە و هەشە، بەڵکوو ئەو ماتەوزەیەی تێدا هەیە کە بۆ گەلانی دیکە ئێران و تەنانەت دەسەڵاتەکانیش وەکوو دەرفەت سەیر بکرێ هەتا هەڕەشە، وە لە پێناو چارەسەری پرسی گەلان و هەروەها سەقامگیر کردنی بەها دێموکراتیکەکان سەیر بکرێ.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەساسی کۆمەڵەی «ژ.کاف» لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی خاڵێکی وەرچەرخان بوو کە کورد بۆ یەکەمجار بیر لە خەباتێکی سیاسی و گەمەی سیاسی بکاتەوە و لە گێژاوی هاوکێشە سیاسییەکاندا واز لە شۆڕشێکی هەستەکی و بێ ئاکام بهێنێ. ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو، بێگومان کۆمەڵێک بەها و پڕەنسیپی نەتەوەیی و دێموکراتیک لانیکەم لە کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی لە کوردستانی نێو جوغرافیای ئێران یان تازە پێیان لە مەیدان دەنا، یان هەر بە نامۆیی دەمانەوە.

ڕێئاڵ پۆلتیک کە ئێستا وەکوو بوارێکی گرینگ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەچاو دەکرێ خەسڵەتی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و بەو جیاوازییەوە هیچ کات نەبووەتە بەربەستێک بۆ نەدیتنی خەونی گەورە! بەڵکوو ناساندنی دێموگرافی و بایەخدان بە نەریت و کولتووری کۆمەڵگە بەپێی هەمان دۆخی کولتووری و فەرهەنگی و داڕشتنی سیاسەت و پلان لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بێگومان لە هەلومەرجی شکلگرتنی حیزبی دێموکرات و زەرووڕەتی هاتنە مەیدانی بزاڤێکی وا، ئەم حیزبە توانیی کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر پرسی ناسنامە و «کێیەتی» کۆ بکاتەوە. ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو هیچ دوور نییە بەپێی فەزای سیاسی و مێژوویی ئەوکاتی ئێران کە کوردستانیشی دەگرتەوە، تا ماوەیەکی نادیار بیرۆکەی چەپێکی ئۆرتۆدۆکسی و هێژمۆنیخواز بەرۆکی خەڵکی کوردی بگرتبایە و خۆڵی لە چاوی کۆمەڵێک ئامانج و ویستی شوناستەوەر بکردایە.

ئەمە ژیری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەیەنێ کە بە ڕاشکاوی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیی لە تەنیشت یەک داناوە و هیچ کات لە ژێر ناوی ناسیونالیزمی دۆخ و دۆگمدا کۆمەڵگەی بە بارمتە نەگرتوە. هەر بۆیە لە سێیەمین خاڵی پڕەنسیبە بنەڕەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتوە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک، پلورالیست و دادپەروەرانەدا تێ دەکۆشێ. هەر ئەو پڕەنسیبە بەسە بۆ ئەوەی نەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆشاییەکی گەورە لە پانتایی سیاسیی ئێران و کوردستاندا دابندرێ.



## جیاوازیی نەتەوەخوازی لەگەڵ ناسیونالیزمی دۆگم وەک خەسڵەت و تایبەتمەندیی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خاڵێکی گرینگ لە ستاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بنەڕەتەوە هەوڵی جێخستنی داوە، هەر لەجێدا پرسی هەستیاری نەتەوەخوازییە.

لە چەند مانگ زێڕینی کۆماری کوردستاندا کە ئەو حیزبە بە کردەیی هەنگاوی بۆ دامەزراندنی دوڵەتی کوردی هەڵ هێنا، سەرەڕای هەبوونی سوپای میللی یان هێزی پێشمەرگە، بەڵام نەهات بەشێوەی پۆلیسی و میلیشیایی هەوڵ بدا کە زمان و ناسنامە و کێیەتییەکان بە زۆرەملێ جێ بخا یان هەوڵی سەپاندنی بدا، بەڵکوو وەکوو بنچینەی و باکگراوندی ئەو حیزبە واتە کۆمەڵەی»ژ.کاف» کە ڕێکخراوێکی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی بوو و لە سەر دەستی چەند قەڵەمبەدەست و نووسەر و ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی ڕێک خرابوو، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش لێ بڕابوون تا لە ڕێگەی هزری و فەرهەنگی و هێماسازییەوە نەتەوەخوازی لە کۆمەڵگەدا جێ بخەن. هەر بۆیە دامەزرێنەری ئەو حیزبە و یەکەمین ڕەئیس جمهوری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد، نازناوی شاعیری میللی بە «هێمن»ی لاو دەبەبەخشی و گرینگی بە خوێندنگە و چاپ و بڵاوکراوە دەدا؛ چونکی دڵنیا بوو لەوەی کە دەبێ کوردایەتی وەکوو ئەندێشە بچێتە ناخی تاک بە تاکی کۆمەڵگەوە.

خۆدوورگرتن و تەنانەت مەودادانان لەنێوان نەتەوەخوازی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی تۆخ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر جار ناسیۆنالیزم بەرەولای فاشیزم بوون چەمیوەتەوە و بیانووی داوەتە دەستی لایەنە فکرییەکانی دیکەوە. ئەگەر ئەوشێوە شوناسخوازییە هەر لە سەرەتا و هەتا ئێستاکەی حیزبی دێموکرات نەبایا، بگرە لە ڕەوتی مێژووییدا دەیان شەڕی خوێناوی لەنێوان حیزب و لایەنەکانی دیکە ڕووی دابا و هەروەها لە ئەمرۆکەی کوردستانیشدا کوردایەتی و نەتەوەخوازی چەمکێکی بێزراو بوایە، نەک دارێکی هەردەم لە گەشە و گەشاویی کە لە خواروژووری کوردستاندا دەبیندرێ.

ئەگەر ڕوانگەی پلورالیستیی حیزبی دێموکرات نەدەبوو، بە لە بەرچاو گرتنی کۆمەڵگەیەک کە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیە لە خەڵکی موسڵمان پێکهاتووە، بێگومان ئەگەری زۆر بوو دەسەڵاتی باڵای مەزهەبیی ئایدۆلۆژیتەوەر دەسەڵاتی بەدەستەوە دەگرت و بگرە بە دنەدانی وڵاتانی دیکە توندڕەویی ئایینی هەناسەی دێموکراسییەت و پێکەوەژیانی ئاشتەوایی بکوشتبا، بەڵام ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە هەر لە سەرەتای بنیاتنانی و هەم دواتر لە قوناخی هەستیاری کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ هەتاوی بەملاوە ڕێزی لە بیروباوەڕ جیاجیاکان بەتایبەتی باوەڕی ئایینی داناوە و توانیویەتی باوەڕی ئایینی هان بدا بۆ گرینگیدان بە پرسی نەتەوەیی و مرۆڤێکی کوردی موسڵمان لە جیاتی توندڕەوێکی بێ نشتمان دروست بکا.

## خەباتی فەرهەنگی وەک یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی مێژووی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات وەکوو لە دێڕەکانی سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا بە هیوای بنیانانی کۆمەڵگەیەکی مودێڕنە و هەر بۆ پێکاندنی ئەو مەبەستەش هەموو هەوڵی بۆ خەباتێکی فەرهەنگی داوە. بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و دامەزراندنی گرووپی شانۆ چەند بەرهەمێکی کەمتر لە ١١ مانگ دەوڵەتی کوردستان و کۆماری کوردستانن. بەوەڕا دەبینین کە ئەم حیزبە لە ئاستەمترین قوناخەکانیشدا خۆی لە کار و چالاکیی فەرهەنگی بێبەری نەکردوە و نەک ئەمەی بە زیادە نەزانیوە، بگرە بە بنەمای وەرگرتوە و لەنێو بەردی سەنگەریشدا هەم ڕادیۆی هەبووەو هەم «کوردستان»ی وەکوو ڕۆژنامەیەکی بەنرخ، بڵاوکردۆتەوە.

کەواتە ئەو بایەخدانەی ئێستاکەی حیزبی دێموکرات بە چالاکییە فەرهەنگییەکان کە لە ئێستاکەی کوردستانی ئێراندا باوە، نەتەنیا سواری شەپۆل بوون نییە، بەڵکوو بەروبووی مەزاری خەباتێکە کە بە خوێن و فرمیسکی شۆڕەسواران و تێکۆشەرانی دێموکرات ئاو دراوە و ڕۆژبەڕۆژ دەردەکەوێ کە پرسی نەتەوەیی لە کوردستان تەنانەت کاریگەریشی داناوە لەسەر گەلانی دیکە لە ئێراندا.

کەواتە دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان _کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدڕاڵە_ نەتەنیا مافی هیچ گەلیکی دیکە پێشل ناکا بەڵکوو دەستیان دەگرێ بۆ هەستانەوە و ژیانی بەختەوەرانە و دەرچوون لە بندەستی.

ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدبوو، هەم گەمەی سیاسی و تەعامولی سیاسی لە کوردستان گەشەی نەدەکرد هەم نەریتی شۆڕشگیرانە نەدەبوو بە تایبەتمەندی مرۆڤی کورد. ڕاستە لە کۆماری کوردستانەوە هەوڵ دراوە «وتوویژ» وەکوو پڕەنسیب و شیوەیەک لە خەبات سەیر بکرێ، بەڵام ئەمە هیچ کات تاقە ڕێگا نەبووە و ئەوە ٤٦ و ٤٧ی دێموکرات بوو کە سامناکی و هەیبەتی دەسەڵاتی شکاند. وە لە قوناغێی دیکە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، واتە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیشدا، ئەگەر جارێکی دیکەش ڕێبەریی ئەو حیزبە پێشڕەوە هەوڵی دا بە موزاکرە لە ناکۆکیی کورد و دەوڵاتی ناوەندی کەم بکاتەوە و هەنگاوێک بۆ پێشەوە بەرەو چارەسەری پرسی کورد هەڵگرێ؛ بەڵام کاتێ هێزی داگیرکەر هیرشی کردە سەر کوردستان و وەڵامی ئاشتیی حیزبی دێموکراتی بە ئاگر و ئاسن دایەوە؛ ئەمە دیسان حیزبی دێموکرات بوو کە خۆڕاگری و شۆڕشگێر بوونی خۆی و داکۆکی لە مافی نەتەوەی کوردی لە شێوەی بەرگریی چەکدارانەدا نواند.

ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو، بێگومان کێڵگەی کۆمەڵگەی ئێمە لە باری مەجالدان بە گەشەی لاوان و هاتنە مەیدانی ژنان و پرسەکانی مافی مرۆڤ و شوناسخوازی و هەوڵدان بۆ دەوڵەتی کوردی و هێماسازی و پێکەوە ژیان و ..هتد یان بەرهەم نەدەهات یان ئێگجار درەنگتر گەشەی دەکرد.

ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو، بەشێکی بەرچاو لە شوناس و کێیەتیی کورد و خەباتی فرەچەشنی ئەم گەلە چەوساوەیە نامۆ دەبوو. وە کۆتا قسە ئەگەر حیزبی دێموکرات نەدەبوو، بێگومان بۆشاییەکی گەورە لە بزووتنەوەی کورددا دروست دەبوو...

# ئابووریی سەربەخۆ کلیلی ڕزگاریی ژنان



زانا محەممەد

بابەتی گێڕانەوەی هاوسەنگی لە (ئەرک و ماف و شکۆ)دا بۆ ژنان لەگرینگترین ئەو بابەتانەن کە هەڵگری تایبەتمەندی و قسەگەلێکی زۆرە. هاوکات لەو بابەتانەشە کە تێڕوانینی زۆر و ئایدیای تایبەتمەندی لەسەر خراوەتە ڕوو. بۆگێڕانەوەی ئەم هاوسەنگییەش هۆکار و ئامراز و کارلێککەریی زۆر باسی لێ دەکرێ لە ناوەندە زانستی و کۆمەڵایەتیەکاندا. لەوانە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەئاگاهێنانەوەی ژنان خۆیان لە مافەکانیان و بڕواهێنان بە پیاوان بۆ داننان بە مافەکانی ژنان و هاوکات ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە و دەرکردنی یاسا بەجۆرێک ئەرک و مافی هاوسەنگانەی ژنان بپارێزێ و گۆڕانکاریی ڕیشەیی و لەسەرەخۆیانەی کولتوور و نەریت بەئامڕازگەلی بەهێز دادەنرێن بۆ گەڕاندنەوە و پێدانی شکۆی ژنان.

ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی و جەختی لەسەر دەکەینەوە لەم بابەتەدا ئەوەیە ئایا دەکرێ ئابووری بەهێزترین فاکتەر و ئەمرازی گێڕانەوەی هاوسەنگی جێندەری بێ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە دەمانەوێ لەم بابەتەدا بەکورتی هەوڵی وەڵامدانەوەی بدەین.

ئاشکرایە ئابووری بەهێزترین خاڵی ململانێی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئایینی و مەزهەبییەکانە هاوکات لەنێو هەریەک لەم کۆمەڵانەدا سازێنەری ململانێی توندە، بەم پێیەش لە نێوخودی هەردوو ڕەگەزە سەرەکییەکەی مرۆشدا بەدەستەوەبوونی ئابووری خاڵی بەهێزی و بەدەستەوەگرتنی کایەکانی تری ژیان و باڵادەستی بووە بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا. دەستگرتن بەسەر کایەی ئابووریدا بەمانای نشوست پێهێنانی بەرامبەر و بەکۆیلەکردنێتی. لەم دیدگایەوە کاتێک ڕادەمێنین لەبەراییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و سەردەمی دایکسالاری (چاخی بەردین) دەتوانین بەسەردەمی زێڕینی ژنان ناوی بێنین، بەوپێیەی بەشی زۆری کەرتی خۆبژێویی ڕۆژانە و ڕێکخستنە چڤاکییەکانی کۆمەڵی مرۆڤ لەدەست ژناندا بوو. پاشتر بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دەرکەوتنی ڕێکخستنی نوێی چڤاکی و بەرەوپێشڤەچوونی توانای خۆبژێوی مرۆڤ کە هەزاران ساڵی خایاند، ژنان پێگەی سەرکردایەتی و ئاراستەکردنی خۆبژێوی کۆمەڵگەیان لەدەست دا و پیاوان بوونە ڕەگەزی یەکەم و بێ هاوتا. ڕەنگە بەهێزترین گۆڕانکارییە گەورەی مێژووی مرۆڤایەتی پێویستی هێزی بازوو بووبێ لەبەردەوام بوون و گەشەکردنی ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤدا. کە ئەم هێزە بەشێوەیەکی دیارتر لەڕەگەزی نێردا خۆی بەرجەستە دەکرد. ئەم دۆخە و بەکەم زانینی ژنان لەچاو پیاواندا بەهەزاران ساڵی خایاند. لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی ڕێنیسانسدا بەجۆرێکی نوێ باسکردن لەگێڕانەوەی هاوسەنگی و شکۆدارکردنەوەی ژنان هاتەوە بەرباس و لێکدانەوە. بەڵام ئەمە لە ئاستێکی تەواو سنوورداردا بوو. تا سەردەمی ڕۆشنگەریی کە لێرە بەدوا بەشێوەیەکی فراوان باس و خواس لەسەر ژنان دەکرا هاوشانی پیاوان. ئەوەی زیاتری ئەم بابەتەی وروژاند و خزاندییە نیو قوتابخانە فەلسەفییەکان و دانیشتنە مەعریفیەکان دەرکەوتنی بزووتنەوەی فیمێنیزم بوو لە ئەمریکا و دواتر لە ئوروپا (بەتایبەت لەسەدەی نۆزدە بەدوا) فیمێنیستەکان جەختیان لە گێڕانەوەی ژنان دەکرد بۆ کایەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان و گێڕاونەوەی شکۆی ژنان. بەجۆرێک لەو دۆخە ئەبستراکتە دەریان بهێنێ.

شۆڕشی پیشەسازیش یەکێکی دیکە لەو ڕووداوە لەسەروخۆیانەی کاریگەریی لەسەر دۆخی ژنان هەبوو. بەرمەبنای ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی گرینگیی هێزی بازووی بەرەو کەمبوونەوە برد و بەهەمان مەودای ئەوکەمبوونەوەیە گرینگیی هیزی «بیری» زیادکرد، ئەمەش دەرفەتێکی گرینگ بوو کەژنان ڕۆڵی خۆیان ببینن و هەنگاوی ڕاستەقینە بنێن بەئامانجی جێکردنەوەی خۆیان لە بواری ئابووریی کۆمەڵگەکاندا. ڕاستە ئەمە لە ئاستێکی سنووردار دا بوو، چونکە شۆڕشی پیشەسازی سەرەتای دەرکەوتنێکی دیار و کاریگەری «کاپیتاڵیزم»ە کە ژنان خۆیان بەجۆرێک بوونە یەکێک لەئامرازەکانی گەشەکردنی کاپیتاڵیزم و هەندێک جاریش ژنان خۆیان دەبوونە خودی کاڵای مامەڵەپێکراو. بەمانایەکی تر ژنان هەم ئامرازی سەرمایەداری بوو هەندێک جاریش خوودی کاڵای بەبازاڕکراو بووو. سەرەڕای ئەم نەنگیانەی سەرمایەداری ژنان توانییان تێکەڵ بەکایە ئابوورییەکان ببن بەشێوەیەکی کردەی، کە مەرجی بنەڕەتییە بۆ وەڵامدانەوەی بەربەست و لەمپەڕەکانی کۆمەڵگە و کولتوور و تێڕوانینە ئایینی و بزاوتە سیاسییەکان. ڕەنگە ئەم هەنگاوەی ژنان تاکە ڕێگە و بەهێزترین ڕێگەی بەروپێشڤەچوون بێ بە ئامانجی گێڕانەوەی ژیانێکی شکۆدارانە و هاوسەنگانە، بەتایبەت لەکومەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا.

ئابووری سەربەخۆ و جێگیری ژنان توانای وەڵامدانەوەی کردەییان بەهێز و کاریگەر دەکا بەرامبەر شەپۆلەکانی دەست بەسەرداگرتنە هەمەلایەنەکانی پیاواندا، ئەو تێڕوانینە چەقبەستووەش تێک دەشکێنێ کەژنان تەنیا ئامرازی جوانکاری و دەزگایەکی وەچەخستنەوە بن و بۆ ئەوە درووست بووبن کە خواستە سێکسیەکانی پیاوان پڕ بکەنەوە.

هاوکات ئابووریی سەربەخۆی ژنان یارمەتیدەرە کە ژنان زیاتر بچنە کۆڕەکانی خۆسەلماندنی سیاسی و ڕووناکبیری و کولتووریی کۆمەڵگەکان و بەرەوپێشڤەچوونە سەردەمیەکاندا. کاتێک ژنان بڕیار دەدەن کە بەئاراستەی گەڕانەوەی قووت و شکۆی خۆیان بەرەو بونیادنانی ئابووریی سەربەخۆ لە ماڵەکان بچنە دەرەوە، بەهەمان ئاراستەش بەشداریکردنیان لە چالاکییە مرۆییەکاندا زیاتر دەبێ، بەهەمان مەوداش کۆت و بەربەستەکانی بەردەم ژنان وەک مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن شکۆی پارێزراو ڕوو لەداڕمان و لاوازبوون دەچن.

کۆمەڵگەی کوردی نموونەیەکی زیندووی کۆمەڵگەیەکی کولتووری ڕۆژهەڵاتییە، نەبوونی ئابووری سەربەخۆ لە ڕابردوو بە ئێستاشەوە دۆخێکی چەقبەستووی کارەساتئامێزی بۆ ژنانی کورد هێناوەتە ئارا، بەدەر لە ستەم و زۆرداریی دەرەکی لەسەر کۆی کۆمەڵگەی کوردەواری و نەخوێندەواری و خێڵەکییەت کە ژنانی کورد بەشێکی بنەڕەتی قوربانییەکانی بوون.

خانمێکی کورد ناچار بووە یان ناچار دەبێ لەپێناو بژێوی ڕۆژانەیەدا مێرد بە کەسێک بکا کە قەت لەگەڵ «خواستەکانی» ئەو نایەنەوە، یان دەنا ستەم و کەرامەت شکێنیی خۆی لەلایەن مێرد یان باوک و برا قبووڵ بکا، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی دیکەی بژێوی نییە. هەموو ئەمانە پێکەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی ئابووریی سەربەخۆ بۆ ژنانی جیهان بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەت (بەوپێیەی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لەقۆناغی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دایە) بەهێزترین و بنەڕەتیترین کیلی ڕزگاریی کەسایەتی ژنان و گێڕانەوەی شکۆیانە وەک مرۆڤ. هاوکات ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ ژنانی کورد بۆخۆبردنە پێشەوەی ژنان هاوشانی پیاوان لە بوارەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنی و ڕووناکبیری و کارگێڕی و تەواوی کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا.

لەکورتترین خاڵدا بوونی (ئابووریی وابەستە) دۆخی ژنان لە کوردستان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوارخۆشکەر و بەردەوامیدەرە بە بەسەرکوتی خواستەکانی ژنان و مانەوەی باڵادەستیی پیاوان بەسەر ژناندا. بەهەمان شێوە پێچەوانەکەشی ڕاستە و بوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ کە لەسەر بنەما و تواناکانی ژنان وێناکرابێ، فریادەرسی گۆڕانکاریی گەورە و بەرەو پێشچوونی دۆخی ژنان و تەنانەت تەواوی کۆمەڵگەشە، هاوشان کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ و ئایندەیەکی باشترە بۆ ژنان و تەواوی مرۆڤایەتی.

# شوینیزمی ناوەند و پرسی زمانی زگماک



جەمیل سەرمەستی

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە نێوبردنی زمانی گەلانی غەیرەفارس لە ئێراندا و لەو پێوەندییەشدا ئەگەری جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی «بسندگی زبان فارسی» لە قوتابخانەکانی وڵاتدا؛ نیگەرانیی دڵسۆزانی بەشی پەروەردەی زیاتر کردوە.

دیارە زمان وەکوو کۆڵەکەی مان و مانەوەی هەر نەتەوەیەک بە تایبەت بۆ ناسین و ناساندنی خۆی چاوی لێ دەکرێ و بە تایبەت لەم سەدەیەدا کە سەدەی شوناس و خۆناسینی گەلانە و مەترسییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ داگیرکەر و نەتەوە سەردەستەکان کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستی. هاوکات لە سەردەمی ئێستادا زۆر لە ڕاستییەکان ناشاردرێنەوە و سەردەمی خەڵەتاندن و دەسبەسەرکردنی بیری مرۆڤەکان خەریکە ماڵاوایی دەکا و ئەمانەش بۆ دەسەڵاتخوازە توتالیتێرەکان، شوینیستەکان و ڕەگەزپەرەستەکان بڤەیە و یان دەبێ دونیای پێشکەوتوو لە ئامێز گرن، یان بە گژیدا بچنەوە کە هەرکامیان تێچووی خۆی هەیە.

بە سەرنجدان بە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ ئەوەیدا کە لە ئامێزی دونیای پێشکەوتوودایە و قازانجەکانیشی لێ هەڵدەکرێنێ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە بیر و هزرێکی کۆن و پرتووکاوەوە بە گژیشیدا دەچێتەوە و زۆر جاران ڕوومەتی پێشکەوتن بریندار دەکا و قامک بە چاوی زانست و ڕاستییەکاندا دەچەقێنێ.

سیستمی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەیەک داندراوە کە نە کەسی زانستی و پسپۆڕ لە خۆ دەگرێ و نە جێگاشی دەبێتەوە، هەر بۆیە چاوەڕوانییەکانیش دەبێ لە ئاستی قەبارەی ئەو سیستمەدا بێ. بە واتایەکی خۆماڵییانە ناکرێ بە تاوانی خواردنی مەڕ و ماڵات گلەیی لە گورگ بکرێ. ئەوەیکە پێویستە تەنیا چاودێری و وشیاری بەجێگەیە.

لەم دواییانەدا و لە بەردەوامیی هەوڵەکانیان بۆ سڕینەوەی زمان و شوناسی گەلانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەکوو «کورد، ئازەری، تورک، بەلووچ و عەرەب» وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیم گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی «بسندگی زبان فارسی» پەسەند کردوە کە گەڵاڵەیەکی شوینیستی و ڕەگەزپەرەستانەیە و تەنانەت یاسا سەقەتەکەی خۆشیان واتە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم پێشێل دەکا؛ کە تێیدا هاتووە هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە بە زمانی خۆی لە پاڵ زمانی فارسیدا بخوێنێ و بنووسێ؛ هەرچەند تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەو ماددەیەش کار نەکراوە و نە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم گەڵاڵەیە بریتییە لەوەی منداڵانی غەیرە فارس دەبێ پێش دەسپێکردنی خوێندنی سەرەتایی، تاقیکاریی زمانی فارسی بدەن. واتە ئەگەر منداڵێک فارسی نەزانێ دەبێ بخرێتە خوێندنگە نائاساییەکان و ئەمە بە نوقسانییەکان بۆ منداڵ دادەنرێ کە هێچ پێوەر و بنەمای زانستی لە پشتەوە نییە و تەنیا دەکەوێتە خانەی ڕەگەزپەرەستی و هەڵاواردنێکی سیستماتیکەوە. ئەم گەڵاڵەیە پیلانێکە بۆ ئەوەی دایک و باوکەکان ناچار بن هەر لەسەرەتاوە بە زمانی فارسی لەگەڵ منداڵەکانیان بدوێن کە ئەگەر بکەونە ئەو داوەوە کارەساتێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و ئەگەریش بە فارسی قسە نەکەن و بە قەولی خۆیان لە تاقیکاریی «بسندگی»دا دەرنەچن ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناوچە غەیرە فارسەکاندا بەرز دەبێتەوە و ئەویش بۆخۆی دەسکەوتێکە بۆ داگیرکەران و خەسارێکە بۆ نەتەوەکانی دیکە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەم گەڵاڵەیە کەوتە بەر ڕەخنە و دژایەتیی زانایان، پسپۆڕانی زمان، ڕووناکبیر و دڵسۆزان و چالاکانی فەرهەنگی و مافی مرۆڤەوە.

وەک باس دەکرێ ئەم گەڵاڵەیە سەرەڕای نارەزایەتییەکان لە چەند ناوچەیەکی ئێران کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەچێ کە ژێنۆسایدێکی زمانی دەست پێبکا. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زمان وەکوو میراتێکی مرۆیی چاوی لێ دەکرێ و لە وڵاتانی دیکەدا هەموو هەوڵەکان بۆ پاراستنی زمان وەگەڕ دەخرێن.

هەموو لە بیرمانە کە لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵدا و دوابەدوای قسەکانی خامنەیی لە هەمبەر ترس و نیگەرانیی ناوبراو لە فەوتانی! زمانی فارسی، «ڕیزوان حەکیمزادە»، جێگری پەروەردەی سەرەتایی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو گەڵاڵەیە گوتی: ئەمە گەڵاڵەیەکە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەریی پەروەردە! پەسندکرانی ئەو گەڵاڵەیە لە کاتێک دایە کە نەتەوە غەیرە فارسەکان لە هەموو شوێنە زانستییەکاندا ئەگەر لە فارسەکان سەرتر نەبن، کەمتریش نین و لە بواری زانست و خوێندندا پێشکەوتنی بەرچاویان دەست خستووە کە نموونەی هەرە بەرچاو و تازەیان «کۆچەر بیرکار»ی خەڵکی گوندی نێی مەریوانە کە خەڵاتی باشترین بیرکاری دونیای وەرگرت.

کە واتە ئەم گەڵاڵەیەش نەک هەر پێشێلکەری تەواوی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە بەڵکوو ڕوانینێکی لێوانلێو شوینیستی و ڕەگەزپەرەستانەیە، وەکوو نموونەی هەوڵەکانی ڕەزاشا بۆ یەکسان کردن و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە، کە نەک ئەو ئامانجەی نەپێکا، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی ویستی شوناسخوازانەی گەلانی بندەست ڕوو لە گەشەسەندان بکا. هەر لەم ڕووەوە تیرامانی خەڵک و هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی و بە تایبەت چالاکانی بواری زمان و مامۆستایانی دڵسۆز دەتوانێ ببێتە پەرژینێکی قایم بۆ ئەو پیلانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر پاراستنی زمانی کوردیدا.

# دێموکراسی و فێدرالیزم

کوردستان باوەجانی

فێدرالیزم شێوەیەک لە جۆرەکانی حکوومەتدارییە، نەک نێوەرۆک و نێوئاخنی ئەو، کەوابوو بەرلە هەموو تشتێک ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرین کە تەنیا گۆڕانی ڕواڵەتیی جۆری حکوومەت زامنی هەوێتی و ئارمانجەکانی باسکراو نییە، لە لایەکی تر ئێمە لە ئێران ئەزموونی ئەوەمان هەیە جارێک بە ویستی گشتی کە لە ئاکامیدا شۆڕشێک کرا شێوەی حکوومەتی گۆڕی و لە پاشایەتی بۆ «کۆماری ئیسلامی» هەڵگەڕاوە؛ هەر بۆیە نێوەرۆکی حکوومەتە کە دەتوانێ لەونی مرۆیی پێ بدا. ئەوەی جێگای باوەڕ و پەسنی هەمووانە نێوئاخن و هەناوی دێموکراتیک بوونیەتی، بەڵام پێش ئەمە؛ ئەو نیزامە کە ئادگارێکی دێموکراتیکی هەیە و ئێمە لەسەری کۆکین، هەڵقوڵاوی پەیمان و گرێبەستێکی هاوبەش کە جێی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بێ و دەنگی گشتیی خەڵکی لەسەر بێ و بە تێپەڕینی زەمەن بکرێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ هەتا بتوانێ مافی شارۆمەندیی تێدا دەستەبەر بکرێ؛ ئەو پەیمانە هاوبەشە بە «یاسای بنەڕەتی» دێتە ناسین، تەنیا ژیان لەو کەشە دایە کە دەکرێ بە ژیانێکی سیاسیی ئازادانە و دێموکراتیک ناو بەرین.

هەروەها وێدەچێ لەسەر ئەم مژارە کۆک و هاوڕا بین کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و زاف ئۆل و ئایینییە، کە ئەمەش جۆرێک فێدرالیزمە کە بۆ نێوەرۆکی ئەم خاڵەی باسی دەکەین گەلێک شیاوە. وەداخەوە ڕوانینی گشتی نەک هەر لە نێو شەبەنگی خەڵک تەنانەت لە نێو بەشێکی زۆری چالاکانی سیاسی و قەڵەمبەدەستانیش لە دێموکراسی «دێموکراسی زۆرینە»یە. دەمێکە ئەو شێوە دێموکراسییە بەو ڕوانینە کاڵ بووەتەوە و، دێموکراسی تەنانەت بەو پێناسەیەش کاتێک دێموکراسییە کە زامن و پارێزەری «کەمینە»کان بێ، هەروەها بە درێژایی مێژوو چەمکی دێموکراسی گەلێک جۆری تاقی کردووەتەوە و زۆر شێوازی تریشی بۆ دانراوە و پێناسەی بۆ کراوە.

دوو شێوازی هەرکام لە نیزامە دێموکراتیکەکان دەبێ وڵامدەری سێ پرسیاری سەرەکی بن: کێ(چ کەسێک) دەستەڵاتی دەبێ؟ نیزامی دەستەڵاتدار دەبێ گوێڕایەڵی کام یەک لە چینەکانی کۆمەڵگە بێ؟ حاکمان دەبێ پارێزەری قازانج و بەرژەوەندییەکانی کام یەک لە گرووپەکان بێ؟

دو جۆر وەڵام هەیە: یەکەم کەسانێکن کە کاکڵی دێموکراسی هەر بە دێموکراسی زۆرینە دەناسێ و پێداگری لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی زۆرینە دەکا، ئەم توێژە لە بەرسڤی پرسیاری یەکەمدا، مافی دەستەڵات تەنیا بۆ ئەوانە بە ڕەوا دەزانێ کە زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنەکان هێنابێتەوە.

لە وڵامی پرسیاری دووهەمیشدا ڕەوتی زۆرینە لەسەر ئەو باوەڕەن کە حاکمان و دەستەڵاتداران بۆ قازانج و ویستی ئەوانە هەنگاو هەڵێنن کە زۆرینەن. لە وڵامی دوامین پرسیاریشدا وایان باوەڕە کە سیستمی حاکم دەبێ تەنیا بەرگری لە داخوازی و بەرژەوەندیی ئەو لایەنە بکا کە دەنگی پێداوە بۆ سەرکەوتن.

لەو مۆدێلەدا وڵام دانەوە بەو پرسیارانە، ئەوانەی کە زۆرینەی دەنگەکانیان نەهێناوەتەوە واتە «کەمینەکان» هەتا هەڵبژاردنەکی تر دەبێ ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بگێڕن و، چاودێریی کار و کردەوەی زۆرینە دەکا. ئەم تێفکرینە، هاسانترین و باوترین ڕوانین بۆ دێموکراسییە کە لە وێژەی سیاسی وەک مۆدێلی زۆرینە دەناسرێ. دووهەمین شێوەی وڵامدانەوە تەکزکرن بە پێکهاتن (سازان) ـە. لەو شێوازەدا بەرسڤدانەوە بە پرسیارەکانی سەرەوە، جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ مۆدێلی یەکەمدا هەیە، لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا لەسەر ئەم خاڵە پێدادەگرێ کە دێموکراسی ناتوانێ تەنیا لە ئاستی زۆرینە و کەمینە دابێ، ڕاستە وەدەست هێنانی ئاکامی زۆرینە لە هەڵبژاردندا گرینگە، بەڵام بەو مانایە نییە کە کەمینە دەبێ وەلا بنرێ و ببێتە دژبەر، کەوابوو لەم حاڵەتەدا دەبێ بەدوای پشکی کەمینە لە هەموو بڕیاردان و دەستەڵاتێکدا بگەڕێین، بۆ وڵامی پرسیاری دووهەمیش هەنگاوێک پێش دەکەوین و گرینگی دان بە ویست و داخوازییەکانی کەمینە و زۆرینە لە یەک زەمەندا، وەک ستراتێژیی کرداری دێموکراسی دابنێین، لە ئاستی سێهەمیش ئەو مۆدێلە لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەو بڕیارانەی دەدرێن دەبێ دە جۆگەی قازانج و بەرژەوەندیی بەشی هەرە زۆری خەڵک دابێ نەک تەنیا بۆ ئەو کەسانەی دەنگیان داوە بۆ سەرکەوتنی لایەنێک بۆ گێشتن بە دەستەڵات، ئەو شێوە لە دێموکراسییە بە دێموکراسیی پێکهاتن (سازان) ناو دەبەن. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مۆدێلانە لە هەڵبژاردنی گشتی کەلک وەردەگیرێ؛ جا هەر لە هەڵبژاردنیش دایە دەردەکەوێ کام یەک لەو کۆمەڵانە چەند لە سەد دەنگیان وەدەست هێناوە و خەڵک زیاتر متمانەیان بە کامە داوە.




تەوفیری ئەم دووانە لەوە دایە کە ئەوەی تیپی یەکەم بە دەرچوونی وەک براوە بە زۆرینەی زۆر پڕۆسەی دێموکراسی کۆتایی پێدێ بەڵام لەوەی دووهەمدا دێموکراسی بە ڕاگەیاندنی براوەبوونی لایەنێک کۆتایی پێ نایێ، ئەگە لە شێوەی هەوەڵ؛ سەرجەم دەستەڵاتەکە بدرێتە زۆرینە لە فەزای مۆدێلی دووهەمدا دەرفەت بۆ پشکداربوونی لایەنەکانی تریش دەدرێ کە بەشداری دەستەڵات بن، ئەگە لە جۆری یەکەم کەمینە لە بازنەی هێز وەدەر دەنرێ ئەوە یانی «دێموکراسیی نزمکەرەوە» لەوەی تر کەمینە بەشداری دەستەڵات دەکرێ کە ئەمەش پێی دەگوترێ «دێموکراسیی بەشدارانە»، ئەگە لە شێوازی یەکەم کەمینەکان دەچنە ژێر سێبەری زۆرینەکان، لەوەی دووهەمدا کەمینە بەشێکە لە دەستەڵات و حاکمییەت، دەنگی زۆرینە لە مۆدێلی دووهەمدا تەنیا بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنەیە کە کابینەی دەوڵەت پێک دێنێ نابێ ئەو مافە بە خۆی بدا کە تەواوی بەهاکانی سیاسی و کولتووریی خۆی بەسەر لایەنەکەی تر فەرز بکا و بیسەپێنێ. لە بارەی ئێران ئایا شێوازی «دێموکراسیی زۆرینە» تەنانەت بە پاراستنی هەموو بەهاکان هەمیسان بۆ وڵاتێکی وەک ئێران وێنا دەکرێ کە هەوێتی دێموکراتیکی هەبێ؟ لەبۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ سەرنج بدرێتە ئەو خاڵانەی ژێرەوە کە لە بنچینەکانی پراکتیکی دێموکراسیی زۆرینەیە.

١. ئەم شێوەیە زۆرتر لەو وڵاتانە دەبینرێ کە لە بواری کولتووری، جوغرافیایی، ئۆلی و ئەتنیکی جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێ.

٢. بوونی حیزبگەلی سیاسی کە سەرتاسەری بن و لە نێوان سەرجەم لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵاتی سیاسی و لە چوارگۆشەی نیشتمان بوونێکی باشیان هەبێ، یانی حیزبەکان بەو جۆرەی نین کە تەنیا دەڕاستای بەرژەوەندییەکان و ویستی بەشێک یا وڵاتێک یا بە ناوی تیپێکی ئەتنیکی، یا فەرهەنگی تایبەت چالاکی بکەن.

٣. لە نێوان حیزبە گەورە و ڕەسەنە سیاسییەکان جیاوازییەکی بەرچاو نابینرێ.

٤. لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵات جیاوازییەکی وەها زۆر و زەبەند بەدی ناکرێ، ئەگە هەشبێ فرە کەمە، واتە بەم جۆرە نییە کە بەشێک لە وڵات خەڵکێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو و هەژاری هەبێ و بەش یا لە بەشەکانی تر پێشکەوتن و سروەت و سامان زاف بێ. بەڵام ئەگە ئەو ڕەوشە نەبووبێ، دەبێ چ بکەین؟

لە وڵامدا دەبێ بڵێین نابێ بە هیچ شێوەیەک بیری دێمۆکراسیی زۆرینەمان بە مێشک دابێ، لە کۆمەڵگەیەک کە سیستمی دوو حیزبی نەبوو واتە لە بواری نەتەوەیی، کولتووری و ئایینیدا جیاوازیی بەرچاو هەبوو، دەبێ چ بکرێ؟ کام یەک لە شێوازەکانی دێموکراسی بە کەلکمان دێ؟ ئێران لە بواری پێکهاتەی ئەتنیکی، نەتەوەیی، زمانی و کەلەپوورییەوە تەواو جیاوازی هەیە دەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەم تەوفیرەش هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو بۆ ساڵانی دوور یانی ئەو ساڵانەی ئێران بەو مانایە شەقڵی گرت، دەگەڕێتەوە، ئەو جیاوازییانەش لە قەوارەی ڕەوتە سیاسییەکان خۆیا بوونە، بە کورتی و بە پوختی ئێران وڵاتێکە کە چەندین نەتەوە و حیزب و لایەن هەنە کە بەشی هەرە زۆریان لە ژێر کاریگەریی پارامێتری وەک نەتەوە، ئۆل، کولتوور و زمان سەریان هەڵداوە نەک بە مانای شارۆمەندی بەڵکوو دیرۆکێک تەژی لە بەرخۆدان لەبەرامبەر چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری، بەو ڕوانینە دەبێ چتۆ بڕوانینە وەدەستهێنانی دێموکراسی؟ نابێ بەرەو شێوازێک بڕۆین کە سەرجەم دەستەڵاتەکە دە کۆشی زۆرینە دەکا، لەو ئێرانەدا نابێ هێز و دەستەڵات هەر هەمووی بۆ لایەنێک بێ و ئەوانەی تریش پەراوێز بخرێن، پرسی زۆرینە و کەمینە لە ئێران پرسێکی ژومارەیی نییە، بەڵکوو باسێکی سیاسی و گەلێک مەزنە کە پێویستی بە چارەسەری جدی هەیە، پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و زمانیی ئێران بە جۆرێکە کە بەشێک لەو لایەنانە هەمووکات شانسی بەزۆرینە بوونیان هەیە و لەبەرامبەریشدا بەشێک هەمیشە وەک پاشکۆ دەمێننەوە، کەوابوو دەست هەڵگرتن لە مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینە هەنگاوێکی ئەرێنییە لەم ئاخەدا، پێنگاوی دووەمژی، گەڕان بە دوای ڕێکارێکە بۆ دامەزراندنی سیستمی دێموکراسیی هاوبەش، ئەو شێوەیە لە هیندێ وڵات بە «دێموکراسیی ئەنجوومەنی»یش ناسراوە، شێوازێکە کە سەرەتا لە یاسای بنەڕەتی یا پەیماننامەکان لەتەک لایەنە سیاسییەکانی تر، پشکی گرووپە ئەتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی و سیاسی لە چێکردی دەستەڵات دیاری دەکا، هەم پشکیان لە کابینە هەیە هەمژی لە پاڕلمان، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ لە وڵاتێکی وەک ئێران بەو هەمووە ڕەنگ و تەوفیر و جیاوازییە قووڵە، هیچ کات ناتوانێ تەنانەت بە گۆڕانی فۆڕمی حکوومەت لە سیستمی سانترال بۆ سیستمی فێدێڕاڵ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر دابێ، چوونکە هەر سیستمێکی فێدێڕاڵ حکوومەتێکی ناوەندی، یاسایەکی بنەڕەتیی هاوبەش و پاڕلمانێکی ناوەندیش کە پرسە گرینگە نەتەوەییەکان تاوتوێ بکا، هەیەتی.

ئەگە پشکی ئەو گرووپانە لە دەستەڵات لەبەرچاو نەگیرێ لە ڕاستییا ئێمە بەرەو فێدێڕالیزم هەنگاومان نەناوە، چاو لە وڵاتی ئێرلەند بکەن، چوونکە کاتۆلیکەکان هیچ کات ناتوانن زۆرینە بن، گشت ڕێگاکان بۆ بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسیان لەسەر داخراوە و ناچار بەرەو خەباتی چەکداری چوون و ئاکامەکەشی ئەوە بوو ساڵی ١٩٩٨ی زایینی پێکهاتن و دەستەڵات دەنێوانیاندا بەش کرا، نابێ لە بیرمان بچێ لە وڵاتێکی وەک هیندوستان موسڵمانان هیچ کات نابنە زۆرینە هەروەک فەڕانسەوییەکان لە بێلژیک و کوردەکان لە ئێران، داهاتووی ئێران لە بەر ڕۆشنایی دێمۆکراسی، چارەسەر دەبێ. ئەو کەسانەی شێوازی نادێموکراتیکی یا دژە دێمۆکراسی بانگەشە دەکەن و دەخوازن ئەندێشەی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێلەکانی دێموکراسی لەتەک بیرۆکەی دواکەوتوو و چەپەڵ بگۆڕنەوە، ئەم نیشتمانە لە کارەساتێک و تارماییەک بۆ کارەسات و ڕەشاییەکی تر پاڵ پێوە دەنێن.

# ئاخۆ کۆتایی ڕێژیمی ئێران نزیکە؟



و: کەماڵ حەسەنپوور

ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ بەقەد کاتی ئۆپەراسیۆنی سیسرکی نزاکەر لە ١٩٨٨، کە ئەو کاتی مەزنترین تێکهەڵچوونی دەریایی لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو ، نزیکن.

جەوهەر و ئۆکسیژێنێکی زۆر بۆ شرۆڤە کردنی ئەو مەسەلەیە سەرف کراوە، بەشێکی بە باشی و بەشێکیش ساویلکانە. لێرەدا هەندێک بۆچوون باس دەکەم کە بەخت یارم بوو و ماوەی نزیکەی حەوت مانگ لە کۆماری ئیسلامیی ژیام بۆ توێژینەوەی تەواوکردنی بەڵگەنامەی دوکتۆرایەکەم لەسەر فەلسەفەی مێژووی ئێران، و ئەو زانیارییانەم وەدەست هێناون. من لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی جۆرج دەبلیو بوش لە بەشی ئێران لە پێنتاگۆندا کارم کردوە، زۆرجار سەردانی کەنداوی فارسم کردوە، و لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەسەر ئێران بەدواداچوونم کردووە.

١) زەخت کاریگەریی لەسەر ئێران هەیە. زیاتر لە دە ساڵە کە ڕوانگەیەکی سەیر برەوی پێ دەدرێ کە زەخت خستنە سەر ئێران بێ فایدەیە. بۆ وێنە، دینا ئەسفەندیاری لە دامەزراوەی سەنچری لە تویتێکدا دەنووسێ «# ئێران تا زەختی پتر لەسەر بێ وتووێژ ناکا چونکە ئەوە بۆ دەوڵەت وەک خۆکوژی وایە. ئەوان کاتێک وتووێژ دەکەن کە لە بەرامبەر سازش کردندا شتێک وەدەست بێنن.» و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێژەی سانتریفیوژەکان وەک پێوانەیەک، وێندی شێرمەن، دانوستانکارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، لێکدا لێکدا دەڵێ کە سازش کردن بەسەر ناچار کردندا سەردەکەوێ.

بەڵام هەردوو، ئەسفەندیاری و شێرمەن لە کەم بایەخ نواندنی زەختدا هەڵەن. هەر وەک من لە وتاری سەما لەگەڵ شەیتاندا بە وردی باسی مێژووی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆکان و تاقمە تێرۆریستییەکانم کردوە، چەمانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە زەخت شتێکە کە پێشینەی هەیە. بۆ وێنە، لە ١٩٨١، ئایەتوڵڵا خومەینی لە کاتێکدا بارمتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئازاد کردن کە بە گشت داواکارییەکانی نەگەیشتبوو. ئەو لەبەر دیپلۆماسیی لێبڕاوانە ئەوکارەی نەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە تەریک کەوتنەوەی ئێران ببووە بارێکی هێندە قورس کە نەیتوانی هەڵی گرێ، بە تایبەتی بە لەبەر چاوگرتنی شەڕی ئێران و عێراق.

خومەینی بە هەمان شێوە لە ١٩٨٨ ئاگربەسی قبووڵ کرد و هێشتی سەددام حوسێن لە عێراق لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، شتێک کە پێشدا سوێندی خواردبوو کە هەرگیز قبووڵی نەکا. هۆیەکەی چی بوو؟ درێژەدانی شەڕی ئێران_عێراق لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هێندە دژوار بوو کە مانەوەی ڕێژیمی ئێرانی دەخستە مەترسییەوە.

لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی هات بۆ سەر مێزی وتووێژ لەبەر زەختی ئابووریی دوای سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووریی یەکلایەنەی ئەنجومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە سەرەتادا کۆشکی سپی دژی بوو بەڵام دوایە شانازییەکەی کردە هی خۆی.

لە پەیوەندی لەگەڵ باسی شێرمەن لەبارەی ڕێژەی سانتریفیوژان، ئەو کۆی مەسەلەکە بە هەڵە تێ گەیشتوە. لە نێوان ١٩٩٨ تا ٢٠٠٥، ئاڵوویری بازرگانی یەکیەتیی ئوورووپا لەگەڵ ئێران نزیکە سێ قات زیادی کرد و نرخی نەوت بۆ پێنج قات بەرز بۆوە. بۆیە ڕێژەی سانتریفیوژەکان زۆر زیادیان کرد و ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە سازش کردنەوە نەبوو، بەڵکو هۆیەکەی دیپلۆماسیی لە ڕاددەبەدەر بوو.

بەڵام کاربەدەستانی ئێران پێشکەتوون و لە سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێدەگەن. ئەو ڕاستییە کە ئێران بۆتە تۆپی سیاسی لەکۆنگرە و کاناڵەکانی هەواڵنێرییدا لەوانەیە ئێران بەرەو شەڕەنگێزی هان بدا، بە تایبەت ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بگەنە ئەو ئاکامە کە ئەوان دەتوانن ببنە هۆی پەرەئەستاندنی کێشەی سیاسی لە واشینگتۆن. بۆیە، ئەمریکا هیچ ڕێگاچارەیەکی نییە جگە لە یەکگرتوویی.

٢) سیاسەت ماوەی مانەوەی هەر کارمەندێک




**گیروگرفتەکە تەنیا ئابووری نییە. سوپای پیری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی چوونەسەرێی تەمەن خەریکی مردنە و ڕێبەری گەورە عەلی خامەنەیی دەزانێ کە بۆخۆشی زۆری نەماوە. بە پێچەوانەی ١٩٨٩، دوایین جار کە لە ئێران ئاڵوگۆڕی ڕێبەریی لە لوتکەی دەسەڵات بەڕێوە چوو ، ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی ڕوون لە ئارا دانییە و لەناو سیستەمیشدا ئەو باوەڕبەخۆبوونە نییە کە ئاڵوگۆڕەکە بێ گیروگرفت بچێ بەڕێوە. زۆر وێدەچێ دۆخێکی بێ ڕێگاچارە یا تەنانەت کودەتای سەربازیی بێتە ئاراوە کە مەلاکان بێنێتە ژێر ڕکێفی ژەنڕاڵەکان. کۆماری ئیسلامیی یا نا ، ئەوە نۆرمێک بووە کە بە درێژایی مێژووی سەردەمی ئێران بوونی هەبووە**

لە پۆستەکەیدا دیاری دەکا. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، زۆربەی ئادمیرال و ژەنڕاڵەکان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کارێکی تایبەتییان پێ دەسپێردرێ. ڕێژەیەکی کەم لە ئەفسەرانی هەرە پلەبەرز زیاتر لە دەورەی بەرپرسی گشتیی هێزە سەربازییەکان، کە ماوەی خزمەتەکەی چوار ساڵە، لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. بەڵام لە ئێران ئەفسەرە پلەبەرزەکان بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەمێننەوە.

بۆ وێنە، سەرۆکی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، محەممەد عەلی جەعفەری، پێش ئەوەی کە حوسێن سەلامی لە سەرەتای ئەمساڵدا جێگەی بگرێتەوە نزیکەی دوازدە ساڵ لە سەر کارەکەی بوو. جگە لەوە، عەلی فەدەوی بۆ ماوەی هەشت ساڵان فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسداران بوو، پێش ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو عەلیڕەزا تەنگسیری جێگای بگرێتەوە. (پاش ئەو فەدەوی بوو بە جێگری سەلامی). و لە کۆتایی ٢٠١٧، لەنێو هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا ئاڵوگۆڕ پێک هات کە دوای زیاتر لە دە ساڵ بووە هۆی تەکانی ڕێکخراوەیی.

کاتێک کە لە فەرماندەییدا ئاڵوگۆڕ دێتە ئاراوە، بە تایبەتی لە کۆماری ئیسلامییدا، جێگرەوەکە دەبێ بوێریی شۆڕشگێریی خۆی بسەلمێنێ. هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەیە چارەی فەدەوییان نەویستبا، کاتێک کە فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بوو، بەڵام لێی تێدەگەیشتن. و سەرەڕای کێشەی دیپلۆماتیکی نێوان تاران و واشینگتۆن، هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتوەکان پەیوەندیی دوورودرێژی گەرم و پرۆفێشناڵیان لەگەڵ هاوشانە ئێرانییەکانیان هەبوو. گشت ئەوانە ئێستا بوونە مێژوو، لە کاتێکدا کە فەرماندە تازەکانی ئێرانی هەوڵ دەدەن هێڵە سوورەکانی کە لەمێژە دیاریکراون تاقی بکەنەوە.

٣) ئێمە لەوانەیە شاهیدی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران بین. کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی گەردەلوولێکی بێخەوش بووە، و ئابلۆقەکان زەرەریان بە ئابوورییەکەی گەیاندوە. هیوای تاران بە وڵاتانی ئوروپایی و ئاسیایی بۆ گوێنەدان بە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان شکستی هێناوە، کاتێک کە بازرگانەکانی ئەو وڵاتانە لە لێکدانەوەکانیان بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەوان ناتوانن خۆیانوو تووشی مەترسیی سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە دەوڵەتەکانیان چ حەز و ئاواتێکیان هەیە. سیاسەتوان و دیپلۆماتکاران ئاڵوویری وشە دەکەن، بەڵام بازرگانەکان دەبێ خاوەن پشکەکانیان و ئاکامەکان لەبەر چاو بگرن. هەڵبەت هیچکام لەوانە نابێ ببنە هۆی سەرسوڕمان، چونکە دەقاودەق هەمان مشتومڕ لە کاتی سەرکۆماریی بیل کلینتۆن لە ١٩٩٤ و ١٩٩٥ بۆ پەسند کرانی بڕیاری خستنی ئابلۆقە بۆ سەر ئێران و لیبی، سەری هەڵدا. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئێستا دراوی ئێران تووشی دارمان بووە.

بەڵام گیروگرفتەکە تەنیا ئابووری نییە. سوپای پیری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی چوونەسەرێی تەمەن خەریکی مردنە و ڕێبەری گەورە عەلی خامەنەیی دەزانێ کە بۆخۆشی زۆری نەماوە. بە پێچەوانەی ١٩٨٩، دوایین جار کە لە ئێران ئاڵوگۆڕی ڕێبەریی لە لوتکەی دەسەڵات بەڕێوە چوو، ئێستا هیچ جێگرەوەیەکی ڕوون لە ئارا دانییە و لەناو سیستەمیشدا ئەو باوەڕبەخۆبوونە نییە کە ئاڵوگۆڕەکە بێ گیروگرفت بچێ بەڕێوە. زۆر وێدەچێ دۆخێکی بێ ڕێگاچارە یا تەنانەت کودەتای سەربازیی بێتە ئاراوە کە مەلاکان بێنێتە ژێر ڕکێفی ژەنڕاڵەکان. کۆماری ئیسلامیی یا نا، ئەوە نۆرمێک بووە کە بە درێژایی مێژووی سەردەمی ئێران بوونی هەبووە.

هەردوو خامەنەیی و سوپای پاسداران دەزانن کە خەڵکی نێوخۆی ئێران لێیان بێزارن. بەڵام، لە کاتێکدا کە ئێرانییەکان ڕقیان لەو وێرانییانەیە کە دەسەڵاتی چل ساڵەی مەلایان وڵاتەکەیانی تووش کردووە، ئەوان زۆر ناسیۆنالیستن. بۆیە، خامنەیی و سوپای پاسداران لەوانەیە هەوڵ بدەن ناکۆکیی وا ساز بکەن کە بتوانن ئێرانییەکان لە دەوری ئاڵاکەیان کۆ بکەنەوە.

ئەوە ئەو دینامیکەیە کە دەبێ بەڕیوەبەرایەتی ترامپ زۆر بۆی بە پەرۆش بێ، چونکە ئەوە زۆر گرینگە کە زەختەکە بپارێزن بێ ئەوەی کە بکەونە داوی ڕێژیمێک کە لە گێچەڵ دەگەڕێ. با هیوادار بین کە سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ هێندە ژیر بێ کە بیڵێ «کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت» کاری خۆی بکا بێ ئەوەی کە کاربەدەستانی تاران بتوانن لە ڕێگای دیپلۆماتیک خۆیان دەربازکەن یا کەڵک لە هێزی سەربازیی وەرگیرێت کە لە درێژ خایەندا بەسەر [ئەمریکادا] بشکێتەوە.

***

**نەیشناڵ ئینتەرێست _ مایکڵ روبین**
**کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

# پشکی شێری کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی



یادگار مەحموودی

تێرۆر ئەو وشەیەیە کە ڕۆژانە لە مێدیا و لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەیبینین و بەر گوێمان دەکەوێ، هەڵگری باری مانایی تایبەتە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە بیاقی سیاسەتدا بەکار دێ و لێک دەدرێتەوە. تێرۆر و گرینگیی ئەو کردەوەیە وای کردوە کە لەلایەک ئاکادیمیستە سیاسییەکانەوە بایەخی زیاتری پێبدرێ و شرۆڤەی تایبەت بکرێ و ببێ بە یەکێک لە باسە سیاسییەکانی زانکۆکان و؛ لە ڕیزبەندییەکانی تێرۆری سیاسی، تێرۆری ئیدئۆلۆژی، تێرۆری کەسایەتی، تێرۆری نێوخۆیی و تێرۆری دەوڵەتیدا و هتد... پۆلێن بکرێ.

بەڵام بەدەر لە هەموو ڕیزبەندی و جیاکارییەک «تێرۆر» مەبەستە سەرەکییەکەی سەپاندنی دۆخ، سەرخستنی ئیدە و باوەڕێکی سیاسی یان تەنانەت مافێکی زەوتکراوە کە لە ڕێگای سازان، دیپلۆماسی یا وتووێژەوە یەکلا نابێتەوە و شێوەیەکە بۆ سازکردنی کەشی تۆقاندن و ترس لە دڵی کەس یا لایەنی بەرامبەردا. هەروەها لە چاخی ئێستادا هەر کەس و لایەن و دەسەڵاتێک بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و پشتبەستن بە هێز و توانای خۆی شرۆڤەی تێرۆر دەکا و هەوڵی جێخستنی خوێندنەوەی خۆی دەدا؛ بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەو نووسینی ئەم دێڕانەوە ڕاوەستان لەسەر تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامیی ئێرانە کە زۆر جاران لە هیچ پۆلێنبەندیەکی ئاکادێمیکدا جێ ناگرن. وەکوو کردەوە تێرۆریستییە دەرياییەکەی ئەو ڕۆژانە لە کەنداو و دزین و دەستبەسەرداگرتنی پاپۆری وڵاتانی دییە لەلایەن ڕێژیمەوە. وڵاتی ئێران، وڵاتێکی ڕەنگاڵە بە موزاییکێک لە زمان و کولتوور و ئایینە جۆراوجۆرەکان و پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ژیار و شارستانییەت بە سەرچاوەی سروشتی و سامانی دەوڵەمەند. بەڵام لە سۆنگەی دەسەڵاتی سیاسیی توتالیتێری کۆماری ئیسلامییەوە ئەم فرەیی و جۆراوجۆرییە نەک نەبووەتە هۆی نەشونومای وڵات؛ بگرە لە ئێستادا ئێران بە مەترسییەکی جیددی لەسەر ئەمنیەت و سەقامگیریی دنیا بەتایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی ئێرانی کردووەتە قەڵغان و بەڵاگێرەوەی خۆی و لە ئێستادا لە سۆنگەی پاڵپشتیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە قورسترین سزای بەسەردا سەپاوە. ئەم دەسەڵاتە نگریسە لە درێژەی تەمەنی چل ساڵەی خۆیدا هەمیشە چەکی تێرۆری بەدژی نەیارانی خۆی بەکارهێناوە و ئەوەی لەلا پیرۆز بووە. لەنێو قوربانییانی سیاسەتی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیدا کورد زۆرترین بەشی پێ دەبرێ. ڕێژیم بە هەموو تواناوە ویستوویەتی بە تێرۆری فەرهەنگی، تێرۆری فیزیکیی سیاسییەکان و تێرۆری کەسایەتیی چالاکانی مەدەنی بەر بە خەباتی شوناسخوازیی کورد بگرێ. لە پێناو ئەو مەبەستەشدا ئامادە بووە لە سەرەوەی سنووری وڵاتەکەی پیلان دابنێ و ئەگەرچی لە زۆربەی پیلانەکانیشیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام تێچووی قورسی وەک بڕیاری دادگای مێکونووسیشی بۆ داوە. پاش ئاشکرابوونی دەستی ئێران لە زۆر پیلانی تێرۆریستی لە ئاسیا، ئوورووپا و ئەمریکای لاتین، ئێستا ئیدی لە ئاستی دنیادا کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێک دەناسرێ کە سپۆنسەر و پاڵپشتی تێرۆریزمی دەوڵەتییە.

تێرۆری میکونوس؛ تەقینەوەی ئامییا، ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتین؛ بۆمب دانانەوە لە بانکوک؛ تەقینەوە لە دێهلی؛ پیلانی تێرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا؛ هەوڵە تێرۆریستیەکان لە بەحرەین؛ کردەوە تێرۆریستییەکان لە عێراق؛ کاری تێرۆریستی لە وڵاتی کێنیا و هاوکاری لەگەڵ ئەلقاعیدە چەند بەڵگەیەکن کە نیشاندەری تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. بە واتایەکی دی ئەوانە کۆمەڵە فاکتێکن کە پێمان دەڵێن تێرۆر و کۆماری ئیسلامی ئاوەڵدوانەی یەکترین و تێرۆر کاڵایەکە کە تەنیا بە بەژنی کۆماری ئیسلامی دەبڕێ.

بابەتێکی گرینگی دیکەی پێوەندیدار بە پشتیوانیی ئێران لە تێرۆریزمی دەوڵەتی ئەم تێچووە ماددییە زۆر و زەوەندەیە کە لە گیرفانی خەڵکی ئێران دەردەهێندرێ و خەرجی بەرنامەکانی ڕێژیم دەکرێ. ڕۆژنامەی «ئیشپیگێل»ی ئاڵمان دەڵێ بەپێی لێکدانەوەی کارناسانی نیزامی ئێران لە ساڵی ٢٠١١ ڕا هەتا ٢٠١٥ زیاتر لە ١٥ میلیارد دۆلاری تەنیا لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا خەرج کردوە. ڕێژیم هەروەها لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی حەشدی شەعبی لە عێراقی دابین کردوە و لە ناردنی چەکوچۆڵ و یارمەتیی سیاسی و دیپلۆماتیک بۆ حیزبووڵڵای لوبنانیش بەردەوام بووە، بە جۆرێک کە پێنتاگۆن، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێی وایە ئێران لە ساڵدا بڕی ١٠٠ تا ٢٠٠ میلیۆن دۆلار یارمەتیی حیزبووڵڵا دەکا. ڕێکخراوی تێرۆریستیی «حەماس» لە فەلەستینیش یەک لەو ڕێکخراوە هاوپەیمانەی ئێرانە کە مانگێ ٢٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی لە ئێران وەردەگرێ.

یارمەتییە چەند میلیاردییەکانی ئێران بەو گرووپە تێرۆریستییانە لە کاتێک دایە کە خەڵکی ئێران لەگەڵ زۆرترین کێشەی ئابووری، بێکاری و گرانی بەرەوڕوون، بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەمترین بایەخ بۆ کێشەکانی خەڵک دانانێ، وەک چۆن بینیمان لە دوای بەرجام تەنیا لە یەک قەڵەمدا ٦ میلیارد دۆلار لە پارە ئازادکراوەکانی ئێران بەجێی گەڕاندنەوەی بۆ بودجەی دەوڵەت و تەرخانکردنی بۆ بەشی ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی بازاڕ، درایە هێزە چەکدارەکانی سپای پاسداران بۆوەی بۆ کردەوە تێرۆریستییەکانیان کەمی نەهێنن!

هەگبەی ئاخ و شۆڕش

# خەڵک و پێشمەرگە دووانەیەک لە هەموو وەرزەکاندا



برایم چووکەڵی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر کە گەیشتە دەسەڵات دەستی کرد بە سڕینەوەی هەر هێز و دژبەرێک کە پرسیار بخاتە سەر هەیمەنەکەی. کوردستان کە پێشەنگی «نا»گوتن بەو ڕێژیمە بوو، زۆر زوو هێرشی کرایە سەر و گەمارۆ درا. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردیش بۆ بەرگری لە ماف و داخوازییە رواکانیان چاریان نەما دەست بۆ چەک ببەن و نەیەڵن زێد و نیشتمانیان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی ڕەشی هێزی داگیرکەر. بۆ ئەو مەبەستەش پۆل پۆل لە ڕیزی حیزبەکەیان حیزبی دێموکراتدا خۆیان ڕێک خست و چوونە مەتەرێزی داکۆکی لە خاک و وڵاتەکەیان.

مێژووی خۆڕاگری و بەربەرەکانێی هێزی پێشمەرگە لەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شکۆدار و پڕ واتایە. ڕێژیم چەک نەما لە دژی بزووتنەوەی کورد تاقی نەکاتەوە، پیلان نەما بۆ بەچۆکداهێنانی هێزی پێشمەرگە نەیگێڕێ، ڕێگە نەما بۆ دابڕاندنی خەڵک و حیزب نەیگرێتە بەر و تاکتیکی سەربازی نەما لە دژی جووڵەی پێشمەرگە دەکاری نەکا. هەموو ئەوانەش بۆ کەلێن خستنە نێو خەڵک و هێزی پێشمەرگە و بۆ ئامانجی شکستهێنان بە خەباتی و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا نزیک بە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان، ٣ هەزار پایەگای دانابوو، و سەدان گرووپی زەربەتی لە کوردستان دامەزراندبوو؛ بە تاکتیک و ئوسولی شەڕی جۆراوجۆریش هەر نەیتوانی دەروەستی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بێ. تەنانەت لە بەشی هەرە زۆری عەمەلیاتەکاندا ڕێژیم هێرشکەر بووە و لە ئوسوڵی شەڕدا هێزی هێرشبەرە چەشنی عەمەلیات دیاری دەکا و لەئەساسدا ئەوە درێژە بەشەڕ دەدا و دەیهەوێ ویستی خۆی بەسەر لایەنی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. هەموو ئەو کاتانەش کە ڕێژیم پیلانی گۆڕیوە ،شکستی خواردوە و لە بیری پیلانی دیکەدا بووە. یەک لەو پیلانانە چەکدارکردنی خەڵکی گوندەکان و هاندانیان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو کە ڕێژیم لە دەیەی ٦٠دا زۆر بە چڕی کاری لەسەر دەکرد. هۆکارەکەشی ئەوە بوو هێزە چەکدارەکانی لە بەرەکانی شەڕی ڕاستەوخۆدا ناچار بە شکست بوون و ڕێژیم کەوتبووە پیلانی بەگژ یەکتری داکردنی خەڵک و پێشمەرگە.

ڕێژیم لەو هەوڵەیدا بێجگە لەوەی کە خەڵکی چەکدار دەکرد، پایەگایەکیشی لە نیزیک ئاوایی دادەنا و هێزە چەکدارە سازماندراوەکانی دیکەی تێدا جێگیر دەکرد. بەڵام سیاسەتی چەکدارکردنی خەڵک قەت لە کوردستان جێ نەکەوت، چونکی خەڵکی کوردستان قەت هێزی پێشمەرگەیان بە هێزێکی جیا لە خۆیان و بە کەسانێکی جیا لە کوڕ و کچ و کەسوکاری خۆیان نەزانیوە. خەڵکی کوردستان ئیمانیان بەوە هەبوو کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان گیان بەختی بەختەوەریی خەڵک دەکەن و کردوویانە، بۆیە ئەگەر لە شوێنێک و لە گوندێکیش کۆمەڵە کەسێک بە زۆر و لەڕووی ناچارییش چەکدار کرابن، قەت سیلەیان لە پێشمەرگە نەگرت و ڕووی تفەنگیان نەکردە هێزی پێشمەرگە.

کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ دەسپێکی ئەو پیلانە بوو کە بڕیار درابوو لە سەرتاسەری کوردستاندا جێبەجێ بکرێ. هێزی پێشمەرگەش لە بەرامبەر ئەو پیلانەدا تاکتیکی خۆی هەبوو. هەر بۆیە لەسەرانسەری کوردستاندا تێکرای هێزەکانی حیزبی دێموکرات دژی وەستانەوە و هەوڵیان دا پیلان و دەهۆی دوژمن شکست پی بێنن. دوایە بینیمان کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەزۆر چەکدارکراوان لەگەڵ یەکەمین تەقە کە لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا دروست دەبوو، خۆیان و چەکەکانیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە دەکرد، یان دەنا شەوانە پۆل پۆل هەڵ دەهاتن و بەو چەک و تەقەمەنییەی ڕێژیم دایبوونێ، دەهاتنە ریزی پێشمەرگەکان و لەدژی ڕێژیم ڕادەبوونەوە. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژیم لە هیندێک ناوچەدا توانیبووی کۆمەڵە کەسێکی نەفس نزم وەک مۆرە دەستەمۆ بکا و بە تەماحوەبەرنان بیانکڕێ و بەکاریان بێنێ، بەڵام هەم ئەو کەسانە بێزراوی خەڵک بوون و هەم ئەوەی پیلانەکەی ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا شکستی هێنا. لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین:

ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی قارەمانەکانی هێزی ئاگری بۆ چەککردنی دوو گوندی «قەسریک» و»کەڵەڕەش» بە پێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک دەستبەکار بوون. ئەوان بە شێوەیەکی پارتیزانی لە کاتژمێری ٩ی شەودا توانییان تەواوی چەکوچۆڵی بەزۆر چەکدارکراوان بە هەموو کەلوپەلێکی نیزامییەوە بەدەسکەوت بگرن. ئەم دەسکەتە بریتی بوو لە زیاتر لە٤٠ قەبزە تفەنگ و بە هەزاران گوللەی جۆراوجۆر. هاوکات لەگەڵ چەککردنی بەزۆر چەکدارکراوان دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات پایەگای کەڵەڕەش بە چەکی جۆراوجۆر ئاورباران کرد کە نەتوانن ببنە لەمپەر لەسەر ڕێگای تێکۆشەرانی دێموکرات. هەر بەپێی گەڵاڵەی عەمەلیاتی بڕیاریان دابوو کە دوای عەمەلیات مینێکی دژەتانک لەسەر ڕێگای قەسریک دابنێن کە سەر لە بەیانیی ڕۆژی٣ی گەلاویژ ماشێنێکی پڕ لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی هەڵتەکاند و ١١ کەس لە هێزەکانی ڕێژیمی تێدا برد. یەکی لە کوژراوەکان فەرماندەی سپای پاسداران لە سەڵماس بوو کە بۆ پێوشوێنی چەککردنی ئەو دوو گوندە هاتبوو و نەیتوانی لە زەبری هێزی پێشمەرگە ڕزگاری بێ.

ئەوە بوو کە ئیدی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆی دەرکەوت کە پێوەندیی هێزی پێشمەرگە و خەڵک بەو جۆرە پیلانانە کەلێنی تێ ناکەوێ هیچ، بگرە پتەوتر و قایمتر خۆی نیشان دەدا و ئەوەی زیانی لێ دەبینێ و ناچار بە پاشەکشەیە هەر ڕێژیمە. پێشمەرگە و خەڵک دووانەیەکن لە هەموو وەرزەکاندا و ئەم تابلۆیە بە خوێنی باشترین لاوانی ئەم گەلە نەخشاوە.

## «نقاشی قهوه‌خانه»

# دارابی و سەرسپاردنی بۆ کۆماری ئیسلامی



عومەر باڵەکی



تێکهەڵچوونی دارابی و هاودەستەکانی لە کاتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگی خومەینی

یەکی دیکە لەو بابەتانەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەن کە کازم دارابی یەکێک لە مۆرە دەمارگیرەکانی کۆماری ئیسلامی بووە. لە لاپەرەی ٩٩ ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا ئەو بۆ خۆی ئاوا باسی ئەم ڕووداوە دەکا: «لە ژوئەنی ١٩٨٩دا ئەمن و خێزانم بە سەردان چووبووینە شاری ئۆلدنبۆرک کە هەواڵی کۆچی دوایی ئیمام هات ..... یەکەم شت کە بە مێشکم گەیشت ئەوە بوو ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕێزگرتن لە ئیمام وەرێ بخەین. لەو فکرانەدا بووم کە لە بێڕلینەوە زەنگیان لێدا کە بەپەلە بگەڕێوە سوپێرمارکێتەکەت ئاوری گرتوە. ئەو هەواڵە لە بەرامبەر هەواڵی کۆچی ئیمامدا هیچ بوو. من دەبوا بەدوای چارەسەری وەزعی ڕووخاوی دەروونی خۆمدا بم، نەک بەدوای کوژاندنەوەی ئاوریماڵی سووتاوم ..... لە هامبوورگ بووم کە لە پڕدا دەنگی سیگنالی ماشێنان وهەلهەلەی شادی شەقامەکانی پڕ کرد. پرسیارم کرد ئەوە دەنگی چییە؟ یەکێک لە دۆستان گوتی ئەوە موناڤق و دژە شۆڕشن، بە بیستنی هەواڵی مەرگی ئیمام ڕژاونەتە سەر شەقام و شادی دەکەن. خوێنم وەکوڵ هات و هیچم بە چاوی خۆم نەدەدی. کاتێک وەخۆ هاتمەوە خۆم لە سەر میچی ماشێنی ئەو داڵاشانە دیتەوە و شوشە و دەرگا و پێشی ماشێنەکانیانمان شکاند و چەند کەسێکمان لێ بریندار کردن ...»

ئەوانەی باس کران هیچیان بوختان و هەڵبستراو نین. بەڵکوو لە زمانی خۆدی کازم دارابییەوە گوتراون. بە هەڵوێستەیەکی کورت لەسەر ئەو قسانەی دارابی بۆمان دەردەکەوی کە ناوبراو وەک کەسێکی بەرپرس و ئەرک لەسەرشان، لە کاتی مردنی خومەینیدا هەڵسوکەوتی کردوە و یەکەم کاردانەوەی بە هەواڵی مەرگی خومەینی ئەوەیە کە پێویستە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە دەرەوەی وڵات ڕێک بخا کە ڕێکخستنی ڕێوڕەسمێکی لەو بابەتە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمان بە کەسێکی لاینگری نیزام ناکرێ، بەڵکوو کەسێکی پێویستە کە خاوەن دەسەڵات ودەستڕۆیشتوو بێ. لەهەمان کاتدا کەسێک کە هەم ماڵ و هەم گیانی لە ڕێگای خومەینیدا دانابێ، زۆر سەیرە بڵێ ئەمن سەر بە هیچ سازمانێکی دەوڵەتی و حکوومەتی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نیم و نەبووم، کەسێک شەو و ڕۆژ لەسەر یەک دابنی بۆ سەرکەوتنی ئەو نیزامە و بە ڕۆژی ڕووناک و لە وڵاتی بیگانە و لە بەر چاوی خەلک و پۆلیس نەیارانی خۆی وەبەر دار و پلار بدا، تەنیا لە بەر ئەوە بە پێچەوانەی دارابی بە مردنی خومەینی تازیەبار نین، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لەو نیزامە. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کەسێکی ئاوا هەر کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوێ، چۆن هەوڵ نادا ڕێبەری گەورەترین حیزبی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی ئەو نیزامە لابەرێ،کە بە کردەوە دوای ئەو هەموو سەرکوت و هێرشی نیزامییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و حیزبی دیموکرات نەیتوانیوە ئەو حیزبە لە مەیدان وەدەربنێ و پێچەوانەی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی حیزبی دیموکرات لاقی لە سەر ئەرزی خۆیەتی و بۆتە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وئێران .

### سەفەری حەج

وەک باس کرا دارابی زۆر هەوڵ دەدا خۆی بە کەسێکی سەربەخۆ بناسێنێ و بە دەیان جار لە کتێبی «نەقاشیی قاوەخانە»دا باس لەوە دەکا کە نە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بووە و نە سەر بە حیزبوڵڵەی لوبنان، بەڵام هەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە خۆی باسیان دەکا پێچەوانەی ئەو قسەیە دەسەڵمێنن. یەکێک لەو نموونانە کە دەتوانرێ ئەو قسەیەی دارابی بە تەواوی ڕەد بکاتەوە، سەفەری حەجی ناوبراوە لە لاپەرەی ٩٩ کتێبەکەدا ئاوا باسی دەکا: «...ئێمە بە گوڕوتینێکی لەڕادەبەدەر هەموو ئایین و بۆنەکانی حەجمان بەجێ گەیاند... بەرەو مەدینە چووین. لەو سەفەرەدا دوربینێکی وێنەگرتنی بچووکم پێ بوو، وینەگرتن لە مەکە و مەزارگەی پێغەمبەر و شوێنە پیرۆزەکان و هیندێک جێگای هەژارنشین و پیسی شار قەدەغە بوو، بەڵام ئەمن توانیبووم لە هەموو ئەوانە وینە بگرم. دوربینەکەم لەژێر کراسەکەمدا شاردبۆوە و هەر کاتیک بە هەڵم زانیبا دوگمەی کراسەکەم دەکردەوە وبە دزیەوە وێنەی شوێنەکەم دەگرت... دیارە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە بۆ دەوڵەتی عەرەبستان خۆش نەبوو چونکە بە زیانی بوو... لە مەدینە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕێبەری لەمەڕ بەرائت لە کافرەکان. هیندێک کتێبم پێ بوو بە زمانەکانی ئینگلیسی و عەرەبی لەبارەی چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ کافران، چەند دانەیەکم بڵاو کردەوە کە لەپڕ حەوت هەشت پۆلیس پەلاماریان دام و دەسبەسەر کرام...)

لێرەدا پرسیارە ئەوەیە، کەسێکی عادی و ئاسایی بچێتە سەردانی ماڵی خودا چ پێویستیی بەوە هەیە دوربین لەژێر کراسەکەیدا حەشار بدا و وێنەی ئەو شوێنانە بگرێ کە بە قانوونی ئەو وڵاتە وێنەگرتنیان قەدەغە کراوە، یا چ پێویست بەوە هەیە کەسێکی عادی کتێب و بەیاننامەی هەڵگری بیری کۆماری ئیسلامی لەنێو زیارەتکاراندا بڵاو بکاتەوە؟ لەو رەفتارانەدا بەو ئاکامە دەگەین کە دارابی نەک کەسێکی عادی نەبووە، بەڵکوو مەئمورێکی زیرەک و تەردەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بووە و تەنانەت ژنهێنانەکەشی هەر بەو ئاراستەیەدا بووە و لە ڕێگای خێزانییەوە توانیویەتی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان دابمەزرێنی. چونکی لە نیوئاخنی کتێبەکەدا بۆ خوینەر دەردەکەوی کە تەنانەت ئەو کەسانەی پێش تێروری میکۆنووس لە دەوروبەری دارابی بوون، چ کاسب و غەیرە کاسب نیزیک بە تەواویان لوبنانی و سەر بە حیزبوڵڵا بوون.

### تیرۆری میکونوس لە ڕوانگەی دارابییەوە

نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە لە زمانی دارابییەوە بە جۆرێکی زۆر زیرەکانە دێتە نێو باسی کارەساتی میکوونوس کە بتوانی خوێنەر بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، بۆ ئەوە لە دواییدا بە خۆینەر بڵێ کە ئەو کارەساتە دڵتەزینە هێزەکانی دژەشۆڕش لەگەڵ یەکتر کردوویانە بۆ ئەوەی هەم پاکانە حیسابیان لەگەڵ یەکتر کردبێ و هەم کۆماری ئیسلامیی پێ تاوانبار بکەن.

لە لاپەرەی ١١٠ی کتێبەکەدا بەو جۆرە باس لە بیستنی هەواڵی ڕووداوەکە دەکا: «ڕۆژی هەژدەی سێپتامبری ١٩٩٢ لە ماڵێ دانیشتبووم و لە ڕێگای ویدیۆ تێکستەوە هەواڵەکانم دەخۆێندەوە. بیستم کە چوار کەس لە ڕێبەرانی کوردی ئێرانی شەوی پێشتر لە ڕێستوورانێک لە نێو شاری بێڕلین لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا کوژراون و تیرۆریستەکان هەڵاتوون. جینایەتەکە گەورە و کوشتارێکی خوێناوی بوو. ئەمن بە ڕیستوورانتی میکۆنووسم نەدەزانی، بەڵام چونکە بابەتەکە پێوەندیی بە ئێرانییەکانەوە هەبوو، بە هەواڵەکە حەساس بووم. لە ڕاگەیەنەکانی دیکەشدا وەدووی کەوتم. هەواڵەکە ڕاست بوو و زۆریش ناخۆش و جێگای نیگەرانی بوو. کارم بە بیر و ئەندیشە و ڕوانگەی سیاسیی ئەوانەوە نەبووە و نییە، بەڵام چونکە ئێرانی بوون زۆری پێ تێک چووم. لە ئەساسدا ئێرانی بوونیشیان زۆر گرێنگ نەبوو، چونکی بیستنی کوشتاری کەسانی بێ دیفاع هەموو کەس نارەحەت دەکا. پەردەی یەکەم کە ڕاگەیەنەکان لە ڕووداوی میکۆنووس نیشانیان دا، زۆر لێڵ بوو. وێنەیەک بوو لە تاریکیدا ، و دژە شۆڕش توانی لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ و وێنەی خۆی لە جیگای وێنەی ڕاستەقینە دابنێ... دەزگای پۆلیس و قەزایی ئاڵمان کە بە وردبینی و لێزانی ناوبانگیان هەیە، هیچ کات نەیانتوانی تابلۆی ساختەی میکۆنوس لە ئەسڵەکە لێک جیا بکەنەوە. هونەرمەندانی تابلۆی ساختە میکۆنووس کەسانێک نەبوون بێجگە لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیونی تاراوگەنشین، کە ئامانجدار هاتنە نێو ڕووداوەکە...»

هەر ئەو چەند دێرە لە بیرەوەرییەکانی کازم دارابی دەتوانی کۆمەڵێک پرسیار دروست بکا و پرسیارەکان هەموویان بۆ هەڵویستە لەسەر کردن دەبن. دارابی ڕۆژی دوای تیرۆرەکە دەڵێ یەمن هەواڵەکەم لە ویدیۆتیکستەوە چاو پێ کەوت، ئەمە دەتوانی ڕاست بێ چونکە دوای تیرۆرەکە هەر کام لە تیمی تیرۆر بە لایەکدا ڕۆیشتوون وهیچ پێوەندێکیان پێکەوە نەماوە. ئەوەش بۆ ئەوە بووە کە هیچ ئاسارێک لە دوای خۆیان بەجێ نەهێڵن. دەی باشە کازم دارابی چۆن لە چەندوچۆنیی تیرۆرەکە ئاگادار بوایە، بۆیە پێویست بوو ڕاگەیەنەکانی بەیانی بە وردی سەیر بکا و بزانێ ڕادەی سەرکەوتنی عەمەلیاتەکەیان چەندە بووە و لە هەمان کاتدا بزانی هەڵویستی پۆلیس و دەزگای قەزایی و بیروڕای گشتیی ئاڵمان چی دەبێ و چ لایەن و دەوڵەتێک تاوانبار دەکەن؟ هەروەها بزانی کەس لە تیرۆریستەکان گیراون یا نا، یا پۆلیس باس لە سەرەداوێک دەکا یا نا؟ ئەو پرسیارانە بۆیە دەتوانی لەپێوەندی لەگەڵ کازم دارابیدا ڕاست بێ چونکە پێشێنە خۆی و دەوڵەتەکەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دژبەر و جیابیرانی خۆیان بە کردەوەی فیزیکی لەسەر ڕێگای خۆیان لابردوە. کازم دارابی لەو دەقەی سەرەوەدا دەڵێ ئەمن ڕیستورانەتی میکۆنووسم پێ نەدەزانی، لێرەدا ناوبراو دەیهەوێ وەک بەڵگەیەک بۆ قسەکانی دوایی کەلکی لی وەربگرێ و بۆ ئەوەیەتی کە بڵێ ئەمن ئاگام لەو تیرۆرە نەبووە. یا دەڵێ چونکە کوژراوەکان ئێرانی بوون بۆیان بەداخ بووم و هەر لەدوای ئەو ڕستەیەدا دەڵێ لە بنەڕەتدا ئێرانی بوونەکەشیان زۆر گرینگ نەبوو و بە کوژرانی خەڵکی بێدیفاع هەموو کەس نارەحەت دەبێ.

دارابی خۆی پێشتر بە حەماسەتەوە باسی کردوە کە چۆن دەستەی سەد کەسیی کۆ کردۆتەوە و چۆتە سەر شوێنی مانەوەی خویندکارانی ئێرانیی دژبەر و لێیانی داوە، تەنیا بەبیانووی ئەوەی ئەوان لە چەند هاوبیرێکی ئەویان داوە. سروشتییە کەسێک کە سۆز و عاتیفەی وای هەبێ کە بە کوژرانی خەڵکی بێدیفاع ناخی بهەژێ، لە حالەتی وادا بەپەلە بڕیار نادا بەڵکوو هەوڵ دەدا بە مەنتق و ئەقل کیشەکە چارەسەر بکا، نەک بە گۆپاڵ و لەشکرکیشی؛ بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاست ناکا و ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دەڵێ کە لای خوێنەر خۆی بە ئینسانی بەڕوحم و بەزیی نیشان بدا. یان ئەوەی دەیهەوی هەر لە سەرەتاوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ئامادە بکا کە کازم دارابی بێ تاوانە، بەڵام پۆلیس و دادگای ئاڵمان لەژێر کاریگەریی چالاکیی دژەشۆڕش تاوانباریان کردوە بە کردەیەک کە نەیکردووە. هەر بەوەش وا دەردەکەوێ کە کازم دارابی زۆری ئاگا لە دەربڕینەکانی خۆی نەبێ کە ئاوا پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان بە گێل و هیچ نەزان دادەنی کە دژەشۆڕش توانیویەتی بەلارێیدا بەرێ، چونکە هەر کازم دارابی بۆخۆی لەو چەند دێرەی سەرەوەدا دەڵێ پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان بە وردبینی و لێزانی بەناوبانگن. ئەی ئەگەر وایە چۆن کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دژە شۆڕشی تاراوگەنشین؟ تەنانەت ئەگەر ئەو قسەی دارابی لەبارەی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان ڕاست بێ کە پۆلیس و دادگا کەوتبنە ژێر کاریگەریی ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم، بەو پێناسەی خودی دارابیش کە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان وردبین و لێزانن، دەی بەو ئاکامە دەگەین کە بەڵگەکانی ئۆپۆزیسیون بەهێز بوون و توانیویانە پۆلیس و دەزگای قەزایی بە قەناعەت بگەیەنن.

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بڕوانینە دوو لایەنی ئەو پەروەندەیە، لایەنێکیان بە قەولی کازمی دارابی دژە شۆڕشە و لایەنی دیکە کۆماری ئیسلامییە. کازم دارابی و نووسەری کتێبەکە دەبوا لە خۆیان پرسیبا کە چۆنە کۆماری ئیسلامی بەو هەمووە دامودەزگایە و تاقم و گرووپی جیاواز لە سەرانسەری دنیادا و بوونی ئیمکاناتێکی بەرفرەوان نەیتوانیوە ئەوەندە بەڵگە بدا بە دادگا و ئەو قەناعەتە لای دادوەران دروست بکا کە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو تیرۆرەدا نەبووە و بە سەلماندنی بێتاوانیی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە بێتاوانیی کازم دارابیش سەڵمێندرابا. بەڵام کۆماری ئیسلامی چونکە خۆی لە پشتی ئەم تیرۆرە بوو، نەیدەتوانی بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ چ بگا بە بێتاوانیی کازم دارابی. لێرەدا دەتوانین بە کازم دارابی بڵێین کە لە ڕاستیدا دادگا کاری لە سەر تابلۆی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە کرد و بە ئاکامیشی گەیاند.

درێژەی هەیە...

## «بامداد خمار»ی تیراژ میلیۆنی

# چاوخشاندنێک بە دۆخی چاپی کتێب لە ئێرانی ئێستادا*



و: هەردی سەلیمی



سەرەتای دەیەی حەفتای هەتاوی و لە نێوان کێشەی ئەدەبیاتی جیدی و ئەدەبیاتی فەرمییەک کە حکوومەت بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەدەبیاتێکی سێیەم لەدایک بوو کە بە تیرێک دوو نیشانی دەپێکا. ئەم ئەدەبیاتە هەموو خەڵکی بە کەسانی هەڵکەوتوو و ئاساییەوە کردە بەردەنگی خۆی و توانی فرۆشێکی زۆر بەرچاو بەدەست بێنێ. «بامداد خمار» بەم جۆرە بوو بە دەسپێکەری شێوەیەک لە ئەدەبیاتی گشتپەسەند کە بەرهەمی پێوەندی، ئەدەبیاتی گشتی و ئاسایی و ئەدەبیاتی تایبەت بوو و دواتر بە «ئەدەبیاتی نێونجی» ناسرا. یەکەمین ڕۆمانی «فتانە حاج‌سیدجوادی» لە کاتێکدا لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی حەفتادا بڵاو دەبێتەوە، کە ڕەوتی کاروباری کۆمەڵگەی پاش شەڕ سێبەری «سازندگی» بەسەردا کشاوە و ئەدەبیاتیش یەک لەو کاروبارانەیە. دنیایەک وەرگێڕان و ئەزموون لە ناخی چەمک و تیۆرییە ئەدەبییەکان سەر هەڵدەدەن و لەم نێوانەدا گشتپەسەندییش بە سیمایەکی نوێوە دێتە مەیدان. سیمایەک کە کەسێکی تایبەت وەک «نجف دریابندری»ی وەرگێڕ، کەیفخۆش دەبێ بە بوێرییەکەی و شێوە سوننەتییەکەشی دەبێتە جێی ڕەزامەندیی کەسانی ئاسایی.

ئەدەبیاتێک کە پێش لەو، نووسەرانێکی وەک «ر. اعتمادی»، «نسرین ثامنی» و «فهیمە رحیمی» و ... ئاڵاهەڵگری بوون و تەنیا تایبەت بە تاقمێک لە خوێنەران بوو، کوتوپڕ ڕا و وسەرنجی بژاردەکانی کۆمەڵیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. «بامداد خمار» لە ماوەی ١٠ ساڵدا ٣٠٠ هەزار بەرگ دەفرۆشێ و لە وڵاتی ئاڵمان چاپی سێیەمیشی دەردەچێ. ئەم فرۆشە زۆرە بووە هۆی ئەوەی کە بەردەنگەکانی ئەدەبیاتی جیدی سەرنج بدەنە کتێب و ئەم ڕووداوە وەک دیاردەیەکی باش لە پێناو کتێبخوێن‌کردنی خەڵک پێناسە بکەن. ئەوەندەی یەکگرتوویی دوو بەرەی تایبەت و گشت لە تێڕوانین بەم بەیانە نوێیە پتر دەبوو، دوو دەستەیی ڕەخنەگران لەم بابەتەوە توندتر خۆی دەنواند.

«هوشنگ گلشیری»، نووسەری «شازدە احتجاب»، شاباش و لە دەهۆڵ کوتان بۆ ئەم کتێبە لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە ڕووناکبیر دەزانی، نەختێک، تەنیا نەختێک بە نیشانەی بێسەوادی دەزانێ و نووسەرێکی دیکە ڕۆمانێک بەناوی «شب سراب» وەک وڵامدانەوەیەک بەو کتێبە دەنووسێ. هەندێک باس لەوە دەکەن کە ئەم کتێبە دژەژن و باوکسالارانەیە و هەندێکیش ناوی «محبوبە» لەسەر کچەکانی خۆیان دەنێن. ژنێک کە بەسەرهاتەکەی چیرۆکی دووپاتەی شازادە و گەدایە و بە تێبینییەک سەرنجەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ: ئەمجار چینی دەسرۆیشتووە کە بایەخەکانی خۆی بەسەر چینی بندەستدا دەسەپێنێ. کۆمەڵگەیەک وا دەیەی ٦٠ و سەرنج لەسەر پێپەتییەکانی تێپەڕاندوە و لەگەڵ خەفەتەکانی «محبوبە» هاوسۆزی دەردەبڕێ و لە هەمان کاتدا بێزاریی خۆی لە نەزانیی «ڕەحیم» نیشان دەدا. کەشێک کەوا بەرەو «سازندگی» دەچێ و لە بندەستەیی ڕادەکا، بەمەبەستی وەگیرخستنی جێگە و پێگەیەکی دەسرۆیشتوو لەگەڵ «محبوبە» دەکەوێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەم لەگەڵ بوونە بە پەنابردنە بەر باوەشی باوکسالاری بگا. بەڵام ئەم هاوڕێ و هاوڕا بوونە بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیات پەنا بەرێتە بەر شکڵی سێیەم. ڕۆمانێک کە وا مەزەندە دەکرا ببێتە دەسپێکەری ئەدەبیاتێکی بە فرۆشی زۆرەوە، بوو بە ڕووداوێکی زووتێپەڕ و خولیای تیراژە میلیۆنییەکەی داکشا بۆ ژێر هەزار بەرگ و نەمامی پێوەندیی ئەدەبیاتی ئاسایی و ئەدەبیاتی تایبەت؛ بوو بە دارێکی بێشکڵ. دارێک کەوا بەرەکەی نە دڵی کەسانی تایبەت دەرفێنێ و نە توانایی فریودانی بەردەنگی ئاسایی هەیە.

### لێرەدا چوار زیندان هەیە

سی‌ودووەمین پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتیی تاران بە دروشمی «خوێندن تواناییە» دەستی پێکرد. دروشمێک کە ئاماژە بە پەندی «ویستن توانینە» دەکا و دەڵێن «توانینەکە»شی دەبێتە هۆی یەکیەتیی میللەت لە بارودۆخی سیاسیی ئەم ڕۆژانەی ئێراندا. بانگەشە بە توانایی کەسانێک کەوا زۆربەی جارەکان قامکی تۆمەتبارکردن بە نەخوێندن بەرەو ئەوانە. ڕەوتی کەمبوونەوەی تیراژ و ئاماری کەمی سەرانەی خوێندنەوە تەواوە بۆ ئەوەی کە یەکەم زیندانی کتێب بە ناوی «خەڵک» تۆمار بکرێ: بەردەستترین تاوانباری کتێب نەخوێندنەوە کە بە جێگیر نەبوونی کولتووری خوێندنەوە و موتاڵا؛ دابەزینی تیراژ و وەستان و داخرانی کتێبفرۆشییەکانی لێ کەوتۆتەوە و دەکەوێتەوە. ئەو کتێبفرۆشییانەی کە لەم ڕۆژانەدا وا کتێب لە دۆخێکی باشدا بەسەر نابا، بە زیادکردنی بەشگەلێکی فانتێزی و بەرچاو وەک کەلوپەلی ڕازاندنەوە و گوڵدان و ڕاخەر و قاوەخواردنەوە لە تەنیشت کتێبدا، لە ڕێگەیەک دەگەڕێن کە خەڵک هان بدەن بەرەو کڕینی کتێب و بەم پێیەش پتر مانەوەی خۆیان.

هەر قەیرانی کاغەزی ئەم دواییانە بەس بوو بۆ ئەوەی نووکە ڕمبی تۆمەتی دابەزینی تیراژ، دیسانەوە بەرەو بنەماڵەکان و سەوەتە بەناوبانگەکەیان بێ، ئەو سەوەتەی کەوا بێتوو ئەم تاوانبارە هەمیشەییانەی کەمیی تیراژ (خەڵک) جێگا بۆ کتێبێکیش بکەنەوە لەوێدا، بێگومان پێوەندی بە وانە و پەروەردەوە هەیە و لەڕووی ناچارییەوە بۆ منداڵەکانیان دابین دەکرێ. تێکچوونی دۆخی ئابووری بێجگە لە پرسە کولتوورییە باسکراوەکان لەو هۆکارگەلەن کەوا بۆتە هۆی دووریی بنەماڵەکان لە کتێب و کەمترین ئاوڕدانەوەی لێ دراوەتەوە. هیوا بە کڕینی کتێب لە لایەن ئەو منداڵانەی کە خوێندکارن، زۆربەی کاتەکان بە هەڵەمان دەبا؛ چونکوو بەردی بناغەی کتێب خوێندنەوەی ئەم چینەش لەسەر کتێبگەلی فێرکاری دامەزراوە و بەدەر لەوە کتێبی دیکە ناخوێندرێنەوە.

چەڕەسات جێگای خواردنی سەرەکیی گرتۆتەوە و ئیشتیای خوێندنەوەی کتێب لە کەمی داوە و ئێستا کتێب جێگای خۆی بە خوێندنەوەی ئینتێرنێتی داوە. پرسیار لە کتێبخانە و قەبزی گەڕان بەدوای کتێب لە کەشێوە بچووکەکاندا؛ بووە بە گەڕان بەنێو گووگڵ و ویکیپێدیادا و، جارجارە ئەم گەڕانە بە سەرانەی خوێندنەوەش بژار دەکرێ. موبایلەکان وێڕای سەرچاوە زوو دەست پێڕاگەیشتووەکان بە خەزنکردنی کتێبە دەنگییە و پی‌دی‌ئێفەکان وا دەنوێنێ ڕکەبەرێکی گەورەیە بۆ کتێبی کاغەزی تەنانەت بەهێزتر لەوەی کە بیریشی لێ بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆژانە بە قەیرانی کاغەز پتر لە پێشوو ژیان و مانەوەی کەوتۆتە مەترسییەوە و دەنگۆی ئەوە هەیە کە بڵاوبوونەوەی کتێب بە وەها ئەژمارێک بە قازانج نییە و؛ کتێب فرۆشییەکان لە داهاتوویەکی نیزیکدا وەک دەریایەک بەرەو ویشک بوون هەنگاو دەنێن. بەڵام قەیرانی کاغەز بەتەنیا هۆی خستنە مەترسیی ژیانی کتێب نییە. لەوبەری ئەم ڕووداوەوە، قەیرانێک هەیە کە هەردەم دەمامکی بە ڕووەوەیە و بە زەقکردنەوەی دیکەی بابەتەکان، وەک سەرانەی خوێندنەوە و نەبوونی مەیلی کتێب خوێندنەوە و سەوەتەی بنەماڵە، تێدەکۆشێ ڕووی خۆی بشارێتەوە. قەیران، سیاسەتە داسەپاوەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب لەلایەن بەرپرسان و ناوەندگەلی دەوڵەتیی پێوەندیدار و ناپێوەندیدار لەگەڵ کتێبە، کە دەستێوەردان لە بواری بڵاوکردنەوەدا لەم ساڵانەدا، زیاتر لە سانسۆڕدا بەرچاو بووە هەتا یارمەتیدان بە گەشەی کتێب. ئەمە زیندانی دووهەمە.

### خوێندن و توانستی قاجاڕی

«چ هێزێک ئەو سەروەرییەی لە ئێوەدا بەدی هێناوە کە لە ئێمە سەرترن؟ هۆکاری پێشکەوتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی ئێوە و لاوازیی بەردەوامی ئێمە چییە؟ ئێمە لە نەزانیدا نوقم بووین، لە بێهەواڵی و نەزانیدا گەورە دەبین و هیچکات بیر لە داهاتوو ناکاینەوە ... بیانی قسە بکە پێم بڵێ بۆ هەستاندنی ئێرانیان لە خەوی نەزانی دەبێ چ بکەین؟»

ئەمە ئەو وتانەی «عباس میرزا»یە ڕوو لە موسیۆ ژۆبێری فەڕانسەوی. ئەو ئەفسەرەی کە بە فەرمانی ناپیلێۆن بۆ کاروباری سیاسی هاتوە بۆ ئێران و لە بەرامبەر پرسیاری شازادەدا سەرسام دەبێ. ژۆبێر کە دەزانێ لە دوای شەڕی چاڵدوڕان، ئەمە دووەم سووکایەتییەکی مێژووییە کە ئێرانییەکان لە هەمبەر ڕۆژئاوادا هەستی پێ دەکەن، لە وڵامی «عباس میرزا»دا کە لە دوای شکستهێنان لە بەرامبەر ڕووسیە لە بیری چییەتیی ئەم سووکایەتییە مێژووییەدایە، دان پێدا دەنێ کە ئەوەی بۆتە هۆی گۆڕانی خەڵکەکەی و سەرهەڵدانی شۆڕشی تیمارکەر، بیروهزری نوێ بووە و بڵاوبوونەوەی هزری نوێ لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەی چاپدا هاوکات بووە. نوسخەی تیمارکەری موسیۆ ژۆبێر، شازادە دەخاتە ئەو بیرەوە کە دەسبەجێ کەسانێک بەمەبەستی فێربوونی تکنیکی چاپ بنێرێ بۆ دەرەوەی وڵات و، ڕایاندەسپێرێ هەتا کەلوپەلی چاپ بکڕن و بیهێننەوە بۆ وڵات. یەکەمین چاپەمەنی لە تەورێز و لەلایەن «زین‌العابدین تبریزی» دادەمەزرێ و یەکەمین کتێب لە ساڵی ١٨١٨ی زایینیدا چاپ دەبێ. بەرهەمێک لەبارەی فتوا جیهادییەکان لەلایەن مەلا شیعەکانەوە لەسەر شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسەوەیە. [٢] ئەم حەولە و هەروەها ناردنی خوێندکار و وەڕێکەوتنی «بزووتنەوەی وەرگێڕان» یەکەمین هەنگاوگەلێک لە پێناو گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکە کە هەتا ئەو کات تەنیا ئەدەبیاتی زارەکی تێدا بوو. بەمەبەستی سەروەریی نووسین بەسەر کاروباری زارەکیدایە کە «عباس میرزا» لەسەر دابەزاندنی «خوێندن و توانین» بەپەلەیە و، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گەیشتن بە بزووتنەوەیەک کەوا بناغەی شۆڕشی مەشرووتەی لێ دەکەوێتەوە.

کتێبگەلێک کە دەسپێردرا بە وەرگێڕە دەورەدیتووەکان هەرچەندە لەسەر حسێب و کتێب هەڵنەدەبژێردران، بەڵام بوونە هۆی ئاشنایی و ناسیاویی خەڵک لەگەڵ هەندێک چەمکی نوێ. ئێرانییەکان کە هەتا ئەو کاتە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و لە دنیا بەدوور ژیابوون، لە ڕێگەی کتێبە مێژووییەکانەوە بە ژیان و مەرگی خەڵکانی کۆمەڵگەکانی دیکەیان زانی و، ملۆمۆ و سەرنجدانیان بە جیهانی سەیر و سەمەرەی ڕۆژاوا لە کەمی دا. لەژێر کاریگەریی ڕۆمانگەلی مێژوویی وەک بەرهەمەکانی ئێلێکساندێر دۆما (باوک)، لە ساڵانی دواتر یەکەمین ڕۆمانی مێژوویی فارسی بەناوی «شمس و طغرا» لە لایەن «محمدباقر خسروی»ەوە نووسرا.[٣] ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆژاوادا هەرچەندە دەرەنجامی شۆڕشی مەشرووتەی لێ کەوتەوە و، لەسەر دەقی نووسراوەی فارسی کاریگەرییەکی زۆری دانا، بەڵام لە باری نێوەرۆکەوە شکستی هێنا و لە دوای ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە هیچ کولتوورێک شین نەبوو. نەخوێندەواریی گشتی و بەرزی و نزمیی سیاسی-کۆمەڵایەتی، دەرفەتی تێگەیشتن لە بابەتگەلی جوانی نوێی لێ ستاندن و، کتێب خوێندنەوە نەبووە کولتوورێکی گشتگیر. ڕۆمان بە مەبەستی پەرەپێدان بەخۆی پێویستی بە هۆگەلێکی دیکە بوو کە لەو سەردەمەدا بەدی نەدەکرا.

### نێوان شەراب و سەراب

«شب سراب» لە کاتی بڵاوبوونەوەدا وەک وڵامنامەیەک بۆ کتێبی «بامداد خمار» لە چاپ دەدرێ. بەڵام ئەم وڵامنامەیە هەر لە سەرەتاوە کێشەی تێدایە. «ناهید پژواک» ناوی کتێبەکەی خۆی لە خشتە (مصراع)ێک لە چامەکانی «مواعظ» دوایین بەرهەمی «سعدی» هەڵبژاردوە: «بە راحت نفسی، رنج پایدار مجوی/ شب شراب نیرزد بە بامداد خمار».

خاڵەکانی «شەراب» سڕدراونەتەوە و بوونەتە «سەراب» کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوی کتێبەکە لە واتا بەتاڵ بێتەوە. نە لە شەودا سەرابێک هەیە و نە لە باری چەمکییەوە «بامداد خمار» لە دوای ئەم سەرابە هەڵگری واتایە. کول لێدان لە خاڵەکانی وشەی شەراب لە دەزگای سانسۆڕدا، هەروەک چۆن پێشووتریش لە کتێبی نان و شەرابی ئینیاتسیۆ سیلۆنەدا هەر ئەم شتە پێش هاتبوو. لەدوای شۆڕش بە محەممەدی قازی، وەرگێڕی کتێبەکە دەگوترێ دەبێ شەراب ببێتە سرکە. بە لە چاپدانی ئەم بەیتە شیعرە لە لاپەڕەی یەکەمدا: بگو بە دردکشان فکر انقلاب کنند/ شراب سرکە شدە، سرکە را شراب کنند.

بڕەودانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە سانسۆڕی کتێب لە دوای شۆڕشی کولتووری، دەبێتە هۆکارێک کە یەکەم دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کتێب و تیراژەوە. ژمارەی هەندێک لە کتێبەکان دەرخەری ئەوەن کە تیراژی کتێب لە ساڵانی پێشووتردا دۆخێکی خراپیان نەبووە: «بیگانە»ی ئالبێر کامۆ لە ساڵی ١٣٣٥دا ١٠ هەزار بەرگی لێ چاپ بوو، «خاطرات خانەی اموات»ی داستاییڤسکی لە ساڵی ١٣٤١دا ١٠ هەزار، «اتاق شمارە شش» چێخۆڤ لە ساڵی ١٣٤٢ دە هەزار چاپ و بڵاو بوونەوە و، هەروەها ڕۆمانی «همسایەها» لە نووسینی ئەحمەد مەحموود پێشتر لە دامەزراندنی دەزگای سانسۆڕی ئێرشاد لە ٥٠ هەزار و بە وتەی خودی نووسەر ٢٥٠ هەزار بەرگی لێ فرۆشرا.[٤] ڕەوتی دابەزینی ژمارەی کتێبەکان کە لە دەیەی شەست دەست پێدەکا، دەرخەری بێباوەڕیی خەڵک بە دەرهاتەی بەرهەمەکان لەژێر دەستی چاودێرانی کتێبە. بەرهەمی ئەم بێباوەڕییە چوونی بەردەنگەکان بەلای ڕوونووسە ئۆفسێتەکان لەژێر ناوی «بێسانسۆڕ»دایە. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی بە زەقکردنەوەی ئاماری چەندیی بڵاوکراوە و خەسارناسیی سەرانەی خوێندنەوە؛ بابەت و پرسی سانسۆڕیان هەردەم نادیار نیشان داوە و لە جێگای دیکەدا بەشوێن هۆکارەکانی دەگەڕێن. «وحدت رهروان» بەرپرسی چاپەمەنیی «میترا»، بە پێداگری لەسەر هەستی بێمتمانەیی خەڵک بە کتێبی سانسۆڕ کراو و کارتێکەرییەکەی لەسەرکتێب نەکڕینی خەڵک دەڵێ: «چونکوو بە درێژایی ساڵانێکی زۆر سەپاندنی سانسۆڕی دڵخواز و بێ یاسا لە لایەن سانسۆڕچییەکانی وەزارەتی ئێرشادەوە، بۆتە هۆی سڕینەوە و زیادبوونی دەق و تێکچوونی بنەما و پێکهاتەی نووسراوەی کتێبەکان کە بە هیچ شێوەیەک خوێندنەوەیەکی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە کتێبەکە لەوێڕا هاتووە نییە، هەر بەم هۆیە خەڵک بڕوا و متمانەیان بەم کتێبانە نییە و هۆکارێکیان پێ شک نایە کە ئەم جۆرە کتێبانە بکڕن.» بەڵام ئەم متمانەیە هەر بە تەنیا لە بواری سانسۆڕدا نییە کە لە خەڵکی ئەستێندراوە. هەروەها متمانە بە چاپەمەنییەکانیش لەدوای ئەم ڕەوتە تووشی پچڕان هاتووە و لە چاپدانی بەرهەمی بێکوالیتی بووەتە هۆکارێکی گرینگ و گەورە لە سەرهەڵدانی قەیرانی تیراژدا.

### هەموو تۆمەتبارانی تیراژی کەم

دامەزراوەی «هوشنگ گلشیری» لە ساڵی ١٣٨٧دا لە جارنامەی هەشتەمین خولی خەڵاتی خۆیدا، هیچکام لە بەرهەمەکانی ئەو خولەی بە شیاوی وەرگرتنی خەڵات نەزانی. لەم جارنامەیەدا ئاماژە بە چوار زیندانی کتێب کراوە: توندتر بوونی کەشی سانسۆڕ و خۆسانسۆڕ کردن و، بەربڵاویی سازوکارگەلێک کە بازاڕی کتێبی لە بەرهەمی نێونجی و لاواز تەژی کردوە، سیاسەتی سەقامگیریی کولتوورێکی یەکشێوە لە ئاستی کۆمەڵگەدا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتێکی پەسیڤ و بێبەر و ڕواڵەتییانە و لە کۆتاییدا: دەستپێڕاگەیشتن بە پێوەندییەکی ئاسان کە بووەتە هۆی ئەوەی کە خێرایی دژکردەوە لە بەرامبەر بارودۆخ و پرسەکانی ڕۆژدا، جێگای بە بیرکردنەوە و تێفکرینێکی قووڵ لێژ کردوە و، ئەدەبیاتی ڕواڵەتی بووەتە جێگرەوەی ئەدەبیاتێکی فرەلایەنە و بیرمەندانە. ئەمە دابەزین و داکشانی بواری تێفکرین و وردبوونەوەیە و، کاریگەریی ئەمەیە لەم بازنە زەمانییەدا دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی چۆنیەتیی بەرهەمەکان و؛ لە ئاکامدا ڕاوەستانی ئەم خەڵاتەی لە خولی سێزدەهەمدا لێ دەکەوێتەوە. یەکەمین قوربانیی دابەزینی چۆنیەتیی کتێب، بەردەنگە و بەدوای ئەویشدا تیراژ و ژمارەی کتێب کە بە دەستی ئەدەبیاتی لاوازەوە دەبێتە قوربانی. ئەدەبیاتێک کە لە دوای «بامداد خمار» و لە سەردەمی چاکسازی (اصلاحات)دا پەرە دەستێنێ و، بە ڕواڵەتی گشتپەسەندیی پێشکەوتنخوازەوە هەروەک چاودێرێک لە نێوەڕاستدا ڕادەوەستێ و تەنیا دەبێتە تەماشاوان و چاو بە دووپاتەییدا دەخشێنێ. سەرەڕای ئەوەی کە لە دوای ٢ی جۆزەردانەوە، بەستێنێکی کراوەتر بۆ کاروباری کولتووری دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی گەشەکردن و پتربوونی بەرهەمهێنانی کتێب، بەڵام نێوەرۆک بەرەو لەنێوچوون هەنگاو دەنێ. ئەدەبیاتی نێونجی هەرچەندە لە تێکنیک و دەق و دارشتندا، بەهێزتر لە پێشینانی خۆی [مەبەست کتێبی «بامداد خمار»ە]، خۆ دەردەخا و سەرنجی بڵاوکەرەوەی باشتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بەڵام هەست بە کەلێنێک دەکرێ و؛ ئەمەش هەر هەمان فاکتەرە کە «بامداد خمار»ی کردووەتە بەرهەمێکی پڕبەردەنگ. بەرهەمێک کە لەگەڵ ئەوەی ئیدیعای پێشەنگ بوونی نییە و لەگەڵ هەموو لاوازییەک کە هەیەتی، کەسایەتییەک دەخوڵقێنێ کە بەپێچەوانە ئاراستەی ئاو مەلە دەکا و دەبێتە هۆی تێکشکانی کلیشەی باوی ڕەوایی چینی بێدەرەتان و لاواز. ژنێکی یاخی و سەربزێو کە گەردەلوولێک ساز دەکا و بەپێچەوانەی زڕ و بەدەڵەکانی خۆی، قارەمانێکی ماڵدار نییە و دووپاتەیی ژیانی لە مێشکی خۆیدا دەور ناکاتەوە. قارەمانێک کە هەرچەندە لە کۆتاییدا پەنا دەباتە بەر بەهەشتە باوکسالارییەکەی بەڵام لە بەرامبەر سەرەڕۆدا ڕادەوەستێ، بەجۆرێک کە بەردەنگ لەبیری دەچێتەوە لە بەرەی شایانەدایە؛ هەتا ئەو ڕادەیە کە کەسێک ناچار دەکا لە زمانی «ڕحیم»ەوە «شب شراب» یا سەراب بنووسێ. ئەم یاخیگەرییە لە نموونە زڕ و پێشکەوتووەکانیدا خۆ لە بێبەری و پەسیڤ بوون دەدا کە ئەمەش بۆخۆی لە تایبەتمەندییەکانی نێونجی‌بوونە. بەرهەمگەلێک کە لە لایەکەوە دەیهەوێ دڵی بەردەنگی گشتی ڕاگرێ و لە لایەکی دیکەشەوە دڵی بژاردەکانی کۆمەڵی بە لاوە گرینگە، هەر چیرۆکگەلێکی لێ شین دەبێ کە لە هیچکام لە لایەنەکاندا نییە و دەبێتە ئەدەبیاتێک کەوا ناوی ئەدەبیاتی «ئاپارتمانی» بەخۆوە دەگرێ. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتێرنێت و وێبلاگ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەق و نووسراوەی ئەدەبیاتی نێونجی، هاوئاقار لەگەڵ کەسایەتییەکانی تووشی دووپاتەیی دەبێ و، چۆنیەتی و کوالێتیی بەرهەمەکان بەجۆرێک دادەکشێ کە بەردەنگ لەم شێوە ڕوانینە دوور و دوورتر دەبێتەوە و تیراژ، بە چەشنی ئاوی دەریایەک جار لەگەڵ جار دێتە خوارەوە. دەڵێن ئەوەی کە «هوشنگ گلشیری» بەو شێوەیە باسی لە کتێبی «بامداد خمار» دەکرد (شاباش و لە دەهۆڵ کوتان)، لەبەر فرۆشی کتێبەکە و ئێرەیی پێ بردن بووە، بەڵام وێدەچێ خوڵقێنەری «شازدە احتجاب» دڵەڕاوکێی یەک شتی بوو: ئەوەی کە ئەدەبیاتێک کە لە پێوەندانی تایبەت و گشت بەدی بێ؛ دەبێتە هۆی سڕینەوەی سنوورەکان و لە ئاکامدا لە کیسچوونی هەر دووکیان.

* نووسینی: هادی کەیکاوسی

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:755 6 August 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508483312

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## یادی دوازدە ساڵەی دامەزرانی کوردکاناڵ



ڕۆژی سێشەممە ١٥ی گەلاوێژ لە کۆڕێکی پێشمەرگانەدا کە بە بەشداریی بە بەشداریی چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک لە پێرسۆنێلی ڕاگەیاندنی حیزب بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی دوازدەهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کوردکاناڵ، تەلەڤیزیۆنی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرزڕاگیرا.

لەو کۆڕەدا کاک کەماڵ کەریمی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن لە وتەیەکی کورتدا وێڕای یادکردنەوە لە سەرجەم تێکۆشەرانی بەشی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دامەزراندنی تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ وەکوو دەنگ و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماندوو بوون و ئەرکیان وە ئەستۆ گرتوە، هیممەتی چیایی هەموو ئەوکەسانەی لە دەسپێکەوە تا ئێستا لە کوردکاناڵ تێکۆشانیان هەبووە بەرز نرخاند.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم یادەدا کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەکورتی لەسەر جێگەوپێگەی کوردکاناڵ لە نێو بیروڕای خەڵکی کوردستان قسەی کرد و سپاسی سەرجەم کادرو پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کرد بۆ بەردەوامی و لەسەر پێڕاگرتنی تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە «کوردکاناڵ» ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بە خەمخۆری و پاڵپشتیی تێکۆشەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەوپەڕی بێئیمکاناتیدا کرایەوە و لەماوەی ١٢ ساڵی چالاکیی ئەو کاناڵە ئاسمانییەدا هەوڵی داوە لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بەرنامەی هەبێ و تا ئێستاش لە کارەکانی هەر بەردەوامە.

## پەردەلادان لە کتێبی «چیرۆکی چرۆ»ی تۆفیق ئیبراهیمی لە سنە



لە کۆڕێکی ئەدەبیدا ڕۆژی شەممە ١٢ی گەلاوێژی ٩٨ هەتاوی، لە هۆڵی سینەما بەهمەنی شاری سنە بەڕێوە چوو، بەرهەمی چاپکراوی «چیرۆکی چرۆ» کە بەشێک لە شێعرەکانی شاعیری جواننووس و نەتەوەیی مامۆستا تەوفیق ئیبراهیمیی لەخۆ گرتووە؛ پەردەی لەسەر لادرا.

لەم کۆڕە ئەدەبییەدا چەند کەس لە شارەزایان و نووسەرانی کورد وەک مامۆستایان ڕەحیم لوقمانی، کولسووم عوسمانی، کامبیز کەریمی و سروەی مەجیدی لە سەر ڕەهەندە جیاجیاکانی قەڵەمی مامۆستا تەوفیق ئیبراهیمی بۆ ئامادەبووان قسەیان کرد و بە وردی لایەنە شێعری، حیماسی و کەلامیی بەرهەمەکانی تەوفیق ئیبراهیمی‌یان خستەبەرباس و هەڵسەنگاندنیان بۆ کرد.

لە درێژەی ئەو کۆڕە فەرهەهەنگییەدا مامۆستا تەوفیق ئیبراهیمی چەند پارچە شێعرێکی لە بەرهەمەکانی خۆی خوێندەوە و پاشان هونەرمەندی لاو، یەدێ شاکری چەند ئاوازێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

تەوفیق ئیبراهیمی لە شاعیرانی بەرەی بەرگری و نەتەوەییە کە لە قوناخی هەستیاری ٥٨ی هەتاوییەوە، لە بووژاندنەوەی هەستی شوناسخوازی و پەرەپێدان بە ڕۆحی نەتەوەیی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لە تایبەتمەندییەکانی شیعری تەوفیق ئیبراهیمی دەتوانین بە ئاماژە ڕیتم و ترپەی مووسیقایی و بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕەوان و کەلکوەرگرتنی ژیرانە لە سەروا و درێژەدان بە ژانری «کورتە شێعر» وەکوو هونەرێکی سەخت و جوان ئاماژە بدەین. ئەو شاعیرە نەتەوەییە، ئێستاکە تەمەنی ٦٧ ساڵە و دانیشتووی شاری سنەیە. ناوبراو پاش وازپێهێنان لە کاری حکوومەتی، ڕووی لە پیشەی جۆشکاری کرد و ئێستا چەند ساڵە خانەنشین بووە. خۆی گوتەنی جیا لە خۆشەویستی نیشتمان، ئاواتی وشکبوونی چۆڕاوی خوێنە لە برینەکانی مرۆڤایەتی.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی هاوین لە گوندی «زەردۆیی» پاوە



ڕێوڕەسمی چلەی هاوین لە باخەکانی گوندی زەردۆیی لە ناوچەی باینگان سەر بە شاری پاوە، بە چەندین بڕگەی جیاوازی شوکرانەبژێری بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمی کولتووریی «چلەی هاوین»، دوای دابەزینی گەرما و هەڵگرتنی بەروبوومی باخەکان بەڕێوە دەچێ و بڕگەگەلی جیاوازی وەکوو شانۆ، مۆسیقای کوردی، هەڵپەڕکێ و دابەشکردنی بەرهەمی باخەکان» لەخۆ دەگرێ.

خەڵک لەم ڕێوڕەسمەدا، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەنگامە، ژەندنی مۆسیقای کوردی، ڕێکخستنی ڕەشبەڵەکی کوردەواری و هەڵکردن و هەڵگرتنی ئاگر و دروستکردنی بووکەڵە لە شێوەی ژن و پیاو، شوکرانەبژێریی سروشت دەکەن و هیوا دەخوازن کە سروشت و یەزدان گوندەکەیان لە باران و ئاو و ئاوەدانی بێبەش نەکەن.

لەم ڕێوڕەسمەدا، بەشداربووان بووکەڵەکان دەخەنە نێو چۆم و ڕووبارەکانەوە و بەو شێوەیە سپاسی سروشت و یەزدان دەکەن و داوایان لێ دەکەن کە ساڵی داهاتووش باران و فەڕ و خێر و بەرەکەتیان بەنسیب بکەن و لەگەڵ بارانی بەڕەحمەتیشدا، ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بەسەریاندا برێژن.

مێژوونووسان دەڵێن ڕیشەی ئەم بۆنەیە بۆ سەردەمی «میترایزم» دەگەڕێتەوە.

## سووتانی زیاتر لە ١٥٠ هێکتار لە دارستانەکانی سەردەشت



لە ماوەی دوو ڕۆژدا زیاتر لە ١٥٠ هێکتار لە لێڕەوار و دارستانەکان و بژوێنەکانی ناوچەی سەردەشت لە ئاگردا سووتا.

ئەم ئاگرە بەربڵاوە کە دارستانەکانی «مەلا شێخ»، «شینوێ» و بێزێلێ»ی سەردەشتی گرتبۆوە، دوای دوو ڕۆژ بەهۆی خەڵک و ناوەندە مەدەنییەکانەوە، کۆنترۆڵ کرا. ژینگەپارێزان و شایەتحاڵەکان دەڵێن زیاتر لە ١٥٠ هێکتار لە دارستانەکانی ئەم ناوچەیە سووتاون و زۆرێک لە دار و ئاژەڵە کێوییەکانیش بوون بە قەقنەس.چالاکێکی مەدەنیی سەردەشت لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان» ڕایگەیاند کە بەرپرسان قووڵایی ئەم کارەساتە دەشارنەوە بۆوەی لە بەرپرسایەتیی خۆیان لە ئاست ئەم ڕووداوانە ڕابکەن. وەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بە دەنگ و ویدیۆ بڵاو کراوەتەوە، داوای خەڵک لە بەرپرسانی شاری سەردەشت و بەرپرسانی پارێزگای ورمێ بۆ ناردنی هێلیکۆپتێری ئاگرکوژێنەوە هیچ وەڵامێکی پێ نەدراوەتەوە.

ئاگرگرتنی بەردەوامی دارستانەکان، زیانێکی قەرەبوونەکراوی لە ژینگەی کوردستان داوە و وەک خەڵکی ناوچەکە دەڵێن زۆربەی ئاگرکەوتنەکان دەستی ئانقەستی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی لە پشتە.

## بەر لە ماڵاوایی

# ماڵاواییەک لە پێناو دەسپێکی نوێدا



مەنسوور مروەتی

پتر لە ١٠ ساڵە کە ٢٣ی گەلاوێژ، لەگەڵ ئەوەی بیرهێنانەوەی ڕووداوی تاڵی سێ پێشمەرگەی ئازا و ڕچەشکێنی مەیدانی سەختی بەرگریی چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە؛ هاوکات بە مانای بەبەرداکردنی ڕوحی زیندوویەتی و هەرمان بە پەیکەری خەباتی لەبننەهاتوو، و ڕوووە خۆری سەرکەوتنی ئەم حیزبەیە. بە واتایەکی دی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی دەسپێکێکی نوێ لە نواندنی ئیرادەی پێشمەرگانە و باوەڕی خۆنەویستانەی پۆلێک شۆڕشگێڕی مەیدانی کوردایەتییە کە دواتر بووە ئیلهام سەرچاوەی بڕیاری زۆر لایەنی دی.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی حەفتا بەم لاوە حیزبی دیموکرات لەبەر چەند هۆکارێک لە جەولە و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە نێوخۆی وڵاتدا کەم کردەوە، هەتا ئەوەی لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب بڕیار درا کە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی حیزب دەبێ لە هەموو بوارەکاندا چالاکتر و بەرۆژ بکرێتەوە. یەک لەو بوارانە ئامادەبوون و حوزووری زیاتر و بەربڵاوتری پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستان بوو کە ئومیدێکی زیاتری بۆ درێژەدان بە خەبات خستە نێو دڵی خەڵک و تین و گوڕێکی زیاتری بە بەر خەباتی بەردەوامی حیزب لە ژینگەی سیاسیی خۆیدا کردەوە.

دیارە ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هیچ کات بە دیدێکی تاکڕەهەندی لە سیاسەت و خەباتی نەڕوانیوە و تەنانەت دامەزرانەکەشی هەر بە دەوڵەتداری و بەڕێوەبەریی وڵات دەست پێکردوە بەڵام لە سۆنگەی ژینگەی سیاسی و ئەو بارودۆخەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی تێ کەوتوە، یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم حیزبە بوونی هێزێکی تێکۆشەر و گیانفیدای پێشمەرگە بووە کە بەشێکی زێڕینی لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستاندا بۆ خۆی تۆمار کردوە و هاوکاتیش جێگای هیوا و دڵگەرمیی خەڵک بووە لە پاراستنی وڵات لە دەستدرێژیی داگیرکرانی کوردستاندا. بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین لە هەندێ قۆناغدا ئەوە شریخەی چەکی پێشمەرگە و مەیدانداریی ئەم هێزە پڕ سەروەرییە بووە کە کوردی لە قۆناغی پڕمەترسیی فەوتان ڕزگار کردوە و بۆ قۆناغی بووژانەوە و زیندوومانەوە گواستوویەتەوە.

کەمڕەنگ بوونەوەی حوزووری پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٧٥ بەملاوە وای کردبوو کە کۆماری ئیسلامی دەست بداتە پڕوپاگەندەی ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان لە توانا و چالاکی خستوە و ئاسەواریان نەهێشتوون. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ لایەنی کوردییش چاوی تەماحیان بڕیبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە جۆرێک کە لەو مەیدانە ئامادەکراوەدا ئەوەندەی بۆیان کرا هەوڵی بەلاڕێدا بردنی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتیان دا و، ناحەقمان نەگوتوە کە بڵێین بە غەدر زۆر لە وزەی لاوانی و چالاکانی ڕۆژهەڵاتیان لە سیاسەتەکانی خۆیاندا بەفیڕو دا.

لەوەها کاتێکدا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا جوولەی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا دەست پێبکاتەوە. بڕیارێک کە سەرەتا هەندێ لایەن بە خۆکوژیی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان ناو برد، بەڵام بە پێچەوانەوە زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی خەباتی پێشمەرگانەی لێ کەوتەوە؛ بە جۆرێک کە چەند ساڵ دواتر هێزەکانی دیکەش هەر هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چواردەیەمی خۆی شکاندبووی و بڕیاری لە سەر دابوو.

بووژانەوە و تێکۆشانی زیاتری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە هێنانە ئارای وێژمانی ڕۆژهەڵات مێحوەریەوە گەشەی زیاتری لەگەڵ خۆی هێنا، بە وەڕێخستن و پشتیوانیی زیاتر لە چالاکانی دەروەست و ئازای نێوخۆی وڵات لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستاندا گەیشتە لوتکە، تا ئەو ڕادەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاردانەوەی تونددا و بە پاساوی ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاسایشی و ئەمنیەتی ئەو ڕێژیمەی خستووەتە مەترسییەوە، دوای چەند تەقینەوە و کردەوەی تێرۆریستی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ دواجار ناوەندی سەرکردایەتیی حیزبیان لە ١٧ی خەرمانان و لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیدا دایە بەر مووشەکی بالستیک.

وەک لە سەرەتادا باس کرا، خاڵی دەستپێکی ئەو قۆناغە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە» قۆناغی نوێی خەبات ناوی برد، بێ تێچوو نەبوو. ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ دەستەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات بە فەرماندەیی هەمزە عەبدوڵڵاهی (ناسراو بە هەمزە سارتکەیی) پاش جەولەیەکی سەرکەوتووانە لە ناوچەی سەردەشت کەوتنە کەمینی جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی و پاش بەرگرییەکی ئازایانە، بەداخەوە فەرماندەی ئازا و خۆشەویستی دێموکرات و دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری گیانی پاکیان پێشکەش بە خاکی پیرۆزی کوردستان کرد و ماڵاوایی ئەوان بوو بە دەستپێکی خەباتێکی چڕ و پڕدەسکەوت لە هەموو بوارەکاندا.

شەهید هەمزە سارتکەیی و ئەم پۆلە پێشمەرگەیەی لەم جەولەیەدا لەگەڵی بوون و ئەم کاروانەی لە مانگەکان و ساڵانی دواتری گەلاوێژی ٨٧ درێژەیان هەبوو، سەلماندیان کە دەنگی دلێری حیزبی دێموکرات کپ ناکرێ و هیچ پلان و پیلانێکی نەیارانی دۆزی کورد ناتوانێ هەوڵی پەراوێزخستنی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا بدا.